کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٩ | گوڵانی _١٣٦٨ | مەی_ ١٩٨٩

## سەبارەت بەوەزعی کاری ژنانی قالی باف لە هەوشار

قالی هەوشار لە باش و جوانی و بەدەوامی دا بەناوبانگە. بەڵام رەنجی ئەو بەناو بانگی و باشی و جوانی و بەدەوامی‌یە کی دەی کیشی و کی قازانجی زۆر و زەبەندی دەخوا؟ دەیان هەزارژنی کرێکار، ژنانی بی‌بەش و ستەمکیش، بەرەنجی دەست و پەنجەیان، بە تەحمولی پشت ئیشە و نەمانی سومای چاو و ژاکانی روح و لەشیان ئەو نەقشە رەنگینەو ئەو کردەبەنرخ و بەدەوامە، لەبەن و شریت دەخولقینن و لەبری حەقدەستیکی کەم و کورت، تەختە تەختە دەیدەنە دەست سەرمایەدرانی مفتە خۆر، ئەوسەرمایەدارانە تەنیا بەم بۆنەوە دەبنە خاوەنی ئەوقالی یانە کە سەرمایە دەخەنە کار، دارتەون و بەن و شریت و رەنگ هی ئەوانە و هیزی دەست و میشکی ژنانی کریکاریشی بۆ دەکرن تا بیانکەنە قالی بۆ موعامەلەی پر لە قازانجی بازاری ناوخۆیی ئیران و دەرەوە.

قالی هەوشارزورتر لە شارەکانی تیکاب و زەنجان و تەوریزو تاران دەفروشری.

٤-٣ سال بوو قیمەتی قالی لە بازاری ئیران و جیهاندا شکابوو، شکانی قیمەتی قالی ژمارەیەکی زۆرلەوخانەوادە زەحمەتکیشانەی بەرشکست کردکە هیشتا دارونەداریکیان بودامەزراندنی دارتەون و وەدەست خستنی بەن و شریت و خوری بە دەستەوە مابوو . بەشیك لەم خانەوادانە کە خۆیان بەنی قالی یان دەرست، بەبۆنەی ئەوەوە بەرشکست بوون کە لە چەند سالی رابوردوودا کارگای "نخ ریسی"، بەقیمەتیکی هەرزانتربەنی تەولید دەکرد. ل٧

## کی‌دەبی چارەنووسی فەلەستین دیاری بکا؟

نوزدەهەمین جەلەسەی شوورای میللی فەلەستین لە الجزایر، لە بریارنامەی رۆژی ١٥ی نوامبردا، رەسمەن پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی راگەیاند.

ئەم جەرەیانە پشتیوانی‌یەکی بەرین وهەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شۆڕشگیری خەڵکی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەکان و حیزبە سوسیالیتی‌یەکانەوە لی کرا. دەرك کردنی ئەم عکس العمەلەکە لە روالەت دا یەك ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە. دەولەتە ئەمپریالیستی‌یەکان بۆیە بە پیشوازی ئەم بریارنامەیە و بە گشتی بە پیشوازی سیاسەتەکانی "ساف"ەوە چوون، چونکوو ئەم بریارنامەیە"بەرەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل و"رەت کردنەوەی تروریزم"ی تیدابوو- دوو مەسەلەی کەپاشان لەلایەن سکرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشکراتریش باسی کرا. لە حالیکدا، ئەحزاب و جەرەیاناتی چەپ و دژی ئەمپریالیست ئەم بریارنامەیان وەك وەدی هاتنی داخوازی رەوای خەڵکی فەلەستین بۆ وەدەست هینانی ماڤ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و، وەك سەر- کەوتنی خەباتیان لەدژی ئیسرائیل و ئەمپریالیزمی ئامریکا بە حیساب هینا و بەئەرکی سەرشانی خۆیان زانی کە پشتیوانی لی بکەن. لەراستی دا بریارنامەکە هەولی دابوو لە نیو ئەم دوو واقعییەتەدا پر دیك هەلبەستی.

راستی ئەم مەسەلەیە چونە؟ ئایا راگەیاندنی پیك هینانی دەولەتی فەلەستین و پیشوازی جیهانی لەم بریارنامەیە ویرای هاتنەوە رووی دووبارەی "ساف" نیشانەی سەرکەوتنی پراگماتیزم و دیپلوماسی بورژوایی یە بەسەر ریبازی شۆڕشگیرانەداو، ئایا نیشانەی کارساز بوونی ریبازی هەوەلیانەبۆ وەدەست هینانی داخوازەکانی خەڵکی زەحمەتکیش؟ ئایا ئەم تەسمیمانە خەیانەتن بەئامانجەکانی خەڵکی فەلەستین و دەبی رەت بکرینەوە و بە ناحەزو ناشایست دا بنرین؟ وەیان قەبوولی ماڤ دیاری کردنی چارەنووس بۆ میللەتی فەلەستین و پیویستی دیفاع لە بزووتنەوەی ئازادی خوازەکان حوکم دەکا بی قەیدوشەرت لەم تەسمیمانە پشتیوانی بکری؟ ولام دانەوەی رۆشن و رەپیش گرتنی هەلویستیکی دروست بەرانبەر بەم مەسەلانە چ لە باری ئوسوولی‌یەوە و چ لەبەر ئەهمییەتی سیاسی مەسەلەی فەلەستین، بۆچینی کرێکاری ئێران زۆر گرینگە.

راگەیاندنی پیك هاتنی دەوڵەتی فەلەستین و بەرەسمی ناسران و پیشوازی بەرینی دەوڵەتەکان، حیزبەکان و جەرەیاناتی سیاسی لەم مەسەلەیە، سەرەرای هەموو ئەو تەنگەبەری و موشکیلاتەی کە لەسەر ریگای دامەزرانی واقیعی ئەم دەولەتە هەیە، بۆ بزووتنەوەی میللی فەلەستین بەسەرکەوتنیکی واقیعی دەژمیردری. ئەم سەرکەوتنە بی ئەم لاو ئەولایە نەتیجەی قیامی یەکسالە و قارەمانانەی خەڵکی زەوی‌یەداگیرکراوەکانە. ئەمە "انتفـــــازە" و، بزووتنـــــەوەی جـــــەماوەری ناوچەداگیرکراوەکان بوو کە هیزیکی بزوینەری نوێی بۆ مەسەلەی فەلەستین هینایە مەیدان، دیپلوماسی بین المللی خستە هەول و تەقالایەکی تازە بۆچارەسەر کردنی مەسەلەی فەلەستین وویرای ئەوانەش سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینی لەو شەوەزەنگە دەرکیشا کە تیی چەقیبوو. هەرئەم بزووتنەوە جەماوەری یەبوو کە گیانیکی تازەی بەبەر فکری پیك هینانی دەولەتی فەلەستین دا کردو ئیعتیباریکی واقیعی پی بەخشی. وەسەرەنجام هەرئەم بزووتنەوەیە بوو کەچاوی تەماع تی برین و ئاوات و ئارەزووەکانی دەولەتی ئیسرائیل و بەتایبەت جیناحی راست و مەزهەبی ئەم دەولەتەی بەبادا ونەی هیشت زەوی‌یە داگیرکراوەکانی ساڵی ١٩٦٧ پیش وەك زەوی‌یەزەوت کرا وەکانی سالی ١٩٤٨لە کاتی پیك هاتنی

## قسەوباسی هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە

ئەوەی لیرەدا دەیخویننەوە دەقی پیرۆزبایی و قسەکانی هاوری صدیق کمانگرە کە رۆژی ١٠مانگی گولان بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە لە دەنگی شۆڕشی ئیرانەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە قسەی کرد. "پیشرەو"

هاوری یانی کرێکار

ئەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار و جەژنی یەکیەتی و هاوخەباتی کرێکارانی جیهانتان لی پیروز بی.

بیگۆمان رۆژی کرێکاری ئەمسالیش هەروەکووسالانی پیشوو، گەرەك و خیابانی شارەکانی سەراسەری جیهان دەبیتە مەیدانی نمایشی هیزی یەکگرتووی دەیان و سەدان میلیون کرێکاری وشیار و تیکۆشەر ئەوسالیش کرێکارانی هەموو جیهان بە هەرشیوەیەك بۆیان بکری لە کۆروکۆمەڵ و مەراسمە شکودارەکانیان دا دەنگی دلیری خۆیان لە دژی هەموو رەنج و مەینەتیکی نیزامی سەرمایەداری بەرزدەکەنەوە و بە جەژن گرتنی رۆژی جیهانی کرێکار عەزم و ئیرادەی یەکگرتووی خۆیان بودامەزراندنی جیهانیکی دوور لە هەرچەشنە چەوسانەوە وستەم و هەلاواردنیك نیشان دەدەن.

کرێکارانی ئێران لە حالیکدا ئەم رۆژە جیهانی یە جەژن دەگرن کەنزیك بە ٩مانگە ئاوری شەری ئیران و عیراق کوژاوەتەوە. ئەوشەرە دژی بەشەری‌یەکە کرێکارانی ئێران، بە تایبەت کرێکارانی کوردستان لە بریارنامەکانی رۆژی کرێکاری پارەکەوسالانی رابوردوودا، داواکاری کۆتایی پی هاتنی بی قەیدوشەرتی بوون و نەفرەت و بیزاری خۆیان لە دریژەی ئەم شەرە دەردەبری، ئیستا نزیکەی ٩مانگە تەواو بووە. ئیتر سەرمایەداران و رژیمە ئیسلامی یەکەیان ناتوانن بە بیانووی شەرەوە دەیان هەزار کرێکار لەکارخانە و کارگاکان دەربکەن و سەدان هەزار کرێکار و زەحمەتکیشی ئیران رەوانەی جەبهەکان بکەن و پۆل پۆل بەکوشتیان بدەن، بەلام لە لایەکی‌ترەوە بە پیچەوانەی ئەو هەموو وەعدە و فروفیشا لە کە جمهووری ئیسلامی لە رۆژەکانی سەرەتای کوتایی پی هاتنی شەر دا بۆبەرگری ل٣

## بیانووی"کۆن"لە زمان حیزبی دیموکراتی"تازە"وە

بەتاك کەوتنەوەی سیاسی ئەو حیزبە حاسلی"مەیلی سازشکارانەی سەرانی فراکسیون لە حاست کۆروکۆمەڵە ئەمپریالیستی‌یەکان"،"گرتنە پیشی شیوەی مەسلەحەت خوازانەی جەماعەتی فراکسیون لە حاست ئوپوزیسیونی دژی شۆڕش" و بە تایبەت "خوبەزل زانینی لە رادەبەدەری"ئەو جەماعەتەیە.

بالە پیش دا هەر لەم چوارچیوە گشتی یەدا شیوەی رەخنەگرتنی بەشی انشعابی لە هەلویستی ریبەرایەتی قاسملوو بە کورتی بدەینەبەر لیکولینەوە و دوایەبچینەسەرباسی بوچوونیان بەرانبەربە شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە.

١

رەخنەی بەشی انشعابی لە سیاسەتی ریبەرایەتی قاسملوو (وەبەگشتی سیاسەتی رابوردووی حیزبی دیموکرات ) بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان سەرتاپارە خنەیەکی خەتاپوشانەیە.

چونکە یەکەم: سیاسەتی ملهورانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان بەدریژایی سالانی رابوردوو، وە هەولدانی ئەو حیزبە، بەشیك و نەتیجەیەکی سیاسەتی گشتی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە دیموکراسی لە کوردستان و بەرانبەر بە کرێکاران و کۆمەڵانی خەلك بووەوبەهیچ شیوەیەك لەو سیاسەتە گشتی یەجیا ناکریتەوە، لە حالیك دا بەشی انشعابی بە سادەیی ئەم مەسەلەیە دەخەنە پشت گوێ.

دووهەم: لەقەلەم دانی ئەم سیاسەتە بە حاسلی فلانە"مەیل" و"شیوە و رەوشت" و،"خوبەزل زانین"ی یەك دوو کەس لەرابەرانی حیزب، هیشتا ئەوە روون ناکاتەوە کە خودی ئەم مەیل و رەوشت و خۆبەزل زانینانە سەرچاوەیان لە کۆیدایەو لە خزمەت کام بەرژەوەندوکام سیاسەتی دیاریکراوی حیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی کوردستاندا بوون. ل٤

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی رۆژی کرێکارەوە

هاوری یانی کرێکار!

بە بۆنەی ئەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکارەوە پیرۆزبایی تان لی دەکەین و هاودەنگ لەگەڵ یەکتر دروود دەنیرین بۆ ریزەمەزنەکانی کرێکاران لە هەموو ولاتان گەیشتنی رۆژی کرێکار، لە هەموو جی یەك بانگەوازیکە بۆ ئەوەی کریکاران لە رژەیەکی واحیدو جیهانی دا ریزەکانیان یەکانگیر بکەن، بەبی هیچ سنووریك و فارع لە هەموو جیایی و هەلاواردنیك، هەستی هاوچارەنووسی و ئامانجی هاوبەشی رزگاری‌یان جەژن بگرن، هەموو چەرخەکان راوەستینن و لەهەموو جی‌یەك لە نەزم و جامعەی مەوجوود داوا بکەن کە گوێ بداتە دەنگی ئەم زۆربە هەرە زۆرەی ئینسانەکان و سەربۆ حوکم و داخوازی کرێکاران دانەوینی، رۆژی کرێکار، رۆژی نیشاندانی قودرەتی کرێکارانە لە هەموو جیهان دا و رۆژی راگەیاندنی حوکمی کرێکارانە بەرانبەر بەم نەزمەو بەم هەل و مەرجەی لە کۆمەڵ دا هەیە.

هاوری‌یان!

سالی رابوردوو لەم گۆشەیەی جیهان دا بۆ ئیمە وەزعیکی تازەی پیك هینا. شەری هەشت سالەی دەولەتەکانی کۆتایی پی هات ، موژدەی گەرانەوە بۆ ژیانی ئاسایی کۆمەلایەتی شوورو شەوقیکی تازەی هەلگرساندو ئیعتیرازی قوول و بەرین و رەوای لەدژی هەموو ئەو مەینەت و موسیبەتە کۆمەلایەتی یانە کە لەژیر پەردەی هەل و مەرجی جەنگی دا شاردرابوونەوە، وەگەر خست بە کۆتایی پی هاتنی شەر، ئەو فشار و مەینەتە کۆمەلایەتی یانەی بە بیانووی شەرەوە پاوسادەکران ئیتر بۆ هیچ کەس تەحەمول ناکرین.

ل

## راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە پیك هاتنی کۆنگرەی سیهەم

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، مانگی ریبەندانی ئەمسال، سیهەمین کۆنگرەی خۆی گرت. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەندیك کەمتر لە ٣سال پاش دووهەمین کۆنگرەی حیزبی ئیمە بە بەشداری نوینەرانی تەشکیلاتی جۆراوجۆرەکانی حیزب پیك هات. کۆنگرە پاش ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریگای سوسیالیزم و پاش پەسند کردنی ئیعتیبارنامەی نوینەران و پەسندکردنی ئایین نامەی کاری خۆی چووە سەرباسی مەسەلە سەرەکی‌یەکانی کاری خۆی. کۆنگرە پاش وتاریکی کورتی افتتاحیە چووە سەرباس و لیکولینەوەی گوزارشەکان. گوزارشی مەربووت بە ئال و ۆرە جیهانی یەکانی ئەخیرو مەوقعییەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وەزعییەتی سیاسی ئیران،

ل ٦

## گوزارشیك لە:
## زنجیرە عەمەلیاتی گەورەو سەکەوتوانەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان!

ئیوارەی رۆژی ٥ی مانگی گولان پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنەو گوردانی کاك فوئاد، بەپیی تەرحیکی چەندلایەنە و دەقیقی لە پیشدا دارژاو، لە دەیان مەرکەز و قەرارگای هیزەکانی رژیم تیپەرین و سەعات ٩ی شەو چوونە نیو شاری مەریوان و بەیارمەتی بی دریغی خەلکی تیکۆشەری شار، کونترولی بەشیکی گەورەی ئەم شارەیان بەدەستەوە گرت کەبریتی بوون لە: گەرەکی "بلچەسووری‌یەکان"، گەرەکی "داسیران"، گەرەکی "تازەئاوا"، گەرکی "کۆنەدیو" مەنتەقەی فەرمانداری و خیابانە ئەسلی یەکانی ئەم مەنتەقەیە و چەند شوینی تری شار.

ل٦

دەولەتی ئیسرائیل دا، بەزۆری سەرەنیزە و حکوومەتی نیزامی لە سەر ئەم ناوچانە، بەسازان و بەندوبەستی جیاواز لەگەڵ دەولەتانی عەرەب، فەلەستینی یەکان بخاتە هەلویستی بی هیوایی و ناهومیدی کاملەوەو، دوای دەیان سال زەمانی بەسەرداتی پەری و تەنیا وەك مەسەلەیەکی حقووقی و میژوویی بمینیتەوە.

بەم مانایە بەحەق دەتوانین بلیین ئەم هیزە بزوینەرە و ئەم هیزە واقعییەی کە لەپشت بریارنامەی شوورای میللی فەلەستینەوە هەیە و "ساف"ی بۆ پیك هینانی ئەم دەولەتە هیناوەتە سەر صحنە، بزووتنەوەی یەکسالەی جەماوەری خەڵکی ئەو ناوچەداگیرکراوانەی فەلەستینە کە ئیسرائیل داگیری کردوون.

بەلام ئایا بریارنامەی شوورای میللی فەلەستینیش بەش بەحالی خۆی وەلامیکی شیاوی بەنیازوبەرژەوەندەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی خەڵکی فەلەستین داوەتەوە؟ ئیتر لیرەدا ناکری هەروا سووك و هاسان بلیی بەلی.

بریارنامەی شوورای میللی فەلەستین لەراستی دا دووپەیامی جیاوازی تیدایە و رووی لەدوو لەیەنی پیچەوانەی یەکترە:

لەلایەکەوە ریشەی لەویست و داخوازی خەلکی ناوچەداگیرکراوەکاندایە بۆ وەدەرنانی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەسەلاتی خۆیان و بۆراگەیاندنی پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی تیدەکوشی ئەو نیازەی بزووتنەوەی "انتفازە" کە خوازیاری ئاسویەکی رۆشنی سەرکەوتنە، وەلام بداتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە وەلامی مەیل و مەسلەحەتەکانی ئەمپریالیستەکان و دەولەتە بورژواییەکانی مەنتەقە بۆدا مرکاندنەوەی لایەنە رادیکال و شۆڕشگیرانەکانی بزووتنەوەی فەلەستین و گونجاندنی ئەم بزووتنەوەیە لە نیو چوارچیوەیەکی قابیلی قەبوولی سەرمایە داری جیهانی دا، دەداتەوە. بە هەر حال تا ئەو جیگایەی کە قسەلەسەر کیشەی ولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل وداخوازە ئەرزی یەکانی فەلەستین و ئیسرائیلە، ئەوەی کەلەم بریارنامەیەدا و بە گشتی لەسیاسەتی "ساف" دا تازەیە، نەك پیك هینانی دەولەتی فەلەستین، بەلکوو زیاتر قەبوولی رسمی مەحدوود بوونەوەی قەلەمرەوی ئەم دەولەتەیە بە ناوچەداگیرکراوەکانی لیوارەی رۆژئاوای چومی اردن و باریکەی غەزە، یان بە وتەیەکی تر بەرەسمییەت ناسینی سنوورەکانی دەولەتی ئیسرائیلی پیش سالی ١٩٦٧و، قەبوولی بریارنامەی ٢٤٢ی شووراری ئەمنیەتی سازمانی میلەل و، دەست هەڵگرتنی تەلویحی کیشە ئەرزی یەکانی فەلەستینییەکانە لەسەر زەوی یەکانی سالی ١٩٤٨داو وەلانانی مەنشووری خودی سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینە لەم بارەیەوە.

ئیمە لەگەڵ ئەم تەئییدە موافیق نین کە لیبرال چەپەکانی "دژی ئەمپریالیست" بەقریوە و لەژیر نیوی پشتیوانی لە مافێ دیاری کردنی چارەنووس و پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادی خوازو دژی ئەمپریالیستییەکان دا، دەینینە سەرتەسیمەکانی شوورای میللی فەلەستین، بەلام بە نەزەری ئیمە رەخنە گرتن لە پیك هینانی دەولەتی فەلەستین لەو روانگەیەوە کەبوچی قەلەمرەوی ئەم دەولەتە بەناوچە داگیرکراوەکانی سالی ١٩٦٧مەحدوود کراوەتەوە و بۆچی داخوازەئەرزییەکانی فەلەستین وەلانراون، فری بەسەر رەخنەیەکی سوسیالیستییەوە نیە و لە باشترین حالەتی خۆی دا ناسیونالیزمیکی رادیکال نیشان دەدا رەخنە دەبی لە شوینیکی تربگیری.

تەسمیمی شوورای میللی فەلەستین بی گۆمان مەنشووری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستین هەلدەوشینیتەوە. بەلام ئالترناتیوی جەرەیانیکی سوسیالیستی ئەمرۆی فەلەستین بەهیچ جۆرئەوە نیە کەبگەریتەوە سەر شورشگیریەتی پیشووی ساف و سازمانی الفتح. ئەم دەوریەنەك هەربەزەبروزەنگ وسەرسەختی رژیمی مەزهەبی — رەگەزپەرستی ئیسرائیل بەڵکوو بە حوکمی ئال و گۆرە ئابووری و کۆمەلایەتی یەکانی جامیعەی فەلەستین تی پەریوە وهەول و تەقالا بۆدانانی مەنشووری رابوردووی ساف بەجیگای سیاسەتە بە ئاشکرا بورژواییەکانی ئیستا هەول و تەقالایەکی بیسەرمەر و مەحکووم بەشکستە. چونکوو ئەو بیروباوەرو شعارانەبەیانی پوپولیزم و ناسیونالیزمی دەورانیك لە ژیانی میللەتی فەلەستین بوون و ئیستا نەبورژوازی نەپرولتاریای ئەم میللەتە قازانجی خۆیانی تیدا بەدی ناکەن. بورژوازی پی گەیشتوو ئەم بیروباوەرو شعارانەی وەلاناوە و لەلایەن کریکارانیشەوە نابی هەلگیرین. بۆ بورژوازی زیادە لە ئەندازە رادیکالە و هۆی دەردی سەرەو بۆ کرێکارانیش مەحدوود و ناکافی یەو لەگەل قازانج و ئاسوی چینانیەتی یان یەك ناگریتەوە.

لەهەموو جیگایەك و لەولاتانی ژیر دەسەلاتی ئەمپریالیزم و لەفەلەستینیش "بورژوازی میللی" دەستی لە ئاخرین پاشماوەکانی رادیکالیزمی دژی ئەمپریالیستی هەلگرتووە وپانای بۆ دیپلوماسی و سازان و بەند و بەستی سیاسی بردوە خەریکە خۆی لە چوارچیوەی ئولگووە ئەمپریالیستییەکاندا دەگونجینی وئەمە خۆی نیشانەی ئال و گۆریکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە لەوالتانی ژیر دەسەلاتی ئەمپریالیزم دا ئال و گۆریك کە لەلایەکی دیکەوە بە پیك هینان و شکل پی دانی بەرینی چینی کریکار و بەهینانەمەیدانی ئەم چینەوەك هیزی هەرئال و گۆریکی کۆمەڵایەتی و بنەرەتی و، بەقازانج و ئاسوی جیاوازەوە، ئیدەئولوژی یەکان و بزووتنەوە ناسیونالیستی، پوپولیستی و بورژوا — رادیکالەکانی چەند دەسالی رابوردووی بۆئەو چینە بی ئەندازە بەرتەسك کردوەتەوە و لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندەکانی یەك ناگریتەوە.

کریکارانی شۆڕشگیری فەلەستین دەبی ئالترناتیوی چینایەتی و سەربەخۆیان هەبی، کەوەلامی پیك هینانی دەولەت و مەسەلەی ئاوارە فەلەستینی یەکانیشی تیدا درابیتەوە. ئالترناتیویك کە نەك لەسەر ئەساسی "ژیاندنەوە"ی بەرنامەو سوننەتەکۆنەکانی ساف، بەڵکوو لەسەر ئەساسی بەرنامە و سیاسەت و ئەو ریبازەنۆی یانەدانرابی کە لە قازانج و ئاسوی چینی کرێکارەوە سەر چاوەدەگری.

هەروەها بزووتنەوەی مەوجوودی خەڵکی فەلەستین لە ناوچەدا گیرکراوەکان دەبی ئاسویەکی رۆشن بۆسەر کەوتنی خۆی دیاری بکا. ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچانە لەبەر سەنگ و سووکی ئیستای تەرازووی نیوان هیزەکان ناتوانن رووخاندنی رژیمی ئیسرائیل و بەرپاکردنی دەولەتیکی دیموکراتیك لەسەرتاسەری ئەم ولاتەدا بکەنە هەدەفێ راستەوخۆی ئەمرۆیان کە هەموو دانیشتوانی ئەم ولاتە بەبی لەبەر چاوگرتنی مەزهەبیان بگریتەبەر، نابی لەبەر ئەوە لۆمەوسەرزەنش بکری. حاشای لی ناکری کەئولگوویەکی ئاوا دەیتوانی لەباری پەرەپیدانی ئازادانەیخەباتی چینایەتی، بەهیزکردنی دیموکراتیزم لە مەنتەقەدا، کەم کردنەوەی هۆیەکانی دەخالەتی ئەمپریالیستی و، چارەسەر کردنی کیشەی میللی و مەزهەبییەوە، بە ئاشکرالەوەی ترباشتربی و ناکری وەدی نەهاتنیشی بەپیویستی یەکی میژوویی دابنری، ئەو هۆیانەی کەهەل و مەرج و مەوقعییەتی ئیستایان پیك هیناوە ئەمانەن: وەدواکەوتوویی سیاسی جامیعەی فەلەستین پیش پیك هاتن و دوای پیك هاتنی دەولەتی ئیسرائیل، نەبوون و قەوارە نەگرتنی بنکەو دەزگای واکەدوو لەچاوتی برین و مەبەست و رەقابەت و فەسادی دەولەتانی عەرەب نوینەرایەتی خەلکی فەلەستین لەم دەورەیەدا بکا، بوونی مەسەلەی فەلەستین بەوەسیلەو دەست کایەی ناسیونالیزم و وزال بوونی ناسیونالیزم لەمەیدانی سیاسی فەلەستین دا، ماهییەت و سیاسەتی بورژوایی ساف ولار بوونەوەی رۆژ لە رۆژ زیاتری بەلای راست دا، نەبوونی ئالترناتیویکی رادیکالی سوسیالیستی لە فەلەستین کەبتوانی جەماوەری خەڵك بەدەوری خۆیەوە کۆبکاتەوە ورینوینییان بکا، ئەو زەربە قورسانەی کە دەولەتانی اردن و سووریە لە بزووتنەوەی فەلەستین یان دا، کزولاوازبوونی جەرەیانی سوسیالیستی لە هەموو مەنتەقەدا وجوودی بیروباوەری مەزهەبی و میللی لە نیوان کرێکاران و جەماوەری خەڵکی یەهودی دا، زەبروزەنگ و تروریزمی سیستماتیکی رژیمی ئیسرائیل و پشتیوانی قورس و قایمی ئەمپریالیزمی ئامریکا لەو رژیمە.

لەوەش واوەتر ئەوەیە کەناکری فەلەستینی یەکان ئامانجە میللییەکانیان لەولاتیکی پان و بەرینتردا وەدی بینن. ئەوە چ لەباری ئوسوولی یەوەو چ لە باری عەمەلییەوە نادروست و بی مانایە. ئالترناتیویکی سوسیالیستیش دەتوانی لەهەل و مەرجی نالەبارولەشەرایتیك دا کەتەرازووی نیوان هیزەکان بەقازانجی خۆی نابینی چاوپوشی ئەرزی بکا و لەسەر ئەوەسازش بکا کە قەلەمرەوی جوغرافیایی چەندەبی، بەلام نابی وابیر بکریتەوە کەمەسەلەن ئەمرۆ خواستی ئەستاندنەوەی ئەوزەوییە فەلەستینییەدا گیرکراوانەی کە ئیسرائیل لەسەرەتای بەدەستەو گرتنی دەسەلات و پیك هینانی دەولەتی ئیسرائیلەوە داگیری کردوون، ئەو زەوی یانەی کەبەسەرکوت و دەست بردن بۆ تروریزمیکی لە رادەبەدەر خۆیناوی و بە قیمەتی ئاوارەبوونی سەدان هەزار فەلەستینی زەوت کراون، ریگاچارەی هەرەپیشکەوتووترو رادیکالترە پەرە پیدانی لەرادەبەدەری مەسەلەی میللی و داخوازە میللییەکان، نەلەفەلەستین و نەلەهیچ کویی تر، بزووتنەوەرادیکالترناکاتەوە. رادیکالیزمی واقیعی ئەمرۆی فەلەستین لەوەدایە کە لەمەسەلەی میللی واوەتر بروا.

ئەم مەسەلەیە بۆ کرێکارانی سوسیالیستی فەلەستین نەك بەم شیوانەی سەرووبەڵکوو بەشیوەیەکی تر دیتەگۆر: ئیستا کە موبارەزە بۆ وەدەست هینانی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە گورە، ئیستا کە بزووتنەوەیەکی گەرم و گوروزیندوو بۆ وەدەرنانی داگیرکەران و، پیك هینانی دەولەتی فەلەستین، یانی مەسەلەی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەگورە، کرێکاران دەبی لەهەموو کەس وشیارتر و هەلسووراوترین وبەباشی لەو دەرفەتە کەلك وەرگرن کە میژووی فەلەستین بۆی هیناونەپیش. ئەوچوار چیوەیە کە ئیستا میژوو ناویەتە بەرانبەریان پیك هینانی دەولەتی فەلەستینییە لە زەوییە داگیرکراوەکانی سالی ١٩٦٧ دا، (هەلبەت ئەویش بەهەموو ئەو دژواری یەگەورانەوە کە لە عەمەل دا دیتەسەر ریگای وەدی هاتنی، چونگوو"قەلەمرەوی دەولەتی فەلەستینی"راگەیەندراو لە راستی دا هیشتاش" لە ژیر دەسەلاتی داگیرکەرانەی ئیسرائیل" دایە.) بەلام ناوەروکی چینایەتی ئەم دەولەتە شتیکەکە زیاتر لە لایەن هیزە ناوخۆیی یەکانی خودی فەلەستین و بە پیی تەرازووی نیوان هیزەکان دیاری دەکری و دەبی کرێکاران ئەم"دیاری کردنی چارەنووسە" بە قازانجی شۆڕش و سوسیالیزم حەل بکەن. ئاشکرایە ساف نەدەیەوی و نەدەتوانی وەسیلەی ئەم دیاری کردنی چارەنووسەبی.

پیویستە بزانری ئەوەی کە راگەیاندنی پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی لە زەوییە داگیرکراوەکاندا لە لایەن سافەوە مومکین کردوە و پشتیوانی جەماوەری بۆ ئەو داخوازانە هەلخراندوە، ریك ئەم واقعییەتەیە کە ریبەرایەتی بورژوایی ساف لەگەڵ جەماوەری راپەریوی لیوارەی رۆژئاوا وغزە، سەرەرای ئەوەی کە هەر کامیان بۆچوونیکی جیاوازیان هەیە، لە جیگایك دا پیك دەگەنەوە و خالیکی هاوبەشیان هەیە: یەکیان نەدەیەوی و نەدەتوانی لەوە زیاتر باری گرانی ئەرکی سەرشانی ناسیونالیزم و داخوازەمیژووییەکانی فەلەستین، بەهیوای پووچی پشتیوانی و لاتە عەرەبییەکان بەدوای خۆی دابکیشی، بەڵکوو داوای داهاتووی رۆشن و دیاری کراوی خۆی دەکا و ئەم داهاتووەش لەرزگار بوونی زەوییە داگیرکراوەکان لە چنگ ئیسرائیل و لەپیك هینانی دەولەتیکی خودی لە ناوچەداگیرکراوەکاندا بەدی دەکا.

ئەوی تریشیان قەبوول کرانی خۆی لە باشگای دەولەتە بورژوایی یەکاندا لەوەدا دەبیینی کە سنوورومەرزکانی نیوانیان قەبوول بکا و ریگای سازان لەگەڵ ئەمپریالیزم و بەشداری کردن لە موسابەقەی راکیشانی نەزەری ئامریکا بولای خۆی رەچاوبکا. زەحمەتکیشانی ناوچەداگیرکراوەکان و ساف هەرتکیان "واقیع بین" بوون، بەلام بەدوومانای جیاواز، هەرتکیان لە رابوردووی هاوبەشیان دوورکەوتوونەوە. ئەوەی کە ساف دەتوانی لەگەرمەی بەرەو پیش چوونی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ناوچەداگیرکراوەکاندا قسەلەبەرەسمی ناسینی ئیسرائیل بکا، هەردەگەریتەوە سەر ئەم خالە هاوبەشەی کە ساف و "انتقازە" لەویدا پیك دەگەنەوە.

ئەمە لەبارەی تروریزمیشەوە هەروایە رەت کردنەوەی ترویزم بۆ ساف نیوی رەمزیکە بۆ دەست هەلگرتن لە شۆڕشگیریەتی ورەپیش گرتنی دیپلوماسی. بەلام بۆ نەسلی تازە پی گەیشتووی کرێکاری فەلەستینی لەراستیش دا عەمەلیاتی ناوهومیدانەی تروریستی موشکیلات و دەردەکانی چار ناکا. ئەو، بەبزووتنەوەی جەماوەری بەهیزی، بەخوپیشاندانی بەرین، بە مانگرتنی دریژخایەتن، بەکاری ریکخراو و خەباتی سازماندراو لە دژی ئیسرائیل، ریباز و شیوەی موبارەزی خۆی هیناوەتە سەرشانوکەهەم لە باری مەعنەوەی یەوە و هەم لەباری عەمەلی یەوە بەتەواوی لە شیوە عەمەلیاتی تروریستی باشترە. بەبەیانیکی تر ئەویش "بەشیوەی خۆی" تروریزمی رەت کردوەتەوە، زۆر لەوەش بەهیز و تواناتر کەسازمانی ئەمنیەت و جاسووسی ئیسرائیل یان دام و دەزگا تەبلیغاتییە ئەمپریالیستییەکان هەرگیزتوانیبیتیان.

کەوایە هەموو هۆنەری ساف، ئەو هونەرەی کەئیمکانی پیداوە لە روانگەی جەماوەری ناوچەداگیرکراوەکانەوە وەك نوینەری رەسمی خەڵکی فەلەستین بمینیتەوە و لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانی لی بکری، بیجگە لەو دەورونەقشە لە میژینەی کە وەك نوینەری سوننەتی بزووتنەوەی فەلەستین بوویەتی، لەوەدایە کە ویست و داخوازەکانی زەحمەتکیشانی ناوچەداگیرکراوەکانی دەرك کردوە و لە هەمان کات دا ئەم ویست و داخوازانەی بەزمانیکی موناسبی مەسلەحەتەکانی بورژوایی بەیان کردوە. ساف هەولی داوە لە نیوان شۆڕشی زەحمەتکیشانی فەلەستینی و مەسلەحەتی ئەمپریالیزم و بورژوازی مەنتەقەدا پردیك هەلبەستی. سیاسەتی شوورای میللی فەلەستین و ساف رەنگ دانەوەی ویست و داخوازی جەماوەری راپەریوە، بەلام بەشیوەی گوراووتەحریف کراوەکەی.

کەوا بی ئەگەر هەرواتەئییدکردنی دەوڵەتی راگەیەندراوی فەلەستین و ساف، بەم جۆرەی کە لە نیو تەیفی سازمانە توودەییەکاندا باوە، مانای لیبرالیزمی سیاسی و ناسیونالیزمەو فری بەسر هەلویست گرتنیکی مارکسیستی و چینایەتییەوە نیە، مەحکووم کردنی هەر جۆرە سازشیکش لەسەر قەلەمرەوی دەولەتی فەلەستین ورازی بوون و پیك هینانی ئەم دەولەتە لەزەوییەداگیراوەکاندا، لەژیر نیوی خەیانەت بە ئامانجی فەلەستین دا، جگە لە ناسیونالیزم بە زمانی چەپ هیچیتر نیەو وەك رادیکالیزمیکی زاهیری، ئاسو لە بزووتنەوەی جەماوەری واقیعی ومەوجوود ون دەکا موخالەفەت کردن لەگەڵ هەرجۆرە هەقی مەوجوودیەتیکی دەولەتی بۆیە هوودییەکانی فەلەستینیش، لە روانگەی دژی یەهوودی گەری، کۆنەپەرستی ئیسلامی وەیان کۆنەپەرستی قەومی عەرەبەوە بە بەجیی خۆی.

لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا ئیمە مافێ میللەتی فەلەستین و خەباتی ئەم میللەتە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و پیك هینانی دەولەتی خۆی پشتیوانی دەکەین ئیمە بەتایبەت لە بزووتنەوەی"انتفازە" پشتیوانی دەکەین ئیمە ماف خەلکی فەلەستین بۆئەوەی کە خۆیان نوینەری خۆیان دیاری بکەن بەرەسمی دەناسین و، هەول وتەقەلای ئامریکاو ئیسرائیل بۆ تەگەرەخستنەسەر ریگای قەبوولی ساف یان هەرجەرەیانیکی تر کە خەڵکی فەلەستین لەداهاتوودا دیاری بکەن و، هەروەها هەر هەول و تەقالایەکی ئامریکا و ئیسرائیل کەبیانەوی نۆینەر بۆ خەڵکی فەلەستین داتاشن تا حاسلی خاباتیان بەقیمەتیکی هەرچی هەرزانتر لەکرین بی، وەك تەحمیلیکی ئەمپریالیستی مەحکووم دەکەین.

لەهەمان کات دا ئیمە لە ئالترناتیوی کرێکاری و سوسیالیستی لە فەلەستین پیشتیوانی دەکەین و مادام ئەم ئالترناتیوە نیە، لە تیکۆشان بۆ پیك هینانی ئەم ئالترناتیوە پشتیوانی دەکەین هەل و مەرجی جامیعەی فەلەستین ئەمە مومکین دەکا و لەهەمان کات دا دەیکاتە پیویستی

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٩ | گولانی _١٣٦٨ | مەی_ ١٩٨٩

پێشڕەو

یەك و پایەی مادی وواقیعی بە قەوارە گرتنی ئالترناتیو یکی ئاوادەبەخشی بزووتنەوەی جەماوەری یەکسالەی رابوردوو نیشانی داوە وەزعیەت وا هەیەکە کرێکاری کۆمۆنیستی فەلەستینی هەرلە ئیستاوە هەموو هیزی خۆی بۆئەم مەبەستە بخاتە گەر و ئەم ئالترناتیوە، بە وشیوەیەکە لەوانەیە کەسانیکی زۆرهانی بدەن، نەخاتە پاش وەدەست هینانیماف دیاری کردنی چارەنووس کرێکاری کۆمۆنیستی فەلەستینی دەبی ئەم موبارەزەیە هاوکات لەگەڵ خەباتی گەرم و گۆڕلەدژی داگیرکەری ئیسرائیل، بێسێ و دوو لێ کردن و بێ چاوپوشی بەرەوپیش بەری.

ئیمە لەهەر رادەیەك لەسەر بەخۆیی کرێکاری لە بزووتنەوەی فەلەستین داو، لەهەرویستیکی کرێکارانی فەلەستین کە داوای بەشیکی زیاتر لە دەسەلاتی سیاسی دا هاتوو یان لە باشترین حالەتی خۆی دا بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی دەولەتی داهاتوو لە فەلەستین دابکا، پشتیوانی دەکەین. لەهەمان کات دا ئیمەوەدی هاتنی ئەو دەولەتە رراگەیندراوەی فەلەستینیش بەقازانج و بەهەنگاویك بۆ پیشەوە دەزانین، چونکوو بەگشتی سەرکەوتنی خەباتیکی حەقخوازانەی جەماوەری یە بولابردنی ستەمی میللی، زەربەلە ئیسرائیل و قەدەرقودرەتی ئیسرائیل دەدا لە مەنقەقەدا، ئیمکانی ئەوەپیك دینی کە فەلەستین وەك وەسیلەیەك بۆ کەلك لی وەرگرتن و سازان و بەندوبەست لە دەست ناسیونالیزمی عەرەب بیتەدەر، وەلەنەتیجەدا بە هاتنە گۆری ئاشکراتری مەسەلەبنەرەتی یە کۆمەلایەتییەکان و خەباتی چینایەتی لە دنیای عەرەب و بگرە لە ئیسرائیلیش دا کۆمەل دەکا.

بەلام دەسبەجی وەبیر دینینەوە کە سەربە خۆیی فەلەستین لە ژیر رابەری جەرەیانیکی کرێکاری سوسیالیستی دا، تەنانەت ئەگەر هەر لەم روانگەدیاری کراوەشەوە چاوی لی بکری، هەزاربەرابەر باشتر هەموو ئەم نەتیجانە، بە باشترین و قوول ترین شیوەی خۆی وەدی دینی .

بی گومان بەرەسمی ناسینی ماف میللەتیك بۆ هەلبژاردنی نوینەری خۆی، هەنگاوی یەکەمی بەرەسمی ناسینی ماف دیاری کردنی چارنووس بۆ ئەومیللەتەیە و فەلەستینی یەکانیش هەقی ئەم هەلبژاردنەیان هەیە.بەلام ئیمە بەرانبەر بەم هەلبژاردنە بی لایەن نین، ئەگەر چەپی سوننەتی و دژی ئەمپریالیست و، لە ماهییەت دا ناسیونالیست، تەئییدی ماف دیاری کردنی چارەنووس و بە پیی ئەوەش تەئییدی دەولەتی راگەیەندراوی ئیستای فەلەستین بە کاف دەزانی، نە کریکاریی فەلەستینی و نە ئیمە هاوخەباتە چینایەتی‌یەکانیان لە ئیران، ناتوانین خۆمان بەمەمەحدوود کەینەوە. لەروانگەی ئیمەوە چارەنووسی فەلەستین دەبی لە لایەن کرێکار و زەحمەتکیشی فەلەستینی‌یەوە و بەقازانجی ئەو دیاری بکری.

خولقینەری ئیمکانی واقیعی پیك هاتنیدەولەتی فەلەستین،کرێکاران و زەحمەتکیشانی فەلەستینن. ئەی بۆچی پیك هینەرانی عەمەلی ئەم قودرەتە سیاسی‌یە ناوەروکی کۆمەلایەتی و سیاسەتەکانیشی نەبن؟ ئەمە بەشی واقیعی ئەوانە: کرێکارو زەحمەتکیشی فەلەستینی نابی هەربەوەرازی بی کەدەولەتی داهاتووی فەلەستین بخولقینی و پاشان ببیتە"وەرەقیك" کە کەسانی تر چارەنووسی فەلەستینی پی دیاری دەکەن، بەلکوو دەبی خۆی عامیلیك بی کەچارەنووسی خۆی لەسەر ئەساسی قازانج و بەرژەوەندی رەوای دیاری دەکا.

هیزە بزوینەرەنوی یەکانی فەلەستین کەشۆڕشی ئیستای فەلەستین و لەنەتیجەش دا گەلالەی دەولەتی فەلەستینیان خولقاند، دەبی بۆ قەوارەپیدانی دەسەلاتی سیاسی داهاتووی فەلەستین و خەسلەتی ئەم دەولەتەوەك نوینەری کرێکاروزەحمەتکیشی فەلەستینیش بینە مەیدان و نەك هەر بۆ بەدەست هینانی مافە میللی یەکان و، کۆتایی پی هینانی ژیر دەستەیی میللی و ستەمگەری رەگەز پەرستانەی ئیسرائیلی، بەللکوو بۆقەرارەبەخشین بەهەمووژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی فەلەستینی دا هاتوو بەپیی ئەلگووی کرێکارانی سوسیالیست چارەنووسی جامیعەی فەلەستین دیاری بکەن.

تەنیا لەم حالەتەدایە کە حاسلی خەباتی خەلکی فەلەستین هەر بە پیك هینانی ولاتیکی نوێ مەحدوود نابیتەوە کەدوای کۆتایی پی هاتنی قریوەی سەرکەوتنی گشتی و میللی، جەماوەری زەحمەتکیش دیسانیش خۆیانی تیدا بە چەوساوە و ژیر دەستە ببیننەوە و ببنەوە کەسانیك کە حکوومەتیان بەسەردا دەکری.

فەلەستینی یەکان لەهەل و مەرجیکی وادان کە ناچارنین تەجرەبەی ولاتی میوانداری کۆنفرانس یانی الجزایر دووپات کەنەوە. ولاتیك کە ٢٠ سال پاش گرتنی جەژنی سەرکەوتنی سەربەخۆیی میللی، شاهیدی یاخی بوون و قیامی لە خۆین وەردراوی جەماوەری زەحمەتکیش و دەست تەنگە لەدژی هاورییان و رابەرانی خۆشەویستی دوینی یانی بەرەی ئازادیبەخش. کرێکارانی فەلەستینی هەر لە ئیستاوە و پیش ئەوەی تەجرەبەی تال و تفتی دا هاتوو تیپەرکەن و ژانی ناکامی وەخۆیان بینیتەوەو چاویان بکاتەوە، دەبی بەوشیاری و بەریکخراوی چینایەتی یان چارەنووسی خۆیان و لەم ریگایەشەوە چارەنووسی جامیعەی فەلەستینیش دیاری بکەن. واقعییەتەکان ئەوە دەسەلمینن کە زەمینەی عەینی بۆ خەباتیکی ئاوا وجوودی هەیە.

عبدالله مهتدی

وەرگیر: محمد مصری

وەرگیردرا و لەگوڤار "کمونیست"ژمارە ٤٧-٤٦

# قسەوباسی هاوری صدیق کمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە
## بە بۆنەی رۆژی کریکارەوە

ئەوەی لیرەدا دەیخویننەوە دەقی پیرۆزبایی و قسەکانی هاوری صدیق کمانگرە کە رۆژی ١٠مانگی گولان بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە قسەی کرد. "پیشرەو"

هاوری یانی کرێکار

ئەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار و جەژنی یەکیەتی و هاوخەباتی کرێکارانی جیهانتان لی پیروز بی.

بیگومان رۆژی کرێکاری ئەمسالیش هەروەکووسالانی پیشوو، گەرەك و خیابانی شارەکانی سەراسەری جیهان دەبیتە مەیدانی نمایشی هیزی یەکگرتووی دەیان و سەدان میلیون کرێکاری وشیار و تیکۆشەر ئەوسالیش کرێکارانی هەموو جیهان بە هەرشیوەیەك بۆیان بکری لە کۆروکۆمەڵ و مەراسمە شکودارەکانیان دا دەنگی دلیری خۆیان لە دژی هەموو رەنج و مەینەتیکی نیزامی سەرمایەداری بەرزدەکەنەوە و بە جەژن گرتنی رۆژی جیهانی کرێکار عەزم و ئیرادەی یەکگرتووی خۆیان بودامەزراندنی جیهانیکی دوور لە هەرچەشنە چەوسانەوە وستەم و هەلاواردنیك نیشان دەدەن.

کرێکارانی ئێران لە حالیکدا ئەم رۆژە جیهانی یە جەژن دەگرن کەنزیك بە ٩مانگە ئاوری شەری ئیران و عیراق کوژاوەتەوە. ئەوشەرە دژی بەشەری‌یەکە کرێکارانی ئێران، بە تایبەت کرێکارانی کوردستان لە بریارنامەکانی رۆژی کرێکاری پارەکەوسالانی رابوردوودا، داواکاری کۆتایی پی هاتنی بی قەیدوشەرتی بوون و نەفرەت و بیزاری خۆیان لە دریژەی ئەم شەرە دەردەبری، ئیستا نزیکەی ٩مانگە تەواو بووە. ئیتر سەرمایەداران و رژیمە ئیسلامی یەکەیان ناتوانن بە بیانووی شەرەوە دەیان هەزار کرێکار لەکارخانە و کارگاکان دەربکەن و سەدان هەزار کرێکار و زەحمەتکیشی ئیران رەوانەی جەبهەکان بکەن و پۆل پۆل بەکوشتیان بدەن، بەلام لە لایەکیترەوە بە پیچەوانەی ئەو هەموو وەعدە و فروفیشا لە کە جمهووری ئیسلامی لە رۆژەکانی سەرەتای کوتایی پی هاتنی شەر دا بۆبەرگری لە تەقینەی رق و توورەیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیشی ئێران، هەلی دەرشت نە تەنیا هیچ ئال و گۆریك لەو وەزعییەتی ژیان و گوزەرانی جەماوەری چەوساوەی ئەم ولاتە دا پیك نەهات بەڵکوو لەپال رۆژ لە رۆژ زیاتر بوونی فەقیری و گرانی و بیکاری، شەپولیك لەسەرکوت و خەفەقان لە لایەن رژیمەوە کەوتەری. رژیم هەموو هیزوقودرەتی سەرکوتگەرانەی هینایە مەیدان بۆئەوەی هەر دەنگیکی حەقخوازانە لە گەرووی جەماوەری دا بخنکینی. هیرشی بی رەحمانە بۆسەرکار و ژیانی کۆمەلانی کرێکارو دەس تەنگ و، گرانی و نەبوونی و کەم بوونی پیداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان، ئیعدامی جینایەتکارانەی هەزاران ئینسانی تیکۆشەر و موعتەریز، بەردەوام بوونی خەفەقان و سەرکوتی سیاسی و نیزامی لە کوردستان و بەردەوام بوونی شەری زدی انقلابی لە دژی گەلی کورد، ئەمانە دیاری سەرمایەداران و رژیمەئیسلامی‌یەکەیان بوون بۆ کۆمەلانی کرێکاری ئێران لە سالی رابوردوودا. هەموو ئەمانە ئیدامەی سیاسەتی دژی کرێکاری و دژی ئینسانی رژیمیك بوون کە هەر لە سەرەتاوە سەرکوتی شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێرانی لەسەرووی هەموو ئەرکەکانی خۆی داناوە. بەلام ئەگەر دەسال خەفەقان و کوشتار، ٨سال شەری جینایەتکارانەو کۆشتار، ٨سال شەری جینایەتکارانەو کۆنەپەرستانە توانیویەتی ئەم حکوومەتە و نیزامەسەرمایەداری‌یەکەی لەگیژاوی ئەو بۆحرانە قوولە سیاسی و ئیقتیسادی‌یە کەبەروکی پی گرتوون نەجات بدا، ئەم جارەش دەتوانن خۆیان لەم بوارەحاستەمەدەر بازبکەن رووداوەکانی ئەم ٩مانگەی پاش کوتایی پی هاتنی شەرنیشان دەدا کە جمهووری ئیسلامی هەرچەندە شەپولی کوشتارو ئیعدام و سەرکوت و خەفەقان بخاتەری، ناتوانی دەنگی کۆمەلانی کرێکار روزەحمەتکیشی وەخەبەرهاتوو لەگەروودا بخنکینی ئەگەر ئەمرۆ لە ژیر بەرقی سەرنیزە و لەسایەی زیندان و کۆشتار و شکەنجەدا توانیویەتی بۆ ماوەیەك بەر بەتەقینەوەی ئیعتیرازی جەماوەری کرێکار و دەس تەنگ بگری، ئەگەر ئەمرۆ لە نیو فەزای تەرس و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی دا ئەم هیزە گەورە جەماوەری یە رق و توورەیی خۆی دەخواتەوە و لیو دەکروژی و ئیعتیرازی بەرینی خۆی ئاشکرا ناکا، سبەی رۆژ، ئەوکاتەی وەك هیزیکی یەکگرتوو و ریکخراو دیتە مەیدان، نیزامی گەندەلی سەرمایەداری بەرژیمی جمهووری ئیسلامی و هەموودام و دەزگای ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی‌یەکەیەوە تەفرو توونادەکا و دەیان خاتە زبلدانی تاریخەوە. ئەوکات کرێکاری وشیار و کۆمۆنیست حکوومەتی چینایەتی خۆی بەرپا دەکا و دنیایەکی شیاوی ئینسانی ئازاد و بەرابەربنیات دەنی. جەژن و مەراسمی رۆژی کرێکاری پارەکە وسالانی پیشتر نیشانەو سەمبولی ئەم هیزەیە کگرتووە جەماوەری یە بوون.

کرێکارانی کوردستان لە دەسالی رابوردوودا ویرای ئەوەی کە بە بەشداری چالاکانەیان لە مەیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەو جەماوەری دا لە دژی رژیمی جمهووری ئیسلامی گەلیك قارەمانەتی یان خولقاندوە، بەبەرپاکردنی جەژن مەراسمی رۆژی کرێکار و هەل برینی دەنگی دلیرویەکگرتووی خۆیان موژدەی هاتنە مەیدانی هیزیکی تازەی چینایەتی یان بیگومان رۆژی کرێکاری ئەمسالیش، رۆژی نیشاندانی هیزی یەکگرتووی چینی کرێکاری وشیاروشۆڕشگیری کوردستانە.

کرێکارانی کوردستان!

رۆژی١١ی گولان، رۆژی جیهانی کرێکار فورسەتیکی تری هەتا جاریکی تر بە هینانەمەیدانی هیزی یەکگرتووی چینایەتیمان بە هەموو سەرمایەداران و دەولەتەکانیان نیشان بدەین کە ئیستا ئیتر کرێکاری وشیاری کورد ئەو هیزە بەرینە چینایەتی یەیە کە نەك تەنیا ناکری مەوجوودییەتی حاشای لی بکری و داخوازە سیاسی و ئیقتیسادی یەکانی بخریتنە پشت گوێ، نەتەنیا ئیتر برسیەتی و فەقیری و بیکاری قەبوول ناکا و بەهیزی یەکگرتووی خۆی حەقی خوراوی لە گەرووی سەرمایەدار وخاوەن سەروەتە کۆنەپەرست وچاوچنوکەکان دەردینی، بەلکوو هەروەك هەتا ئیستا نیشانی داوە هیچ ئال و گۆریکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستاندا بە بی بەشداری ئەو چینە ناتوانی بە سەرەنجام بگا. رۆژی ئەوەلی مانگی مەی بەتەعتیل کردنی کار، بەبەرپا کردنی کۆبوونەوە و میتینگ و راپەیمایی و بە بەرپا کردنی مەراسم و جەژن بەهەرچەشنیك کە بۆتان دەکری، ویرای ریزگرتن لەم جەژنە پیروزە جیهانی یە، ویرای دەربرینی هاوودەنگی و هاوخەباتی خۆتان لەگەڵ کرێکارانی ئیران و جیهان، کووچەوکولان و خیابانەکانی کوردستان بکەنە مەیدانی نمایشی هیزی کرێکارانی و شیار و تیکۆشەر بە تەعتیل کردنی کار و بەبەرپاکردنی جەژن و مەراسمی گەورە و یەکپارچەنیشان بدەن کەشیشەی عومری سەرمایەداری لە دەستی ئیوە دایە و ئەگەر ئیوە ئیرادە بکەن چەرخی تەولید لەکار دەکەوی و عومری ئەم نیزامە زالمانەیە تەواو دەبی. لە رۆژی ١١ی گولانی ئەمسالیش دا دەبی وەکوو سالانی پیشتر دەنگی دلیری خۆتان لە دژی چەوسانەوەو چەشنە ستەم و هەلاواردنیك بەرز کەنەوە. لەبریارنامەکانی خۆتان دا داواکاری ئەوەبن هەموو خەسارەتیك کەبەدریژایی ٨سال شەری کونەپەرستانە لە کومەلانی کرێکار و زەحمەتکیش کەوتوە جۆبران کریتەوە داواکاری گەرانەوەی کرێکارانی دەرکرا و بۆسەرکارەکانیانن، بیمەی بیکاری بۆهەموو کرێکاریکی بیکار، بەرەسمی ناسینی حەقی مانگرتن و ریکخراوبوون و پیك هینانی ریکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری بن. داواکاری ئەوەبن هەرچەشنە ستەم و هەلاواردنیك لە سەر ژنان هەلگیری رق و بیزاری خۆتان لە دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دەربرن و داواکاری چوونەدەری هیزەداگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بن.

بیگومان جمهووری ئیسلامی ئیستا وەزعی لە وشپرزەترە کە بتوانی لەبەرانبەر ویست وئیرادەی یەکگرتووی ئیوەدا موقاومەت بکاو بەناچار لە بەرانبەر هیزی یەکگرتووی و ریکخراوی ئیوەدا پاشەکشە دەکا . کۆمەلانی شەرافەتمەند و ئازدیخوازی کوردستان،

ژنان و پیاوانی شۆڕشگیر!

جەژنی رۆژی کرێکار جەژنی هەموو چەوساوەکان و مەحروومانە بەشداری هەمەلایەنەی ئیوە لەم جەژنە پیروزەدا و هەرچی شکودارتر بەریوە چوونی جەژنی ئەوە لی مانگی مەی، جەژنی جیهانی کرێکار، نیشانەی رادەی وشیاری و لەسەروە بوونی ورەی شۆڕشگیرانەی ئیوەیە، کەبەبەشداری بی‌دریغ و هەمەلایەنەتان لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستاندا ترسی مەرگتان خستوەتە گیانی رژیمی کۆنەپەرست و داگیرکەری جمهووری ئیسلامی، ئیستاش بەبەشداری لە جەژنەکانی رۆژی کرێکاردا و بەپشتیوانی لەکرێکارانی وشیاری کوردستان بۆ بەریوەبردنی ئەم جەژنە جیهانی یەمان جاریکی‌تر نیشان بدەن کە کوردستان سەنگەری لەشکان نەهاتووی شۆڕشی ئیرانەو جمهووری ئیسلامی لەنیو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا هیچ جیگایەکی نیە. جاریکی تر بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە پیروزبایی‌تان لی دەکەین و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

بژی رۆژی کرێکار

بژی هاوخەباتی جیهانی چینی کرێکار

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

# بیانووی"کۆن"لە زمان حیزبی دیموکراتی"تازە"وە

بەتاك کەوتنەوەی سیاسی ئەو حیزبە حاسلی"مەیلی سازشکارانەی سەرانی فراکسیون لە حاست کۆروکۆمەڵە ئەمپریالیستی‌یەکان"، "گرتنە پیشی شیوەی مەسلەحەت خوازانەی جەماعەتی فراکسیون لە حاست ئۆپوزیسیونی دژی شۆڕش" و بە تایبەت "خوبەزل زانینی لە رادەبەدەری"ئەو جەماعەتەیە.

بالە پیش دا هەر لەم چوارچیوە گشتی یەدا شیوەی رەخنەگرتنی بەشی انشعابی لە هەلویستی ریبەرایەتی قاسملوو بە کورتی بدەینەبەر لیکولینەوە و دوایەبچینەسەرباسی بوچوونیان بەرانبەربە شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە.

١

رەخنەی بەشی انشعابی لە سیاسەتی ریبەرایەتی قاسملوو (وەبەگشتی سیاسەتی رابوردووی حیزبی دیموکرات ) بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان سەرتاپارە خنەیەکی خەتاپوشانەیە.

چونکە یەکەم: سیاسەتی ملهورانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان بەدریژایی سالانی رابوردوو، وە هەولدانی ئەو حیزبە، بەشیك و نەتیجەیەکی سیاسەتی گشتی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە دیموکراسی لە کوردستان و بەرانبەر بە کرێکاران و کۆمەڵانی خەلك بووەوبەهیچ شیوەیەك لەو سیاسەتە گشتی یەجیا ناکریتەوە، لە حالیك دا بەشی انشعابی بە سادەیی ئەم مەسەلەیە دەخەنە پشت گوی. دووهەم: لەقەلەم دانی ئەم سیاسەتە بە حاسلی فلانە"مەیل" و"شیوە و رەوشت" و،"خوبەزل زانین"ی یەك دوو کەس لەرابەرانی حیزب، هیشتا ئەوە روون ناکاتەوە کە خودی ئەم مەیل و رەوشت و خۆبەزل زانینانە سەرچاوەیان لە کویدایەو لە خزمەت کام بەرژەوەندوکام سیاسەتی دیاریکراوی حیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی کوردستاندا بوون.

ئەمرۆ لە کوردستان تەقریبەن هەموو کۆمەلانی تیکۆشەری خەڵك لەوە گەیشتوون کە سیاسەتی دژی دیموکراتیك و دژی زەحمەتکیشی حیزبی دیموکرات پایە و بناغەی تەمایولاتی سازشکارانەی ئەو حیزبەیە لە حاست جمهووری ئیسلامی و هەروەها لە حاست ئۆپوزیسیونی بورژوایی ئەورژیمە وباقی هیزە بورژوایی و ئەمپریالیستی‌یەکان.

پی شیل کردنی هەموو رۆژەی مافە سەرەتایی‌یەکانی زەحمەتکیشانی کوردستان (لە هەرجیگایەك کە ئەو حیزبە لە دەستی هاتبی ) کۆشتاری پیشمەرگەکانی سازمانی "پیکار" لە مقەرەکەیاندا لە شاری بۆکان (مانگی رەشەمەی سالی ٥٩)، ساز کردنی موزاحەمەتی بەردەوام لە سەرریگای تیکۆشانی سیاسی و نزامی گورووهە سیاسی‌یەکان، گرتنە پیشی سیاسەتی سازان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی، چوونە نیو شوورای میللی موقاومەت و لە سەردەمیکی تردا هاتنە دەر لە وشوورایە دیسان بە تەمای خۆکۆتان بەرەوجمهووری ئیسلامی، پەرەپیدانی پیلانی چەکدارانە لە دژی کۆمەڵە هەتا ئەوەی کردیە شەریکی سەراسەری و تەواو عەیار ئەمانە رووداوی جیاجیا نەبوون کە گۆیا بە دەلیلی وجوودی فلانە تەمایولات و رەوشت و خۆبەزل زانینی یەك دووکەسی ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات قەومابن، بەڵکوو هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە و حاسلی سیاسەتیکی دژی دیموکراتیکن کە حیزبی بورژوازی لە کوردستان لە سەرەتای دەوری تازەی حوزووروفەعالییەتیەوەیانی لە سەروبەندی راپەرینی ٥٧ەوە هەتائیستا گرتوویەتە پیش. مەبەست لەرەچاوکردنی ئەو سیاسەتە پیش گرتن بە گەشەی خەبات و شیاری و ریکخراوی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ پاراستنی بناغەکانی چەوسانەوە و ستەمی سەرمایەداری، دوورخستنەوەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە مانا و مەبەستی شۆڕشگیرانە و دیموکراتیك و تەبدیل کردنی بە مەیدانیك بۆ سازان و معاملە لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی بووە. لەسەر تاسەری ئەم دەورە ١٠ ساڵەیەدا کە پربووە لە جم و جوول و کیشەی چینایەتی و سیاسی لە ئیران و لە کوردستان، حیزبی دیموکرات مەوجوودییەتی خۆی لەوەدا دیتوە کە ئەم سیاسەتە دژی دیموکراتیکە لە نیو بزووتنەوەی گشتی خەڵکی کوردستان دا بەریوە بەری . زەرورەتی بە هیزکردن و پتەو کردنەوەی ئەم سیاسەت و کارکردە کە حاسلی ماهییەتی چینایەتی و مەوقعییەتی سیاسی و تاکتیکی حیزبی دیموکرات لە کوردستانە، حەرەکەتی ئەو حیزبەی لە باقی مەیدانەکانی سیاسەت و دیپلوماسی دا دیاری کردوە. دژایەتی بە کردەوە و موخالەفەت لەگەڵ ماف و داخوازەکانی کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکیش و زۆرلیکراوی کوردستان، ئەو حەرەکەتە بنەرەتی و کۆمەلایەتی‌یەی حیزبی دیموکراتە کە میحوەروشکل پیدەری باقی سیاسەتەکانی بووە چ بەرانبەر بە ریکخراوە سیاسی‌یەکانی حازر لە کوردستان، چ لە حاست جمهووری ئیسلامی و ئۆپوزیسیونی بورژوایی ئەو رژیمە، چ لە دل گورینی دا هەرجارە بۆ داخستنی کەین وبەین لەگەڵ ئەم یان ئەو جناحی ئەمپریالیستی کەوایە"میلی سازشکارانە "ی ریبەرایەتی قاسملوو بەرەوهیزە ئەمپریالیستی یەکان رەچاوکردنی فالنەیان فیسارەرەوشت وشیوە بۆ خونزیك کردنەوە لە ئۆپوزیسیونی سلتنت تلب و هەروەها خۆبەزل زانینەکەیش (تەنانەت هەر لە وحەددەدا کە بەشی انشعابی باسی دەکەن وەزاهرا رەخنەشیان لیی هەیە) شتیك نین کە هەر لەخووە بنەیان کردبی و ریشەیان نەچووبیتەوە سەر سیاسەت و کارکردەکانی ئەو حیزبە لە نیو بزووتنەوەی کوردستاندا ئەو رخنەیە کە پایەو ئەساسی ئەم کارکردانە ناباتەوەسەر سیاسەتیکی دژی دیموکراتیك کەلە جەرگەی کیشمەکیشی کۆمەلایەتی دەورەیەکی شۆڕشگیرانەدا بەریوە براوەو ئەو شتە ئەساسی‌یە دەخاتە پشت گوی، بە ئاشکرا دیارە کە هیچ خاسییەتیکی نیە و پیش هەموو شتیك نیشاندەری ئەوەیە کەبەر خوردی بەشی انشعابی بە موناسەباتی حیزبی دیموکرات بەرانبەربە باقی ریکخراوەکان، لەگەڵ بەرخوردی قاسملوو (وەهەروەها لەگەڵ بەرخوردی رابوردووی خۆیان، ئەو کات کە لەگەڵ قاسملوو لە ریبەرایەتی حیزبەکەیان دابوون ) لە بنەرەت دا جیاوازی‌یەکی نیە.

خەڵکی کوردستان زەمانیك باوەر بەوە دەکەن کە ئیختیلافاتی نیوان جناحەکانی حیزبی دیموکرات دەمەقالە و دل ئیشاوی‌یەکی خانەوادەگی وشەخسی نیەوکیشەی سیاسی نیوان حیزبی دیموکراتی قەدیم و حیزبی دیموکراتی تازەلەرەقابەتی شەخسی واوەتر دەچی، خەلکی زەحمەتکیش زەمانیك دەتوانن قەبوول کەن ئەم هەموو قسەکوتنە بە "راست رەوی" و "سازشکاری" جناحی قاسملوو تەنیا بازارگەرمی‌یەکی سیاسی نیە، بەرانبەر بە گرینگترین مەسەلەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانە و خەباتی جاری خەلك لە کوردستان، – مەسەلەی وەك ئازادی‌یە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانو ریزدانان بۆ مافەسەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش،– هەلویست و قسەیەکی جیاواز ببیستن و لە کارکردی رۆژانەو کۆمەلایەتیش دا بە شیوەی واقیعی ئەم گورانە ببینن، ئیستا کە نزیکەی سالیکە جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات – ریبەرایەتی شۆڕشگیر بە ئاشکرا راگەیەندراوە، لەسەرجەمی هەلویستەکانی دا ئەو خالانە نابینرین.

٢

بەلام ویکچوون و نزیکایەتی هەلویستی بەشی انشعابی وجناحی قاسملوو، جیاواز لەوچوارچیوە گشتی یە لەو جیگایە ئاشکراتر دەبی کەبەشی انشعابی لە گوزارشی کۆنفرانسەکەیاندایتە سەرباسیشەری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و نەزەری خۆیان لەسەردەربری.

لە گوزارشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات .ك.ئ– ریبەرایەتی شۆڕشگیردا بۆ کۆنفرانسی چوارەم، هەتا ئەو جیگایەی باسی باقی ئالوزبوونی موناسەبات و، بە تاك کەوتنەوەی سیاسی حیزبی دیموکرات بەهەر صورت دەنریتە ئەستوی ریبەرایەتی قاسملوو، بەلام کاتیك قەرارەبیتە سەرباسی مەسەلەیەکی زۆرجیددی لە بزووتنەوەی کوردستاندا، یانی شەری حیزبی دیموکرات لەگەڵ کۆمەڵە، بەجاریك لەو نیمچەرەخنە تەنانەت"تەمایولات و شیوەو رەوشتە" باسکراوەکەو"خوبەزل زانینی لەرادەبەدەری سەرانی فراکسیون "یش لە بیر دەبریتەوە و تەواوی خەتای دەسپیکردنی ئەوشەرە لە ئەستوی کۆمەلە دادەنری لەم بابەتەوە دەلین:

"بەبروای ئیمە چەپرەوی و تەبلیغاتی شەرهەلایسینانە و دەنەدەرانەی کۆمەڵە کە شەرلەگەڵ حیزبی دیموکراتی لە پیش تر لەشەر دژی ریژیمی کۆماری ئیسلامی دادەنا و، دروست کردنی سیگۆشەیەك لە لایەن ئەوریکخراوەوە کە لەودا حیزبی دیموکرات تەنانەت بەخراپتر لە ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەلەم درابوو، وەسەرەنجام بە حیساب هینانی حیزبی ئیمە وەك بەشیك لە ئیمپریالیزمی جیهانی و زۆرشتی دیکە لە هەلویستی غەیرە مەنتیقی و نامە سئوولانەی ریبەرایەتی کۆمەڵە، دەبی وەك پیك هینەری زەمینەی دەسپیکردنی ئەوشەرەو، هیندیك لەهەلویستەچەوتەکانی ریبەرایەتی حیزبی ئیمە تاراگەیاندنی هەلویستی ریبەرایەتی شۆڕشگیروەك هوی عومدەی دریژەپیدانی "ئەوشەرە" بخریتە بەرچاو. (لاپەرەی ٣٤و ٣٥ بەلگەکانی کۆنفرانسی چوارەم)

بەشی انشعابی لەم باسکردنەیان دا تا ئەو جیگایەی دەیانەوی کۆمەڵە بە اصتلاح بە زەمینەسازی دەسپیکردنی شەرەکە لەقەلەم بدەن قسەکانیان تەواوسەریح و ئاشنایە هەر ئەوقسەواصتلاحاتەن کەلە سەرەتای شەرەکەوە لە زمان ریبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە بیستراون (کە زۆربەی رابەرانی ئیستای بەشی انشعابی تییدا بەشداربوون) ، بەلام لەوجیگایەی دەگەنە رەخنەگرتن لە هەلویستی ریبەرایەتی و دەگەنە ئەوەکە سووکە رەخنەیەك لە خۆشیان بگرن، هەر بەوەندە اکتفادەکەن کە بە شیوەیەکی لیل و نارۆشن باسی"هەلویستی چەوت"بکەن.

ئەمرۆئیتر جۆابدانەوەی سەر لەنوی بەوشتەکە بەشی انشعابی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە زەمینە سازی دەسپیکردنی شەرجاریکی تر بەسەر کۆمەڵەی دادینن، لازم نیە چونکوو کۆمەلانی خەلك و هیزە سیاسی‌یە زیندووەکان دەمیکە لەسەر خەتابار بوون و بەمەحکووم زانینی حیزبی دیموکرات لە دەسپیکردن و دریژەپیدانی شەری ناوخۆیی‌دا قەزاوەتیان کردوەو ئەم واقعییەتە عامیلیکی گرینگی بە تاك کەوتنەوەی سیاسی و بوحران و بن بەستی حیزبی دیموکرات بووە. ئەو شتە کەلی ئاگادار بوونی بۆ کۆمەلانی کرێکارو زەحمەتکیش لازمە ئەوەیە کە روایەتی بەشی انشعابی وجناحی قاسملوو لەبابەت عیللەتەکانی دەسپیکردنی شەرەکەوە، بەشیوە و ناوەروك هەریەك شتن. بەشی انشعابی هەر وەك جاران بۆ خولادان لە باسیکی سیاسی و جیددی پەنایان بردوەتەوە سەر هەندیك شتی غەیرەواقیعی و بیانووی دەسکرد و هیندیك شتیان سەبارەت بە حیزبی دیموکرات بەزمان ئیمەوە هەلبەستوە کە قەت قسەی ئیمە نەبوون. قسەی وەك ئەوە کە گۆیە"کۆمەڵە حیزبی دیموکراتی پی لە رژیمی جمهووری ئیسلامی خراپترە" گۆیە "کۆمەلە شەر لەگەل حیزبی دیموکراتی پی لازمترە لە خەبات دژی جمهووری ئیسلامی" و، گۆیە "کۆمەلە حیزبی دیموکرات بە بەشیك لە ئەمپریالیزمی جیهانی دادەنی". ئەوەی ئیمە لەبابەت حیزبی دیموکراتەوە وتوومانە هەموو بە نووسراوە هەیەو لەبەردەست دایە، ئەوەی ئیمە وتوومانەو دەیلیین ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات حیزبی بورژوازی‌یە لە کوردستان و غەیری ئەوە هەرچی گوتراوە تەنیا خاسییەتی ئەوەیە کە ریزەکانی خۆیانی پیٚ لە دژی کۆمەڵە هەلخرینن.

لیرەدا بەتایبەت دەبی چەندکەس لە رابەرانی ئیستای حیزبی دیموکرات – ریبەرایەتی شۆڕشگیر ئەوەیان وەبیر بهینریتەوە کەیەکیك لەو مەسەلانەی لە جەرەیانی دەمەقالەی ناوخۆیان لەگەڵ جناحی قاسملوودا پەردەی لەسەرلاچوو، قسەکان و قەزاوەتە رسمی یەکانیان لەسەر کۆمەڵە لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەیان دا بوو کە نەوارەکەی بلاو کرایەوە نیشانی دەدا چلون ئەوانیش تومەت و ناوونا تورە دەسکردەکانی قاسملوویان دووپات کردبووەوەو شەرلەگەڵ کۆمەڵەیان لە هەموو کاریکی دیکە بەلازمتر دانا بوو کەوایە خەڵکی کوردستان تەواوحەقیان بووە کوللی ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات بە مەسئوولی راستەوخۆی هەلگرساندنی شەر لە دژی کۆمەڵە و دریژەپیدانی دواتریشی بزانن. جگە لەوە، لەریبەرایەتی جناحی انشعابی دا کەسانیکیش هەن کە لە "کۆمیسیونی تەحقیقی تیك هەلچوونی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە لە سویسنایەتی سەردەشت"دا بەشدار بوون و قەتعەن ناتوانن حاشابکەن لە مەسئوولییەتی حاشا هەلنەگری حیزبی دیموکرات لەوشەرەدا و ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە کارەساتی ٢٥ی خەزەلوەری ٦٣لە هەورامانیش صادقە.

بەلام ئەوشتەش کە بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لەبابەت"تەبلیغاتی شەر هەلایسینانەودنەدەرانەی کۆمەڵە" وەك زەمینەسازی دەسپیکردنی شەرەکە باسیان کردوە هەر دووپات کردنەوەی هەمان باسەکۆن و دواکەوتووەکانە کە نەتەنیا بە سالەها رۆشنگەری و استدلال و جەدەلی سیاسی، بەڵکووبە واقعییاتی دنیای دەرەوەش دەمیکە موری باتل بوونی لیدراوە.

تا ئەوجیگایە کە بە تەبلیغاتی وشیاریدەرانەی ئیمە مەربووتە، ئیمە هەمیشە ئەم تەبلیغەمان بەبەشیکی بەردەوام لە فەعالییەتی سیاسی و لەفەلسەفەی وجوودی خۆمان زانیوەو بەپیی توانابو بەرەوپیش بردنی هەولمان داوە. ئەوە تەنیا هەلویست و منتق ی دژی دیموکراتیکی حیزب دیموکرات بووکە تەحەمولی نەدەکرد، دەلیلەکەشی روون بوو: زەمانیك کە حیزبی دیموکرات لە دژی ئیمە دەستی بوچەك نەدەبردو کیشەی نیوانمان وەك کیشەیەکی سیاسی بەرەوپیش دەچووتە–بلیغاتی ئیمە بە شیوەی ئاسایی لە خزمەت وشیار کردنەوەی کرێکاران و کۆمەڵانی خەلك دابوو. هەر ئەمەبووە هۆی نارەزایەتی و هەلەشەبوونی حیزبی دیموکرات. ئەگەر تەبلیغات لە لای حیزبی دیموکرات وەك جۆرە"تجارەت" یك چاوی لیدەکری، لەلای ئیمە هەمیشەوەسیلەیەك بووەبۆ وشیار کردنەوەی کرێکاران و ئاگادارکردنیان لە واقعییەتەکانی نیو کۆمەڵ و لەوەزعیەتی سیاسی ولە ماهییەت و کارکردی هیزە سیاسی یەکانی نیو جامعە جائەگەر ئەم تیکۆشانەی ئیمە لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبی دیموکرات وەك حیزبیکی بورژوایی ساز گارنەبوو،

ئەوە بە خودی ئەو حیزبە و بە قازانج و مەسلەحەتی چینایەتی خۆی مەربووتە. لە داهاتووش دا بیگۆمان ئیمە تەبلیغاتی وشیاریدەرانە ی خۆمان لە نیو کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان دا دریژەپی دەدەین و ئەگەر کەسانیك نەتوانن تەحەمولی بکەن، دەبی فکریك لە حالی خۆیان بکەنەوە.

جناحی انشعابی بە دووپات کردنەوەی ئەم باسە کۆنە، مسەلەیەك دیننەوە گۆر کە ئیتر زەمان لە دەوری دەرهاویشتوە.ئەم باسە لەسەر تەبلیغات هی زەمانیکە کە حیزبی دیموکرات بە تەمابوو ملهوری پیش بە تەبلیغاتی وشیاریدەرانەی کۆمەڵە بگری. ئیستا ئیتر دەمیك سالە حیزبی دیموکرات توانای ئەوەی لەدەس داوە و ئیتر دووپات کردنەوەی ئیددیعاکانی رابوردوو بیجگە لەوەی بەجی مانی بەشی انشعابی لەواقعییەتەکان و ئال و گۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی کوردستان هەرچی ئاشکراتر دەربخا هیچ خاسییەتیکی نیە.

سوننەتی پیش گرتن بە تەبلیغات بە بیانووی ئەوەکە "ئاژاوە سازدەکا" و بیانووی تری لەم نەوعە سوننەتی ئەو جەرەیانە بورژواییەدواکەوتووەیە کە موخالیفی هەرنەوعیك و هەرمیزانیکی دیموکراسی یە. جەرەیاناتی بورژوا ناسیونالیست نەك هەر لە هەر چەشنە عەدالەت خوازی یەکی اقتصادی و لە هەرچەشنە خۆیەکخستنیك لەگەڵ داخوازە اقتصادی و سیاسی یەکانی کۆمەلانی مەحرووم وزەحمەتکیش بەڵکوو تەنانەت لە سوننەتی دیموکراسی سیاسیش بەدوور و بیگانەن. هەمیشە کۆمەلانی خەلکیان لە بەرچاو سووك بووە. بە شایستەی ئەوەیان نەزانیوە دەخالەت لە "مەعقوولاتی" سیاسی دابکەن، وپییان وابووە لە شانیان دانیەوشیاربنەوە، بیرکردنەوەیان گەشە بکا و سەرەنجام لە مەسەلە سیاسی یە-کاندا قەزاوەتی سەر بەخۆ بکەن.

جناحی انشعابیش بەم هەلویستە کوللی یەی خۆی لەبابەت دەورونەقشی تەبلیغاتی کۆمەڵە لە پیك هینانی زەمینەی دەسپیکردنی شەردا، تەنیا بیگانە بوونی خۆی لە دیموکراسی سیاسی نیشان داوە.

سەبارەت بە تەبلیغاتی دوای شەریش، ئاشکرایە کە تەبلیغاتی جەنگی لە دەورانی شەردا، شتیکی تەبیعی و ئاسایی یە و تەفاوەتی ئەدەبییاتی تەبلیغی ئیمە بەر لەشەرولەدەورانی شەردابەروونی ئەوە نیشان دەدا کە ئیددیعای ئەوە کە تەبلیعاتی کۆمەڵە زەمینەی دەسپیکردنی شەرەکەی سازکردوە تاچ رادەیەك پووچ و بی ئەساسە لە حالیکدا هەموورووداوەکان و بەڵگە و نیشانەی مەکتووب وەرەسمی

حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی شەشەم و پلینومی هاوینی ٦٣ی ئەو حیزبەوە بگرەهەتا کارەساتی هەورامان و تووشی بن بەست کردنی هەول و کوششی سیاسی و سولح خوازانەی کۆمەڵە، هەرهەموویان مەسئوولییەتی کاملی حیزبی دیموکرات لە دەسپیکردن و دریژەپیدانی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە دا بەروونی ئیسبات دەکەن.

***

بەم تەوزیحاتەوە دەبی روون بووبیتەوە کە بەشی انشعابی لەهەلویستیان دا لە سەر شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە نە دەرسیان لە تاریخ وەرگرتووەونەهیچ ریزیك بۆ بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان دادەنین و هیشتاش ئەو بیانووەکۆنانە دیننەوە گۆر کە زەمانیك کرابوونە پالپشتی سیاسەتی شەر خوازانەی حیزبی دیموکرات و ئەمرۆ ئیتر دووپات کردنەوەیان زیاتر لە هەمیشە بی پایە دەنوینی ئەم بیانووانە تەنیا دەتوانن وەبیر هینەرەوەی لاساری کۆنەپەرستانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە ئال و گۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی یە نوی یەکانی کۆمەڵی کوردستان و وەبیر هینەرەوەی ئەوە بن کە شکست و تەریك مانەوەیسیاسی، تاوانیك بوون کە حیزبی دیموکرات لەسەرلاساری کۆنەپەرستانەی خۆی بژاردوویەتی ئەوە بە هەلکەوت نیە کە جناحی انشعابی دوای جیابوونەوەیان هەتابەینیك بی‌دەنگیان لەومەسەلەیە کردوکاتیکیش وەقسەهاتن هەر ئەوقسانەیان دووپات کردەوە کەلە میژە رەنگ ورووی مەجلیسیان نەماوە.

بەشی انشعابی لە گوزارشەکەی خۆیان دابەناچارتووشی مەسەلەیەك بوون کەسەروبەری یەك ناگریتەوەو بەپیچەوانە ویستی خۆیان زۆرواقعییەت ئاشکرادەکا، بەشی انشعابی ئەوە تەئییددەکەن کە: "ریبەرایەتی لە کۆنگرەی حەوتەم دالەسەر ئەوە پیی داگرت کە هەتاکاتیك کۆمەڵە هەموو شەرتەکانی حیزبی دیموکرات قەبوول نەکا، شەرەکە دریژەی پی بدری بەلام ئەوە کە ئەو شەرتانە چ بوون و لە روانگەی بەشی انشیعابی یەوە کامعامیل و قازانجی ماددی با عیسی ئەوە بوون ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە سەریان چەق دا بەستی و هەروەها ئەوەکە نەزەری ئەمرۆی بەشی انشعابی لەبابەت ئەو شەرەتانەوە چیە، دیسانیش بی دەنگەی لی دەکری. پرسیار ئەوەیەکە ئایا هینانە گۆری مەسەلەی تەبلیغاتی "دنەدەرانە" نەوعەتیکرارکردنەوەیەکی شەرمیونانەی جەوهەری هەمان شەرتە کۆنەکان نیە؟ ئەگەر بەشی انشعابی ئەمرۆتوانای ئەوەلە خۆیدا نابینن کە بە سەراحەت و راشکاوی ئەو شەرتانە بیننەوە گۆر، دووپات کردنوەوەی ئەو کە "گەیشتن بە ئاشتی لە نیوان دووریکخراوی سیاسی داکەهەر دووك چەکدارن ناتوانی لەگەڵ شەری تەبلیغاتی دوژمنانە بەدژی یەکتر هاوکات بی"، هەروەها هینانە گۆری ئەوەکە هەلویستی کۆمەڵە لە جەرەیانی ئاگربەس دا لە پەیوەندی داهاتوومان دا لەگەڵ کۆمەڵە بی تەسیرنابی، نیشاندەری وجوودی ئەو ئیددیعا لە بەرەو کەوتوانە، لە نیو قسەکانیاندایە. بەشی انشعابی هەروەها ئیعتیراف بەوە دەکەن کە "سەرانی فەراکسیون "بەپی داگرتن لەسەر هەلویستی غەیرە ئوسوولی مانعی سولح بوون و هەول و کوششی سیاسی سولح خوازانەیان بەبن بست گەیاند، بەلام ئەوە روون ناکەنەوە کە مەبەستیان لە "هەلویستی غەیرە ئوسوولی" چیە؟ بەشی انشعابی ئەویان قەبوولە کە ریبەرایەتی حیزبەکەیان لە کۆنگرەی ٦ بەم لاوە گەرایشی راست گەرایانەی تیدا تەقویەت بووە(وەگۆیا "رەخنە"شیان لەوەهەیە) بەلام باسی ئەوە ناکەن تەئیسری ئەم گەرایشە راستگەرایانەیە لەسەر رەچاوکردنی سیاسەتی شەری سەراسەری لەدژی کۆمەڵە چ بووە. بەشی عنشعابی ئیعتیراف بەوەدەکەن کە مەسەلەی شەری شەراسەری لە دژی کۆمەڵە لە کۆنگرەی حەوتەم دا ئەوەندە ئەهمییەتی پی دراوە کە کۆنگرە و هەموو سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی داپوشیوە، بەلام ئەم مەسەلەیە لە سیاسەتی عەمەلی و لە هەموو ئەو گەرایشە چەوتانە کە خۆیان پییان وایە لە ریبەرایەتی داوجوودیان بووە بە ئەنقەست جیادەکەنەوە.

بەم جۆرە بەشی انشعابی ماهییەت و واقعییەتی کیشەی نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەلە کە بووبە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە سیاسەتی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەلە بگریتە پیش، بە ئاشکراپەردەپوش دەکەن. بەشی انشعابی بە ئەنقەست بی ئاسویی جیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی گەلی کورد دا لە بەرچاو گوم دەکەن، گورانی تەناسوبی قوای سیاسی لە کوردستان بە هۆی هاتنەمەیدانی کریکاران و زەحمەتکیشانی وشیار و تیکۆشەر لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەدا و لەهەمان حالداتەقالا و خۆکۆتایی حیزبی دیموکرات بەرەوسازان و مەجمووعەی ئەو هوسیاسیانە کە زەمینە و عیللەتی واقیعی دەسپیکردنی شەری جیزبی دیموکرات لەدژی کۆمەڵە بوون لە قەلەم دەخەن و بی دەنگەی لی دەکەن، وە تاقەکاریك کە دەیکەن ئەوەیە بەشکەم بە هینانە گۆری رەخنەی لاوەکی وفەرعی لە ریبەرایەتی قاسملوو، داوینی خۆیان لە افتزاحاتی سیاسی جەرەیانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەرکیشنەوە.

پیك راگرتنی هەلویست و بیروراکانی جناحی انشعابی لەگەڵ هەلویستەکانی ئیستاورابوردووی جناحی قاسملووبە ئاسانی ناوەروك ودەروونمایەی یەکسانی هەرتك لایان دەردەخاو تەوزیح و بیانووی وەك یەك و نەتیجەی سیاسی وەك یەکی هەرتك جناحەکەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە شەر لە دژی کۆمەلە نیشان دەدا.

کۆمەڵە هەر لەسەرتای سەرهەلدانی نیشانەکانی انشعاب لە حیزبی دیموکرات لەزستانی سالی ٦٦ دا، بە سەراحەت لە جناحی انشعابی داواکرد هەول بدا لەسەر شەری ناوخۆیی و لەسەر مەسەلەی دیموکراسی لە کوردستان هەلویستیکی سەریح و سەحیح بگری. ئەوە کە بەشی انشعابی کاتی راگەیاندنی هەلویستی سەرەتایی خۆیان بی دەنگیان لەمەسەلەکە کرد و ئیستا ئاوا بیهوودە خەریکن هەلویستەکانی پیشوویان پاساو دەکەن کە بە هیچ شیوەیەك بۆ دیفاع لیکردن نابن، نیشاندەری ئەوەیە کە چ لەسەروبەندی جیابوونەوەدا وچ لە انشعابەکەوە هەتاکۆنفرانسی چوارەم لە بابەت ئەم مەسەلە ئەساسییانەوە قسەیەکی تازەی جیاواز لە بیانووە کۆنەکانی جناحی قاسملوویان نەبووەبیکەن.

نەتیجەیەك کە دەکری لە هەلویستە راگەیەندراوەکانی جناحی انشعابی وەربگیری ئەوەیەی کە اشتباهاتی سیاسی و تاریخی حیزبی دیموکرات دەرسی دانەداون و هەر لە ئیستاوەسەر ئاسوی دووپات بوونەوە اشتباهاتی رابوردوویان بەرچاو خستوە. ئەمان میراتگری هەلویستی سیاسی رابوردووی حیزبی دیموکراتن تەئکیداتی یەك لەدوای یەك لەسەر هەلویستی لەنەوعی هەلویستەکانی جناحی قاسملوو نیشاندەری ئەوەیە کە ئیترقسەکانی ئەم جناحە لەسەر"راستگەرایی" و"مەیلی سازشکارانە" و "شیوەورەوشتی مەسلەحەت گەرایانە" و" خۆبەزل زانینی لە رادەبەدەر"ی ریبەرایەتی قاسملوو جگە لە تەعاروفات و زاهیرسازی مەسلەحەتی و وردەگلەیی شەخسی هیچی تر نیە و مەبەستیان تەنیا بریتی یە لە دیفاع کردن لەجەوهەری سیاسەتەکانی رابوردووی حیزبی دیموکرات، پاوساکردنی هەلەکان و پەردەپوش کردنی بوحران و بن بستی سیاسی ئەو حیزبە هەلبەت لە ژیر پەردەی رەخنەیەکی لیبرالی دا کە بەرانبەر بە بەشیك لەریبەرایەتی ئەو حیزبە دەیکەن.

فاتح شیخ الاسلامی
بەفرانباری ١٣٦٧

# ( پاشماوەی ) پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی رۆژی کریکارەوە

لە کارخانەکان و کارگاکان و لە هەموو شوینەکریکاری‌یەکان، کریکارانی شاغل کە چەندین سال تینی لەش و نانی سفرەیان هەرتك لی تالان کرا، داوای شەرایتی کاری شیاوی ئینسان و حەقدەستی زیاتر و ئیحترامی کۆمەلایەتی یان دەکەن. دەیان هەزار کریکار کە دەورەی شەردا بیکار کراون، داوای کار دەکەن سەدان و سەدان هەزار لاو کەلەشەردا و بو دەرباز بوون لە چنگ شەر ژیانیان ببووە دەسکایەی ئەم و ئەو داوای کارو تەئمینی داهاتووی خۆیان و حورمەتی ئینسانی دەکەن. خەڵکی زەحمەتکیش کە خوراك و مەسکەن و فەرهەنگ و بیهداشتیان کرابووە خەرجی شەرو ویرانی، داوای خوراك و مەسکەن و بیهداشت و حورمەتی کۆمەلایەتی دەکەن. شەرومەینەتەکانی، ئیعتیادو فەحشا و و تاوانی گەیاندە ئەو پەری خۆی ئەم هەموو کوانە چلك کردوە کە لە پەیکەری هەژاری و تەحقیر سەریان وەدەرناوە تەحەمول ناکرین بەلام لەوە غەیری قابیلی تەحەمول تر خودی ئەو هەژاری و تەحقیرەیە کە ئیمکانی ژیانی شیاوی ئینسانی لە زۆربەی هەرە زۆری ئینسانەکانی جامعە بریوە.

ئەو ئیعتیرازە قوول و بەرینە کە لە وجوودی کریکارو ویست وداخوازەکانی گری دراوە، ئیستا فەزای هەموو شوینە کریکاری‌یەکانی پر کردوە لە رق و توورەیی بەرانبەر بەم وەزعە تیپەر بوونی ٩مانگ لە کوتایی پی هاتنی شەر کافی بوو بۆ ئەوەی بە هەموان نیشان بدا کە ئیعتیرازی کۆمەلایەتی و رق و نەفرەتی پەنگ خواردووی نیو ئەو ئیعتیرازە، گەورەترین هیزی ئیستای نیو جامعەیە. ئەوە هیزیکە کە نە جمهووری ئیسلامی و نە هیچ کەسی تر، ناتوانی تیکی بشکینی جمهووری ئیسلامی هەر لە یەکەمین رۆژەکانی دوای شەرەوە هەرچی لە توانای دابوو وەگەری خست. هەزاران زیندانی سیاسی لە پشت دیواری زیندانەکان قەتلی عام کران. جمهووری ئیسلامی نیشانی دا کە لە دەورەی دوای شەریش دا بە هەمان ئەندازە چاوشۆرو جینایەت پیشەیە. بەلام جینایەتکاری هەرچەندی بەرین و هەرچەندی سازماندراو بی ناتوانی ئیعتیرازی کۆمەلایەتی کریکاران لە نیو بەری. تەنانەت زەمانیك کە هیز و ئیمکانی بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ جینایەتکاران نەبی، ئیعتیراز دەبیتە بوغزو پەنگ دەخواتەوەو ئەمجار بەهیزو قودرەتیکی زیاترەوە دەتەقیتەوە. نە جمهووری ئیسلامی و نە هیچ کەسیکی تر، ناتوانی سەرپوش بنیتە سەر ئەم ئیعتیرازەو بیشاریتەوە چلون لە دەستیان دی ئیعتیرازی هیزیك بشارنەوە کە تەنانەت ئەگەر هەموو ئیمکاناتی بەیان و خۆ دەرخستنی دەستە جەمعی شیان لی ئەستیندرابیتەوە، دیشانیش لە کارخانە لە گنجی نیو چاوانی کریکارادا، لەگەرەك لە نیگای هاوسەری ژیانی دا و لە کووچە و مەدرەسە لەچاوی مندالەکانیان دا شەپول دەدا و حوکم بە مەحکوومییەتی وەزعییەتی کۆمەلایەتی مەوجوود و پاریزەرانی ئەم وەزعە دەدا. ئەم ئیعترازە ئیستا جمهووری ئیسلامی و چینی سەرمایەداری لە هەموو چینی چەوسینەر هەلدەستی و لە دالانەکانی حکوومەت دا دەنگ دەداتەوە، رژیمی داماو دەچیتە شەری کتیبیکی داستان، کار بە دەستانی حکوومەت لە بەرزترین پلەی دەسەلاتدارەتی یەوە یەکتر هەلدەدیرنە خوارەوە و رژیم پەنا بۆ هەموو شتیك دەبا هەتا نالەی ترس و وەحشت لە نیو ریزەکانی دا خامووش بکا. گەیشتنی رۆژی جیهانی کریکار بۆ ئیمە فورسەتیکە کە ئەم قودرەتە عەزیمەی ئیعتیرازو، داخوازەکانی خۆمان یەکدەنگ و یەکگرتوو و ئاشکرا رابگەیەنین. رۆژی کریکار دەبی بکریتە رۆژی دەرخستنی وجوودی کۆمەلایەتی یەکپارچەو یەکگرتووی کریکاران بە ئیعتیراز و داخوازەکانیانەوە و بکریتە رۆژی راگەیاندنی حوکمی کریکاران رۆژی ١١ی گولان چەرخی هەموو کارخانەکان رادەوەستی یەکدەنگ لە بەرابەر جامعەدا رادەگەیەنین:"کاتی ئەوە گەیشتوە کە بی هیچ عوزر و بەهانەیەك هەموو ئەو فشارو مەینەتانەی لە دەورەی شەردا کو بەناوی شەر و سەر ژیانی خەلکی ئیران دا سەپیندرابوون، دەست بەجی کوتایی پی بهینری و جوبران کریتەوە.

کاتی ئەوە گەیشتوە کە پی شیل کرانی مافی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی مەحروومی ئیران، کوتایی پی بهینری، خەلکی ئێران ئیمکانیان پی بدری ئازادانە، نەزەرو ئیرادەی سیاسی خۆیان دەربرن، هەموو سەرچاوەو ئیمکاناتی ئابووری مەوجوودی ولات بۆ تەئمینی غەزاو مەسکەن و بیهداشت و خویندن بەچاوەدیری خودی خەلك بخریتە کارو هەژاری و تەحقیری سەربە هەموو مالیك دا کردوو لە سەر شانی خەلك لابری.

کاتی ئەوە گەیشتوە کە حەقی ئازادی مانگرتن و ئازادی خوریکخستن بۆ کریکاران لەم ولاتە بەرەسمی بناسری و داخوازەکانیان بۆ زیاد کردنی هەقدەست، تەئمینی ژیانی بیکاران، گەرانەوە سەرکاری بیکارکراوەکان و ئینسانی بوونەوەی هەل و مەرجی کارو کەم بوونەوەی سەعاتی کار دەست بەجی وەلامیان بدریتەوە.

بە هاتنەوەی رۆژی کریکار یەکیەتی وعەزمی کریکاری بۆ راگەیاندنی و حوکم لەسەردانی هەموو ئەم داخوازانەوەحەرەکەت دەکەوەی.قودەرەتی عەزیم و پەنگ خواردووی کریکارانی ئیران خۆ نیشان دەدا و هاودەنگ لەگەڵ میلیونها کریکار لە ئورووپا و ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکا، لە هەموو ولاتانی سەر زەوی، موژدەی دنیایەکی گەش، دنیای ئینسانی ئازادو بەرابەر لەگەڵ خۆی دینی.

بژی رۆژی کریکار

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گ١٠ی گولانی ١٣٦٨

# راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە پیك هاتنی کۆنگرەی سیهەم

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، مانگی ریبەندانی ئەمسال، سیهەمین کۆنگرەی خۆی گرت. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەندیك کەمتر لە ٣سال پاش دووهەمین کۆنگرەی حیزبی ئیمە بە بەشداری نوینەرانی تەشکیلاتی جۆراوجۆرەکانی حیزب پیك هات. کۆنگرە پاش ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریگای سوسیالیزم و پاش پەسند کردنی ئیعتیبارنامەی نوینەران و پەسندکردنی ئایین نامەی کاری خۆی چووە سەرباسی مەسەلە سەرەکی‌یەکانی کاری خۆی. کۆنگرە پاش وتاریکی کورتی افتتاحیە چووە سەرباس و لیکولینەوەی گوزارشەکان. گوزارشی مەربووت بە ئال و وۆرە جیهانی یەکانی ئەخیرو مەوقعییەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وەزعییەتی سیاسی ئیران، وەکارکردی حیزب لە فاسلەی نیوان دوو کۆنگرەدا، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە بە نووسراوە درابوو بە ئەندامانی کۆنگرەو لە کۆنگرەدا سەرەتا چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە سوخەنرانی‌یەکانیان دا گوزارشەکانیان پیشکەش کردو لەسەری دوان و پاشان کۆنگرە قسەی لەسەر کردن و رای خۆی لەسەر دەربرین.

هەروەها هەندیك لە مەسەلەکانی بزووتنەوەی کریکاری، هەلسەنگاندنی ریکخستنی حیزب و تیکۆشانمان لە نیو کریکاران دا، مەوقعییەتی کۆمۆنیزمی کریکاری، وەزعی ئیستای کوردستان و ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان، تیکۆشانی حیزب لە دەرەوەی ولات و هەروەها هەندیك مەسەلەی ناوخۆی حیزب لەو خالانە بوون کە کۆنگرە قسەوباسی لەسەر کردن. کۆنگرە هەروەها پیرەوی ناوخۆی حیزبی کە پیشتر بە پی بریاری کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە ئامادە کرابوو و بەنەزەر وەرگرتن لە ئەندامانی حیزب پەسند کرابوو، بەتیکرای دەنگ تەئیید کرد. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە کوتایی دا چووە سەر هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جیگرەکانی ئەو کۆمیتەیە و، ١٨ کەسی وەك ئەندامی ئەسلی و ٥کەسی وەك ئەندامی جیگری کۆمیتەی ناوەندی هەلبژارد. بەم جۆرە سیهەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پاش ٥رۆژ کار، بە ئەنجام دانی ئەو ئەرکانەی بۆ خۆی دیاری کردبوون، سەرکەوتوانە کۆتایی پی هات.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٨ی ریبەندانی ١٣٦٧

## گوزارشیك لە:
## زنجیرە عەمەلیاتی گەورەو سەکەوتوانەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان!

ئیوارەی رۆژی ٥ی مانگی گولان پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنەو گوردانی کاك فوئاد، بەپیی تەرحیکی چەندلایەنە و دەقیقی لە پیشدا دارژاو، لە دەیان مەرکەز و قەرارگای هیزەکانی رژیم تیپەرین و سەعات ٩ی شەو چوونە نیو شاری مەریوان و بەیارمەتی بی دریغی خەلکی تیکۆشەری شار، کونترولی بەشیکی گەورەی ئەم شارەیان بەدەستەوە گرت کەبریتی بوون لە: گەرەکی "بلچەسووری‌یەکان"، گەرەکی "داسیران"، گەرەکی "تازەئاوا"، گەرکی "کۆنەدیو" مەنتەقەی فەرمانداری و خیابانە ئەسلی یەکانی ئەم مەنتەقەیە و چەند شوینی تری شار.

چەندواحید لە پیشمەرگەکان لە نزیك مەرکەزیکی گرینگی نیزامی رژیم جیگیر لە مالی "ئەقدەسی" لە مەرکەزی شار دامەرزان. واحیدیکی تر لەهاورییان خۆیان گەیاندە نزیك مەقەری هیزەکانی رژیم لەگەرەکی "داسیران" واحیدیکی دیکە لە پیشمەرگەکان بۆ کۆنترولی جم و جوولی هیزەکان و تیك شکاندنی هیزی کۆمەکی رژیم لە سی ریی "داسیران" لەسەر خیابانی فەرمانداری و خیابانی شارەبانی دامەرزان. واحیدیك لە پیشمەرگەکانیش بەتایبەتی بۆ تەبلیغ و سوخەنرانی چوونە گەرەکی"تازەئاوا". خەلکی شار لە هەموو شوینیك لە دەوری پیشمەرگەکان کۆببوونەوە ویارمەتی یان دەکردن پیش دەست پی کردنی عەمەلیاتەکەراننەدە شەخسی یەکان ئاگادارکرابوون کە بۆ بەرگری لەزەرە روزیانی ئیحتمالی لەم شوینانەوە هات و چوونەکەن.

سەعات ٩ونیو بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیات، پیشمەرگەکان هاوکات، بە چەکی سووك و نیوەقورس پەلاماریان بردە سەر ئەم دوومەرکەزەنیزامی یەی رژیم و تاسەعات ١٠ئاگربارانیان کردن. لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا مەقەری "داسیران" بەسەرهیزەکانی رژیم داخاپوور کراو زۆربەی زۆری بەکریگیراوانی جی گیر لەم مەرکەزەی رژیم کوژران و بریندار بوون. توزو دووکەلیکی زۆریش لە مەرکەزەکەی تری هیزەکانی رژیم بەرزبووە و بەلام لە میزانی دەقیقی زەرەر و زیانیان ئاگادار نین.

جەسارەتی پەلاماردەرانەی پیشمەرگەکان دەرفەتی هەرچەشنە جم و جوول و دەست کردنەوەیەکی لە هیزەکانی رژیم بریبوو و لەتەواوی شاردا تەنیا"پایگای حفازتی " شار، لەنیوان گەرەکەکانی"کۆنەدیو" و "جەنگەلبانی"، تەقەیان کرد کە ئەویش بە پەلاماری جەسوورانە و ئاگری ئار.پی.جی. و تیرباری واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان زۆر زوو بی دەنگ کرا.

هاوکات لەگەڵ دەست پی کردنی عەمەلیاتەکە واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان کەبۆ تەبلیغ سازمان درابوون، لە نیو پیشوازی گەرم و گۆری خەلگی گەرەکی "تازەئاوا" دا دەستیان دایە تەبلیغ و گف و گۆ لەگەڵ خەلك. یەکیك لە هاورییانی پیشمەرگە لەبلند گۆی مزگەوتی ئەم گەرەکەوە سوخەنرانی بۆ خەلك کرد و ویرای راگەیاندنی ئەوەکە کونترولی بەشیکی گەورە لەشاری مەریوان بە دەست پیشمەرگەکانی کۆمەڵەوەیە، تەئسیری هەلسوورانی چەکدارانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵەی لەسەر بەهیزکردنی خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان باس کرد. ئەم هاوری‌یەمان لە بەشیکی دیکە لە قسەکانی دا باسی هەل و مەرجی سیاسی ئیستای کردودواوای لەکریکاران و زەحمەتکیشان کردبەرانبەر بە چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری و سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی و هەژاری و گرانی و فەلاکەتیك کە رژیم بەسەری دابریون یەکپارچەترراوەستن و بۆ وەدەست هینانی داخوازەسیاسی و ئابووری یەکانیان خەباتی خۆیان لە دژی جمهووری ئیسلامی دریژەپی بدەن. بیجگە لەم واحیدە هاورییانی تریش لەهەموو ئەو شوینانەی کەلەکونترولیان دا بوو گفت و گۆیان لەگەڵ خەلك کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبی یان لە نیو دا بلاو کردنەوە.

ئەم زنجیرەعەمەلیاتەی نیو شاری مەریوان سەرجەم چەند سەعاتی خایاند و هاورییانی پیشمەرگەپاش جی‌بەجی کردنی سەرکەوتوانەی هەموو مەئمووریەتەکانیان هەموو بەسلامەت لە نیو شوروشەوقی کۆمەلانی خەلکدا شاریان بەجی هیشت.

بەیارمەتی خەلکی تیکۆشەر کۆنترولی بەشیکی گەورەی شارکەوتەدەست پیشمەرگەکان،

چەند مەرکەزی گرینگی نیزامی رژیم کەوتەبەرپەلاماری جەسوورانەی هاورییان،

یەکیك لە هاورییان لە بلندگوی مزگەوتیکەوە سوخەنرانی بۆ خەلکی شار کرد،

خەڵکی تیکۆشەری شاری مەریوان ویرای پیشواوزی هاوکاری یەکی گەرم و گۆریان لەگەڵ پیشمەرگەکان کرد .

## وەلامی پرسیاریك لە سەر خۆکۆتانی حیزبی دیموکراتی جەماعەتی قاسملوو بۆ سات و سەودا لەگەڵ جمهووری ئیسلامی

خوینەری بەریز!

لەمەودوا هەول دەدەین هەندیك پرسیارو وەلامی بەرنامەی" ئیمە و گۆیگرەکان"ی رادیو دەنگی شۆڕشی ئیران کە بۆخۆینەرانی "پیشرەو"یش بەکەلك بن، چاپ بکەین لەم ژمارەیەی پشرەودا پرسیاری گویگریك و وەلامەکەی دەنگی شۆڕشی ئیران چاپ دەکەین، ئەم وەلام و پرسیارە لە بەرنامەی رۆژی ٦خاکەلیوەی ئەمسال لە رادیوی دەنگی شۆڕشی ئیرانەوە بلاوکراوەتەوە.

وەلامی نامە

گویگریك لە شاری سەردەشتەوە لە نامەیەك دا کەبەنیوی م.د ئیمزای کردوە نووسیویەتی :

"ئەوەماویەیەکە لەم لاولەولا شایعەیك بلاو بووەتەوە کە خۆی لە خۆی دا نەتازەیە و نەسەیرە: ئەویش شایعەی پەیوەند و چاوپی کەوتنی نیوان جمهووری ئیسلامی و جەماعەتی قاسملووی حیزبی دیموکراتە ئەم شایعەیە راست بی یان درو، وادیارە رژیم یان کەسانیکی دیکە بە ئەنقەست پەرەی پی دەدەن و گەورەی دەکەنەوە جانازانم مەنزووریان چیە؟ زۆر کەس لە خەلك بە دەلیلی تەجرەبەیان لە جمهووری ئیسلامی و بە دەلیلی ئەوە کەوت وویژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بیهوودەوبی حاسلە تەنانەت هەست بە نیگەرانی یەك نیگەرانی لە پیلانیك، شتیك – دەکەن و بە دردونگی چاو لەم مەسەلەیەدەکەن. پیم باش بوو بزانم نەزەرتان لەم بابەتەوە چیە؟"

گویگری خۆشەویست! دیارە هەرقسەو دەنگ و باسیك لە ناوخەلکدا بلاوبیتەوە بە دەستی ئیمەش دەگا سەبارەت بەم مەسەلەیەش هەم لە دەنگ و باسەکەوهەم لە قسەونەزەری خەلك خەبەردارین . ئەم شایعەیە راست بی یان درو، خۆی شتیکە و پەرەپیدانیشی لەنیو خەلکدا، چ لەلایەن رژیمەوە و چ لەلایەن جیزبی دیموکراتەوە قەست و مەبەستی تایبەتی تیدایە. ئەگەر چاوپیکەوتن و پەیوەندی لەم جۆرەهەبی، بۆ حیزبی دیموکراتی قاسملوو هەرلە دریژەی سیاسەتی سازشکارانەو دژی دیموکراتیك و دژی شۆڕشی ئەو حیزبە دایە و خەلکی کوردستان پییان سەیرنابی چونکوو لە سالانی رابوردووش دا زۆرجار دیویانە و ئاگایان لی بووە بەلام بۆچی ئاوا ئەم شایعەیە پەرەی پی دەدری، دەلیلەکەی ئەوەیە جمهووری ئیسلامیش و جەماعەتی قاسملووش بە جۆریك بۆمەسرەفی ناوخۆ و بۆ چارەسەرکردنی کەلین و کەلەبەری گیروگرفتی ناوخۆیان پیویستی یان بەم جۆرە قاوبلاوکردنەوانە هەیە.

ئەوەندەی جمهووری ئیسلامی یە، دیارە بە قەد کیویك گیروگرفتی بەسەرداباریوە و دەیەوی بە هەرفیلیك بووەتەنانەت بۆ ماوەی چەند مانگیکیش بووەگۆشەیەك لەو بارە لە سەرشانی خۆی سووك بکا. فەرزبکە بۆ بەرپا کردنی نمایشی ئینتخاباتی رەئیس جمهووری کە قەرارە ٨-٧ مانگی تر بیکا، دەیەوی بریك سەری خۆی سووك بکا. ئەگەر لەلایەك بۆ ئەوکارە دەست دەداتە وەحشیانەترین کۆشتار و ئیعدامی بە کۆمەڵ، لەلایەکی تریش تیدەکۆشی خەلك لە چاوەروانی داراگری ولە بازاری وەعدەوبەلین دا، تەخشان و پەخشانیان بۆ بکابەشکەم بەقەولی مەشهوور لەم ستوون بۆ ئەو ستوون فەرەجیك حاسل بی لە کوردستانیش دەیەوی وابنوینی کەگوایە لە فکری خەلك دایە و بیر لە چارەسەرکردنی گیروگرفتیان دەکاتەوە. لە بیرتانەهاوین و پاییزی رابوردووش کەسانیکیان ناردە ئەم شاروئەوشار،بریك پرسیاری جۆربەجۆریان لە نیو خەلکدا بلاو کردەوە کە بۆ مەسەلەی کوردستان چی بکەین باشەوشتی نەزان هەلخەلەتینی لەم بابەتە, ئەوەدەمیش هەر مەبەستیان ئەوە بوو چاوەروانی یەك لە نیو خەلکدا پیك بینن و هەرکەس ئەهلی خلەتان و سازان بی، پیی هەلخەلەتینن ئیستاش وادیارە هاتوەلەگەڵ جەرەیانیکی سیاسی-کەباش دەیناسی ودەزانیٚ بۆ ئەوە دەبی بیکاتە دەسکایەی خۆی‌پەیوەندیکی هاکەزایی گرتوە و جاری کایەی پی دەکا. دیارە ئەگەر رژیم بە مەقسەدی خۆی گەیشت، ئەو وەختەیان حیزبی دیموکراتی قاسملوو بە تەواوی دەبیتە وەرگیرکەی بەردەستی رژیم کە ئیتر عاقیبەتی مەعلوومەو مەعنای عەمەلی یەکەی لە هەموو کەس رۆشنە، یان هەرهیچ نەبی لەمەیدانی سیاسەت داولەبەرچاوی هەموان بی بایەخ دەبی و زیاتر لە جاران دەبیتە ریسوای خاص و عام کەلەهەرتك حالەتەکەدا رژیم زەرەریکی نەکردوە.

ئەلحەق جەماعەتی قاسملووش بۆ ئەم کارە زۆر ئامادەوکەمەربەستەن. ئەمە یەکەم جارنیە کە بە چاوداگرتنیکی جمهووری ئیسلامی کەوتوونەتە دوو دەسمالە و ئیختیاری خۆیان لە دەست بەرداوە.

لە سالانی رابوردووش دا هەرکات گیروگرفتی ناوخۆی حیزبی دیموکرات توند بوو بیتەوە و ئاسوی چارەنووسی خۆی لە شۆڕشدا لی تاریک بووبی پەنای بردوەتە بەر ئەم جۆرە سات و سەودایانە یان هەرهیچ نەبووبی خۆی دەنگۆی ساز کردوەو بە دوایدا تیکۆشاوە لە دەنگو و شایعەی دەست هەلبەستی خۆی کەلك وەرگری بۆ ئەوەی روحیك بەبەرهیزەکانی دا بکاو بە دلخوشی یەکی پووچ رایان گری.

جاری واش بووە هیچ قسەیەکی بۆ خەلك پی نەبووە و ئەم جۆرە شایعاتەی بلاو کردوەتەوە هەتا بە خەیالی خۆی تیپی سازشکارو بی ئاسوی لە قۆماشی خۆی پی سەرگەرم و سەرودلخوش بکا.

بەهەرحال هەموو کەس لە بیریەتی کە بەدریژایی ئەم سالانە، لە نیوان رژیم و حیزبی دیموکرات دا، هەمیشە ئەوە حیزبی دیموکرات بووە دۆراندوویەتی و رژیم بۆ مەقسەدوو مەنزووری خۆی کردوویەتە دەسکایە. هەمیشە ئەوە حیزبی دیموکرات بووە کە ئاخرەکەی سەرەرای هەرخورانان و لاملی خۆ سوورکردنەوەیەك، رووزەردی بەسەرداهاتوەو تەنانەت ناسیاسەتمەدار بوونی خۆشی بە ئاشکرا دەرخستوە.

بەلی دوستی خۆشەویست ! هەروەك توش نووسیوتە کەم کەس هەیە بە چاوی دردونگی چاو لەم دەنگ و باسە نەکا، یان پووچی و بی حاسلی ئەم کارەی هەر لە ئیستاوە لی رۆشن نەبی. ئاخررژیمیك کە کوردستانی پادگانیکی گەورەو لە هەر کولان و گەرەك و شارودی یەك بەسەر نیزەوە رووبەرووی خەلك راوەستاوە، رژیمیك کە چکولەترین مافی سەرەتایی و بەرهەقی خەلك قەبوول ناکا، رژیمیك کەلە زمانی زۆروسەرکوت و کوشتار بەولاوە هیچ زمانیك نازانی، چلون متمانەی پی دەکری؟ چلون خەلك لیی دردونگ نابن؟ کی باوەر دەکارژیمیك کە خۆینی ئەم هەموو خەلکەی کردوەتە شیشە لە ناکاو بکەویتە فکری وت وویژلەگەڵ ریکخراوە سیاسی یەکان؟ ئینسان ئەگەر کەمیك عەقل وتی گەیشتنی هەبی، ئەگەروەعدەی پووچەل حەواسی تیك نەدابی، زۆر ئاسانە کەتی بگا نابی هیچ چاوەروانی یەکی لەم رژیمە هەبی کە بەزەیی بەمریدانی ولایەتی فقیە وەفادارانی قانوونی ئەساسی خۆشی دا نایە. مەگەر بنیادەمی گیل و نەزان، یان ئەوکەسانەی خۆیان لەگیلی و نەزانی دەدەن چاویان لە حەنای ئەم حەقیقەتانە بقونجینن.

بیجگە لەمانە ئەو وت وویژوە ختیك هیچ پابەندی و بەلینیکی ئاشکراو غەیری قابیلی پەشیمان بوونەوەی رژیمی لەپشت نەبی وەختیك لە پیشدا هیچ حەق و حقووقیکی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلك لە لایەن رژیمەوە بەرەسمی نەناسرابی، بەلکووبە پیچەوانە لە ئیدامەی کوشتاری زیندانیانی سیاسی و گرتنی خەلکیکی زۆر لە ئیران و کوردستاندا بی، لە دریژەی داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان و ناردنی هیزی سەرکوتگەری زیاترو سەرکوت و خەفەقانی زیاتری رژیمدابی، چون دەتوانی پیلان نەبی؟ پیلانیکی رەزیلانە بۆ پی شیل کردنی ماف و داخوازو ئامانجەکانی خەلك نەبی؟ خەلك چون دەتوانن مسقالیك نیازپاکی رژیمی تیدا ببینن؟

کاریکی وەها ئەگەر بەبی ئاگاداری خەلك و دوور لە چاوی خەلك بکری، ئەگەر هیچ ئیمکانیکیان نەبی بۆ دەخالەت کردن تییدا و بۆ ئاگادار بوون لیی، ئەگەر خەلك نەتوانن بە هیچ جۆرە رەزا بوون و نارەزابوونی خۆیان و ئیرادەی ئاشکرای خۆیانی تیدادەرخەن، غەیری پیلان چی تری پی دەگوتری؟ کاریکی وا تەنیا مەرگە بۆ ئەوە بی بناوانی دەسال خەباتی خەلکی کوردستان کە جمهووری ئیسلامی یان بەزەلالەت هیناوە بە ئاودا بدا ئەگەر شتیکی وابووبی لە یەکەم هەنگاویدا بی هیچ ئەم لاوئەولایەك بە مەعنای پیشیل کردنی مافی خەلکی کوردستانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، کردنی گیروگرفتی ژیانی میلیونەها ئینسانی زەحمەتکیش و تیکۆشەری کوردستان نیە. هەرچی بی تەقەلایەکی بی سەمەر وبی خاسیەتە بۆ ئەوەی چەند رۆژیك لە عومری نەگبەتی رژیم زیادبی و لەم ناوەدا حیزبی دیموکراتی قاسملووش دەبیتە دەسکایەی رژیم و دیارە ئەوە چارەنووسی خۆدی ئەم حیزبەیە کایەی پی دەکری نەهیچی تر.

# سەبارەت بەوەزعی کاری ژنانی قالی باف لە هەوشار



قالی هەوشار لە باش و جوانی و بەدەوامی دا بەناوبانگە. بەلام رەنجی ئەو بەناو بانگی و باشی و جوانی و بەدەوامی یە کی دەی کیشی و کی قازانجی زۆر و زەبەندی دەخوا؟ دەیان هەزارژنی کریکار، ژنانی بی بەش و ستەمکیش، بەرەنجی دەست و پەنجەیان، بە تەحمولی پشت ئیشە و نەمانی سومای چاو و ژاکانی روح و لەشیان ئەو نەقشە رەنگینەو ئەو کردەبەنرخ و بەدەوامە، لەبەن و شریت دەخولقینن و لەبری حەقدەستیکی کەم و کورت، تەختە تەختە دەیدەنە دەست سەرمایەدرانی مفتە خۆر، ئەوسەرمایەدارانە تەنیا بەم بۆنەوە دەبنە خاوەنی ئەوقالی یانە کە سەرمایە دەخەنە کار، دارتەون و بەن و شریت و رەنگ هی ئەوانە و هیزی دەست و میشکی ژنانی کریکاریشی بۆ دەکرن تا بیانکەنە قالی بۆ موعامەلەی پر لە قازانجی بازاری ناوخۆیی ئیران و دەرەوە.

قالی هەوشارزورتر لە شارەکانی تیکاب و زەنجان و تەوریزو تاران دەفروشری.

٤-٣ سال بوو قیمەتی قالی لە بازاری ئیران و جیهاندا شکابوو، شکانی قیمەتی قالی ژمارەیەکی زۆرلەوخانەوادە زەحمەتکیشانەی بەرشکست کردکە هیشتا دارونەداریکیان بودامەزراندنی دارتەون و وەدەست خستنی بەن و شریت و خوری بە دەستەوە مابوو . بەشیك لەم خانەوادانە کە خۆیان بەنی قالی یان دەرست، بەبۆنەی ئەوەوە بەرشکست بوون کە لە چەند سالی رابوردوودا کارگای "نخ ریسی"، بەقیمەتیکی هەرزانتربەنی تەولید دەکرد.

پاش بەرشکست بوونی ئەم خانەوادانە ژمارەی کریکارانی قالی باف زیادی کردو چونیەتی قەرارومەداری نیوان ئەو کریکارانە و سەرمایەدارانیش ئال و گۆری بە سەرداهات. دەستی خاوەن سەرمایەکان بۆ چەوساندنەوەی زیاتر و قازانج خۆری بی حیساب و ئاوالەتربووەوە و لەبەرانبەردا دەسەلاتی خانەوادەکریکارو زەحمەتکیشەکان بۆ پاراستنی بەرهەمی رەنجی خۆیان کەمتر و کەمتریش بووەوە.

یەك دووسالە دیسان قیمەتی قالی چووەتەوە سەروتاجران و سەرمایەداران دیسان دەستیان کردوەتەوە بە سەرمایە گوزاری لەم مەیدانەدا و سەرمایەیەکی زۆریان لەم بەشدا خستوەتە گەر. "جهادسازندگی" رژیمیش بەبوودجەی دەولەتی یەوە وەك سەرمایەداریکی گەورەهاتە مەیدان وزیاتر لە ١٠هەزاردەزگای لە مالی کریکارانی قالی باف دامەزراند. بەپیی ئاماری خودی "جهادسازندگی" ژمارەی ئەم دەزگایانە ئەمسال گەیشتوەتە ١٢هەزار کە هەرکامیان لانی کەم ٣کریکار کاری لەسەر دەکەن.

بیجگە لە "جهاد سازندگی" ژمارەیەك لەسەرمایەداران و تاجرانی تیکاب قەرارداد لەگەڵ کریکاران دەبەستن و بە پی شیل کردنی سەرەتایی ترین حەق و حقووقی کریکاری یان، بی پەردە، بەرهەمی رەنجی مانگ و سالیان بە تالان دەبەن.

شوینی کاری قالی کردن لە مەنتەقەی هەوشار هەرمالی خودی کریکارانە کە دارتەونی سەرمایەدارانی تیدا دادەمەزرینن. ئەومالانە نەروشنایی پیویستیان هەیەو نەهەوای تازە و نە وەزعیەتیکی موناسبی بیهداشتی بەم جۆرە سەرمایەداران بەر لە هەمووشتیك، بە قیمەتی مەحرووم کردنی کریکاران لە شوینی کاریکی بیهداشتی و موناسب، خەرجی سازکردنی ساختمان و حەمام و کیشانی ئاو و بەرق و تەئیمینی باقی پیداویستی یەکانی شوینی کار لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە و ئەوەی بۆیان دەگەریتەوە بۆچەوساندنەوەی ژمارەیەکی زیاتری کریکاران وەگەری دەخەن. سەرمایەداران بۆراگرتنی ئەم وەزعەتیدەکۆشن و دەلین قازانجی کریکاری قالی باف لەوەدایە کە لە مالی خۆی کاربکا. چونکوو نەوعی کارەکە کۆنتراتی یەو بەم جۆرە دەرامەدی زیاترە. بەلام ئەمە لەراستی دافریویکی سەرمایەدارانە کە ریشەی گیانی ژنی کریکار دەکیشی. بەدامەزراندنی دارتەون لە مال و بەقەراردادی کۆنتراتی، سەرمایەدار نەك هەر ئەوخەرجەی بۆ دەگەریتەوە کە باسمان کرد، بەلکوو لە عەمەل دا رەئیسی خانەوادە (باب یان میرد) دەکاتە سەرکارگەریکی بی مواجب بە سەر ژنانی کریکاردا، رەقابەت دەخاتە نیوان دراوسی کان و لەم ناوەدائەوەی کە ریشەی دەردێ ژنان و کچانی کریکارن و ئەوەش کە بەرهەمی زیاتری دەچیتە گیرفان ئاغای سەرمایەدارە.

ئەم شیوەکارە باب و میرد وەتەماع دەخا کە فشاریکی بی بەزەیی ولەتاقەت بەدەر بخاتە سەر ژن و کچی خۆی و بیەوی و نەیەوی دەبیتە عامیلیکی پوول وەسەریەك نانی سەرمایەدار کە چی خۆی و مندالەکانی بیجگە لە مەینەت و رووتالی زیاتر هیچ شتیکی تریان لەم فشارە بەنسیب نابی.

لەم شیوەکارەدا سەعاتی کاریش هیچ قاعیدەو قانوونیکی نیە لە زەردەی بە یانی یەوە ژنان و کچانی قالی باف لە پشت دار تەون دا دەنیشن و تانیوەشەو، تا کاتیك بەسەر دەزگاکەوە خەو دەیانباتەوە "گری چن" دەکەن و "کەلکیت" دەکوتن. جاری وایە ٢کەرەت نەوتی چراتور تەواو دەبی و دەکوژیتەوەو دیسان هەلی دەکەنەوە. بەم جۆرە سەعاتی کاردەگاتە ١٦و تەنانەت ١٨سەعات تەعتیلی لە کاردانیە مەگەر شایی یەك یان شیوەنیك بیتە پیش کە ئەویش نابی زۆر دەوام بینی لەتاقەت بە دەری ئەم کارە وەختیك رۆشن تردەبیتەوە کە بزانین ئەغلب کچان لە عومری ٥سالی یەوە دەبرینە پیشت دارتەون و دوایش هەر بەم بۆنەوە کە فیری سەنعەتی قالی چنین دەبن، جاری وایە تاتەمەنی ٢٥و ٣٠ سالی ناهیلن میرد بکەن. ئەم جۆرە کچە کریکارانە تەنانەت دوای میردکرنیش بە بۆنەی ئەوەوە کەشیربایی یەکی زۆر لە میردەکانیان دەستینن، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شیربایی یە فشاریکی زیاتریان دەکەویتە سەر لەراستی دا ژن و کچی کریکاری قالی چن لەو کاتەوە کەچاو دەکەنەوە تا ئەو وەختەی کە ئیتر سومای چاویان نامینی، پیردەبن، دەستیان دەکەویتە لەرزین و توانای گری چن و کەلکیت کۆتانیان نامینی، وەك کەنیزی زەرخریدو ئەسیروکویلەی کاری قالی کردنن بی ئەوەی لە بەرهەمی رەنجی خۆیان بحەسینەوە.

سەرمایەداران ئەم وەزعەیان جۆریك تەرتیب داوە کە موناسباتی خانەوادەگی دەکاتە موناسباتیکی زالمانەی وەك کارگەرو کارفەرمایان کارگەر و سەرکارگەر، هەربۆیە زۆربەی ئەو ژنا و کچانە باب و میردی خۆیان بەزالم و چەوسینەر دەزانن نەك سەرمایەداریك کە لەوبەری قەرارداەکەوە شیرەی گیانیان دەمژی و قالی یە دەسکردەکانیان بە کروور کروور دەفروشی و سال بە سال سەروەت و سامانیکی زیاتری پی کۆ دەکاتوە.

حەقدەستی ئەم کریکارانە بە دووشیوە دیاری دەکری. نیوەکاری، یان ئیجارە. ئەگەر قەراردادەکە نیوەکاری بی، رەئیسی خانەوادە دارتەون و کەرەسەی پیویست وەردەگری و قالی تەحویل دەداتەوە و قیمەتی فروشی قالی یەکە لەگەڵ سەرمایەدار نیوەدەکەن. ئەگەریش قەراردادەکە ئیجارە بی، میزانیك بە بڕەدار دەنین کە سەرمایەدار لە کاتی تەحویلی وەرگرتنەوەی قالی یەکەدا دەیدا بەرەئیسی خانەوادە ئاشکرایە کە لە هەرتك حال دا قەرارداەکە هەربە زەرەری خانەوادەی کریکارە چونکوو لە نیوەکاری یەکەشدا سەرمایەداربە بیانووی جۆراوجۆر قیمەتی کەم لەسەر قالی یەکان دادەنی بە جۆریك کە بۆ هەر قالی یەکی یەك میتر لە میتر و نیویك دا کە ١٢هەزارتمەن سەرمایەی دەزگاو وەسایلەکەیەتی، تەنیانزیکەی ١٣تا ١٥ هەزارتمەن حەقدەست بە خانەوادەی کریکار دەگا. لە حالیکدا ئەو قالی یەبە ٥٠ تا ٧٠ هەزارتمەن دەفروشری و سوودی سەرمایەدار زیاتر لە ٢بەرابەری حەقدەستی کریکارەکانە لە قالی ٢لە٣ و ٣لە ٤ میتریش دا سوودیکی زۆرزیاتر دەستی سەرمایەدار دەگری.

ئەم شیوە دیاری کردنی حەقدەستە کونتراتی یە کە رۆژ ومانگ و نەخۆشی و تەعتیل و ئیستراحەت بۆ کریکارناناسی سەرمایەدار بەم شیوەیە لە ژیر خەرجی دەواو دەرمان و بیمە و هەموو هەقیکی لەم چەشنەی کریکاران دەردەچی تەنانەت بە هۆی رەسم و سوننەتی کۆنەپەرستانەوە کە پیاو بە خاوەن ئیختیاری ژن حیساب دەکری، ئەم حەقدەستە راستەوخۆ نادری بە ژن و کچی کریکار و دەدری بە باب وبرا و میردەکانیان یانی بەکورتی ئەم دەیان هەزار ژن و کچە کریکارە تەنانەت لەبەرانبەر ئەم کارەسەخت و تاقەت پروکینەش دا بە کریکار و بەخاوەنی هیچ هەق و حقووقیك ناناسرین.

ئەم وەزعییەتە ئابووری یە، لەسەر وەزعی خانەوادەگی و کۆمەلایەتی ئەو ژنانەش تەئسیری داناوە. ژنان و کچانی قالی باف بە پیی ئەوەی لە قالی کردن. دا چەندە دەست رەنگین ووەستابن، رادەی شیربایی شیان دەچیتە سەریا بە گرانتر دەفروشرین یانی ئەمە دەبیتە بەلای گیانیان و جاری وایە خانەوادەکە یان ناهیلن کچەقالی چنەکانیان زوو، یان بە ئیختیاری خۆیان میرد بکەن. دوای میردکردنیش ئەم جۆرە ژنانە، بەر لەوەی هاوسەری میردەکانیان بن، کریکارن و کریکاربن، دەیان چەوسیننەوە، یان دەبن بە عامیلی چەوسانەوەی زیاتریان بۆ سەرمایەداران .

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٩ | گولانی _١٣٦٨ | مەی_ ١٩٨٩

پێشڕەو

# چاوگێرانێک بەسەر خەباتی کرێکارانی کوردستان لە سالی٦٧دا

سالی پیشوو ژمارەیەکی زۆر هەوال و گوزارشی خەبات و ئیعتیرازی کرێکارانی کوردستانمان بەدەست گەیشت. هەرچەندکە ئەم هەوال و گوزارشانە تەنیا گوشەیەکی خەباتی کرێکارانی کوردستان نیشان دەدەن نەك هەمو ئیعتیراز و تیکۆشانیان، بەلام زۆر شت روون دەکەنەوە چاو گیرانیکی کورت بەسەر ئەم بەشە لە خەباتی کرێکاران کە بە دەستی ئیمە گەیشتوە ئەم واقعییەتە دەسەلمینی کە کرێکارانی کوردستان، سالی ٦٧، پوختە تر و بەتەجرەبەتر لە پیشوو، سازمان درواترو یەکگرتووترو لیبراوانەتر لە پیشوو، لە ئیدارە و شیرکەتە دەولەتی‌یەکانەوە تامەیدانی کاری شارەکان و شیرکەتەساختمانی‌یەکان، لە کارگا و کارخانەکانەوە تا گەرکە کرێکارنشینەکانی سنەو سەقزو سەردەشت و مەهاباد و... لە کوورەخانەی کوردستانەوە تا، کوورەخانەکانی تەوریزو ئەهەر و ئەراك و هەمەدان و شارەکانی تری ئێران، خەباتیکی یەکپارچەتریان لە دژی سەرمایەداران و جمهووری ئیسلامی بەریوەبردوە وسەرکەوتنیان بەدەست هیناوە ئەوەش نیشانەی پیشرەوی و چوونە پیشی هەنگاویکی تری کرێکارانی کوردستانەبووەدی هینانی داخوازە سیاسی و ئابووریەکانیان و بۆیەکیەتی و یەکگرتوویی چینایەتی زیاتری ریزەکانیان.

هەلبەت خەباتی پاری کرێکاران لە هەل و مەرجیکی تال و ناخۆش دا بەریوە چوو. بیکاری و گرانی لە رادە بەدەر، نەبوونی بیمە بیکاری، حەقدەستی کەم و سەعات کاری زۆر و کاری تاقەت پرووکین، مەحرووم بوون لە ئیمکاناتی ریفاهی و دەرمانی و بیهداشتی، ئیخراج و نەبوونی ئەمنیەتی شوغلی، ئاوارەگی و مەحرووم بوون لە مەسکەنی موناسب و ئیمکاناتی سەرەتایی ژیانیکی ئینسانی، زەبروزەنگی سیاسی و سەرکوت و نەبوونی ئازادی بیرو باوەروئازادی بەیان، نەبوونی ئازادی خوپیشان دان و مانگرتن و پیك هینانی ریکخراوەی سنفی و سیاسی، هەول و تەقالای رژیم بۆبەسەر بازگرتنی کرێکاران و بەرێ کردنیان بۆ جبهەکانی شەروتەنانەت هینانە گۆری قانوونی دژی کرێکاری قەدەغەبوونی سپاردنی کار بەو کرێکارانەی نەچوو نەسەربازی، ئەمانە تەنیا بەشیك لەم هەل و مەرجەدژوارە بوون کە کرێکارانی کوردستان خەباتی خۆیانیان تیدا و لە دژیان بەریوە برد.

ئەگەر بەرپاکردنی پترلە ١١مەراسمی شکوداری رۆژی کرێکارلە شاری سنە و چوار مەراسمی رۆژی کرێکار لە مەهاباد سەرەتای دەسپیکردنی موبارزەی کرێکاری سالی ٦٧لە کوردستان بوو لە هەمان کات دا بەریوە بردنی ئەم مەراسمانە لەو هەل و مەرجە دا کە باسمان کرد، نیشانەی ئامادە بوونی بەریوەبردنی خەباتیکی لیبراوانەتر و یەکگرتوانەتری کرێکارانیش بوو.

لەم رۆژەدا چەندین هەزار کرێکاری کوردستان لە شارەکانی سنەو مەهاباد ویرای هەمووهاوچینەکانیان لەسەراسەری دنیاریزیان لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتیان گرت و ئەساسی ترین داخوازەکانی سیاسی و ئابووری ئیستای خۆیانیان دەست نیشان کرد ئەم مەراسمانە بە پیچەوانەی مەیل و ویستی جمهووری ئیسلامی و سەرەرای زەبروزەنگ و پیلانگیری و ئیقداماتی سەرکوتگەرانەی رژیم بۆ پیش گرتن بە بەرپاکردنیان بەرەیوەچوون و کرێکاران کاربەدەستانی رژیمیان ناچار کرد کە لە بەرانبەر هیزیان دا سەردانەوینی.

هەرلەیەکیك لەم مەراسمانەدا بوو کە کرێکارانی تیکۆشەری شاری سنە لە بریارنامەیەکی ٢٠مادەیی دا ئەساسی ترین داخوازەکرێکاری‌یەکانی کریکارانی کوردستانیان هینایەگۆر، داخوازی وەك: بەرەسمی ناسران و تەعتیل بوونی رۆژی کرێکار، بەرەسمی ناسرانی ریکخراوە کرێکاری‌یەکان، پیك هینانی کاری موناسب بۆ هەموو ژنان و پیاوانی بیکاری ولات، بەرابەری ماف سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ژنان و پیاوان، زیادبوونی حەقدەستی کرێکاران لەسەرئەساسی بەریوە چوونی ژیانی خیزانیکی ٥کەسی، بیمەی بیکاری، ٤٠سەعات کار لە حەوتوو دا، مەسکەنی موناسب و زۆر داخوازی ئابووری و سیاسی و ریفاهی تر.

کرێکارانی کوردستان لە سالی ٦٧ پیش دابیجگە لە بەراپاکردنی مەراسمی شکوداری رۆژی کرێکار، زۆرخەباتی سیاسی‌یان وەك: نەچوون بۆ سەربازی و نەچوون بۆ جبهە، راوەستان لە بەرانبەرقانوون و موقەرەراتی نیزامی و ئاموزشی نیزامی دا، مەحکووم کردنی بۆمبارانی شارەکان و پشتیوانی دەربرین لە کرێکارانی دنیان و بزوتنەوەی رەوای کرێکاران و زەحمەتکیشانی فەلەستین و... هەلسوراوانە بەریوەبردوە. بەلام لیرەدا لەوە زیاتر ناچینەسەر ئەمانە و لە سەرخەباتی ئابووری کرێکاران لە شوینی کاریان زیاتر دەروین هەروەها لیکولینەوە لە سەرخەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی گەرەکە فەقیر نشینەکانی شارەکان دادەنین بۆ فورسەتیکی دیکەتا خەباتی ئابووری لە شوینی کار زەقتر بکەینەوە.

خەبات بوداخوازە ئابووری یەکان لە خەباتی سالی ٦٧ی کرێکاران دا جیگا و شوینیکی تایبەتی هەبوو. ئەگەر خەبات بۆ ئەم داخوازانە سالانی پیشوو زیاتر و ئەساسەن لە کوورەخانەکان دەکرا، سالی ٦٧شوینەکانی تری کاروەك ئیدارات و شیرکەتە دەولەتی‌یەکانو مەیدانی کاری شارەکان و شیرکەتە ساختمانی‌یەکانیشی گرتە بەر.

سالی پیشووبیجگە لە گوزارشەکان، ٣٣هەوالمان لە خەباتی ئابووری کرێکارانی کوردستان بە دەست گەیشتوە کە ١٨ خەباتیان بوزیاد کردنی حەقدەست بووە و باقی یەکەشیان ئیعتیرازبە وەدوا کەوتنی پەرداختی حەقدەست ئیعتیراز بۆ کەم کردنەوەی سەعاتی کار، ئیعتیراز بۆ دابین کردنی وسایل و ئیمکاناتی ریفاهی ئیعتیراز بە باج و خەراجی جەنگی، ئیخراج وجەریمەبوون. لەم ٣٣خەباتە، لانی کەم ٢٥یان سەرکەوتوون و کرێکاران توانیویانە داخوازەکانیان بەسەر سەرمایەداران و دەولەت دا تەحمیل بکەن.

چاوگیرانیکی کورت بەسەر ئەم ٣٣، هەوالەو مەراسمەکانی رۆژی کرێکاردا چەند خەسلەتی خەباتی سالی ٦٧ی کرێکارانی کوردستان بە روشنی نیشان دەدا یەکەم: یەکگرتوویی کرێکاران زیاتر بووە دەیان هەزار کرێکار لەم خەباتە دیاری کراوانە دا بەشداریان کردوە. هاودلی و هاوفکری و مەشوەرەت کردن لە نیو کرێکاران دا هەنگاویك چووەتەپیش لە مەراسمەکانی رۆژی کرێکار دا کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرە کان بە ژمارەیەکی زیاترەوە بەشداریان کردوە لە کوورەخانەکان هەموو کریکاران مەنتەقەیەك، قالبدار قرمزدار، چەرخ کیش، کوورە سوور، بەژن و پیاوەوە لە قسە و باسی پیش مانگرتن و لە مانگرتنەکاندا هەلسووراوانە بەشداری یان کردوە. خاوەن کوورەکان و دەولەت سەرەرای سەرکوت و پیلانگیری نەیانتوانیوەتەفرەقەیان لە نیو بخەن.

لە شیونەکانی تریش، لە شارەداری و ئیدارەی راهی مەریوان، لە موخابەرات و لە کارخانەی شاهوی سنە و لە شیرکەتی ساختمانی بی شاسپ و پیرشیخ لەسەردەشت، لە مەیدانی کاری شارەکانی بۆکان و سەقز و مەهاباد، لە شیرکەتی سیام و چل چەمەی دیواندرە و... کرێکاران بە تیکرا ئیعتیرازیان کروەوتا ئاخریەکپارچە ماونەتەوە و لەسەرداخازەکانیان سوور بوون.

دووهەم: داخوازەکانی رۆشنتر لە پیشووبوون و داخوازی هەموو کرێکاران و بشەجۆراوجۆرەکان بووە. لە پیشدا کریکاران لە کوروکۆمەلی خۆیانداو لە مەجمەعی عموومی دا قسەیان لە سەر داخوازەکان کردوەو پیکەوە مەشوەرەتیان لی کردوە و تەوافوقیان لە سەرکردوە ئەمە بەتایبەت لە بریارنامەی کرێکارانی شاری سنەو لە مەراسمی هەوەلی مانگی مەی دا و لە خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکان دا زۆر زەق و بەرچاوبووە.

سیهەم: سازماندراوی و مەیلی کرێکاران بۆ خەباتی سازماندراو و بۆ کاری ریکخراو چەندین هەنگاوهاتوەتە پیش، کرێکاران بە تایبەت لە بابەتەوە بە باشی لە تەجرەبەکانی پیشوویان کەلکیان وەرگرتوە و بە کاریان هیناون. بەریوە بردنی مەراسمی سازماندراوی رۆژی کریکار، هەلبژاردنی نوینەر، پیك هینانی مەجمەعی عموومی، ناردنی نوینەر بۆ کوورەکانی تر لە لایەن کرێکارانی کوورەکانەوە، دەست پیکردنی مانگرتنەکان لە رۆژی دیاری کراودا لە هەموو مەنتەقەکان، هەلبژاردنی نوینەر بۆ وت وویژ لەگەلٚ خاوەن کوورە و سەرمایەدار، پیك هینانی گاردی ئیعتساب، کەلك وەرگرتن لە ریکخراوە کرێکاری‌یەکانی مەوجوود، پیك هینانی سندووق و... هەموویان ئەم واقعییەتە دەسەلمینن.

لەراستی دائەگەر بەرپاکردنی مەراسمی رۆژی کریکار نموونەیەك بوو بۆ کاری ریکخراو، ئەگەر داخوازی بەرەسمی ناسرانی ریکخراوە کرێکاریەکان لە بریارنامەی ئەوەلی مانگی مەی داپەنجەراکیشانی پیشرەوانی کرێکارانی کوردستان بوو بوداخوازیکی کرێکاری و بانگەوازیك بوو بۆ ریکخراوی زیاتر، خەباتی ریکخراوی دەیان هەزار کرێکاری سەدان کوورەخانەو مەرکەزی کاری تر وەلام دانەوەی کرێکاران بوو بەم بانگەوازە و هەولدانیان بوو بوجی‌گیر کردنی شیوەی خەباتی سەزماندراو.

چوارەم: بەشداری ژنان لە خەباتی سالی ٦٧دا زۆربەرچاوبوو. ژنانی کرێکار و زەحمەتکیش لەبەرپاکردنی مەراسمی رۆژی کریکاردا بەشداری‌یەکی هەلسووراوانەیان هەبوو لەبریارنامەی ئەوەلی مانگی مەی دا چەند داخوازی ژنانی کرێکار وەك: بەرابەری کاملی ماف ژن و پیاوە حەقدەستی بەرابەر بۆکاری بەرابەری ژن و پیاو، دابین کردنی مەهدی کوودەك و شیرخورگەو جل شورخانە گونجا بوو لە کوورەخانەکان ژنان لە قسە و باسی پیش مان گرتن، لە مەجمەعی عموومی دا، لە مانگرتن و... دەور و نەقشیکی تایبەتیان هەبوو.

پینجەم: سالی ٦٧هەم خەباتی ئابووری کرێکاران زیاتر پەرەی سەند و هەم لە نەتیجەی یەکگرتوویی و ریکخراوی زیاتر و بەشداری زۆرتری کرێکاران لە خەباتەکاندا، سەرکەوتنیکی زیاتریان بە دەست هینا. هەروەك باسمان کرد لە ٣٣خەباتی دیاری کراودا لانی کەم ٢٥یان بەتەواوی سەرکەوتوون.

سەرکەوتنی باری خەباتی کرێکاران هەرنابی بەرپا مەحدوود بکریتەوە ئەگەر ئەمسال رژیم لە کوردستان ناویری وەك پارلە دژی بەرپا کردنی مەراسمی رۆژی کرێکار بیتەمەیدان و ناچاردەبی خۆی مەراسمی فەرمایشی پیك بینی و سویندبە سەری کریکاربخوا و تەنانەت دا خوازی کریکاری بە بریارنامە مەترح کا، ئەگەر خاوەن کوورەکان ناچاردەبن بەقەراردا دیکەوە بینە مەیدان کە بەشیك لەو داخوازانەیان هەر لە ئیستاوە بە رەسمی ناسیوە کە پارکریکاران خەباتیان بۆ وەری خستوە، هی‌ئەوەیە کە خەباتی پار، ترسی هاتنە مەیدانی زیاتر و خەباتی لیبراوانەتری ئەمسالی و بەر ناون و خۆیان ناچار دەبینن ئەم ماف و داخوازانە بۆ کرێکاران بسەلمینن تا لە توندو تیژی خەباتی ئەو سالیان کەم کەنەوە لەراستی دا جی گیر بوون و تەعتیل بوونی رۆژی کرێکار و هەندیك لەو داخوازانەی کە سەرمایەداران و دەولەت هەر لە ئیستاوە سەلماندوویانە، بەرهەمی خەباتی لیبراوانەی پاری کرێکارانی کوردستانەو بی گۆمان ئەمسال بە کەلك وەرگرتن لە دەرس و تەجرەبەکانی پار و بە کار هینانیان سەرکەوتنیکی زیاتریش بە دەست دینن.

بەلام سەرەرای هەموو ئەوانە، چەند کەم و کووریش لە خەباتی پاردا هەبوو کە نابی لە پیش چاوی کرێکاران و پیشرەوان و رابەرانیان ون بی.

هەروەك باسمان کردخەباتی کریکارانی کوردستان بۆ زیادکردنی حەقدەست، وەك داخوازیکی ئەساسی یان زۆر بە گەرمە و سەرکەوتوانەبەریوە چووە. بەلام لە هەندیك داخوازی ئەساسی تریان دا دەسکەوتیکی کەمیان بەدەست هیناوە. بۆ نموونەکەم کردنەوەی سەعاتی کار، تەئیمنی کار بۆ هەموو کرێکاریکی بیکار، وەرگرتنی بیمەی بیکاری، گەرانەوەی کرێکارانی ئیخراج کراو و... ئیستا لە داخوازە سەرەکی‌یەکانی کرێکارانی کوردستانن و پیویستە هەروەك زیاد کردنی حەقدەست خەباتیکی گەرم و گۆر و یەکپارچەیان بۆ وەری بخری و جیی خۆیەتی ئەمسال ئەم کەم و کووری یەی خەباتی پارقەرەبوو بکریتەوە.

ریکخراو بوونی کرێکاران زیاتر لە کاتی بەریوەچوونی خەباتیکی دیاری کراو دابووە. یانی مەسەلەن کاتیك مانگرتن بۆ حەقدەستی زیاتر لە گۆر دابووە، کرێکارانیش خەباتی خۆیان باش سازمان داوە بەلام پاش تەواو بوونی مانگرتنەکە، ئەم سازماندراوی وریکخراوی یەش کۆتایی پی هاتوە ئاشکرایە کە بەشیك لە ئارایشی کرێکاران پاش کۆتایی پی هاتنی خەباتیکی دیاری کراو، ئیتر پیویستی خۆیان لە دەست دەدەن. بەلام هەموویان وانین مەسەلەن مەجمەعی عموومی یەکیك لەو ریکخراوانەی کریکارانەکە چ لە کاتی خەباتیکی دیاری کراو داو چ لە وەختی تردا پیویستە و کریکاران دەبی بۆ جی گیر کردنی هەول و تیکوشانیکی زیاتر و جیدی تر بە کار بەرن سالی پیشوو دەورونەقشی ژنانی کریکار لە خەباتی کریکاری دا بەرچاوتر بوو بەلام زیاتر بە مەراسمی هەوەلی مانگی مەی و بە خەباتی کوورەخانەکان مەحدوود کرابووەوە. مەسەلەن هەر ئیستا دەیان هەزار ژن و کچی کریکار لە هەل و مەرجیکی زۆر سەخت و غەیرە ئینسانی دا لەبری حەقدەستیکی زۆر کەم لە لایەن "جهادسازندگی" و سەرمایەدارانەوە دەچەوسیندرینەوە. یان هەر لە کوورەخانەکان زۆرداخوازی وەك نانەوا خانە و جل شور خانە و... هەیەك ئەمسال دەبی بچیتەنیو داخوازی کریکارانی کوورەکانەوە.

هیشتاش پیویستە بۆ هەلسووراوی زیاتری ژنانی کریکار لە خەباتەکاندا و بۆ لابردنی موشکیلاتی سەرریگایان، چ لە لایەن خۆیان و چ لەلایەن باقی کریکارانەوە هەولیکی زۆر زیاتر بدری.

پیویستە بۆسەرا سەری کردنەوەی زیاتری خەباتی کریکارانی کوورەخانەکان، بۆ یەکگرتوویی زیاتری کریکارانی مەیدان، بۆراکیشانی پشتیوانی بەشە جۆراو جۆرەکانی کریکاران لە خەبات و ئیعتیرازی‌یەکترو... هەولیکی زۆر زیاتر بدری و ریگای سەرکەوتنی خەباتی ئەمسال هەر لە ئیستاوە خۆش بکری.

محمد مصری

مانگی گولانی ٦٨

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٢٩    گولانی _١٣٦٨    مەی_ ١٩٨٩

پێشڕەو

# به سەرهات
## بەسەرهاتی ژنیکی کرێکاری قالی که هاتوەبۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە



باران پایز بەخورەم ئەباری
بەسەرما
تاڵە دەزوویەك بەوشکی نەماوەلە
بەرما
خەت خەت
رەهیلەی پەنایەك، پەنایەك،
وەك تانی تەونە
که بەرچاوی گرتووم و لیم بۆەتە
موتەك
سواری سەرم بووە.
بەیەکە بین ئەلی: "دەی!
دەسا دەی !"
هەرچی ئەکۆشم کەئەو تەونە
بەشکم بەرم دا
محالە!
یەك تاقە ئازاری لەشم جوولە
ناکا،
ئەڵێی
هەر لەپشتین بەرەو خوارمی
پیوەبەستراوە، پیچەن دراوەو
لەسەردا
بەقامچی
بەبی بەین
له تەوقی سەرم رائەکیشن!
* * *
نانا!خەیالات! خەیالات!
خەیالاتە ئەم باتەوە پشتی
ئەودارەتەو نەلەعینە
من تازە ئیتر رەها بووم رەها،
کوا؟ کوانی؟ کوا تانی تەونە؟
ئەمە شەستە بارانە ئەم شێلی
بارانی پایز
– کەئاوا له گۆی بردووم.
پاساری یەکم له حەوزهەلکشاو
وەختە بمرم لە سەرما دواجمگە
ئەندام و ئازام ئەلەرزی
– وەنە چونە، ئاوا.
سێ رۆژە بەم تاو وبارانە لەم ناوە
ریگا ئەکەم
دول بەدول، دی بەدی م
پشکنیوە
شوین پولە بالندەیەك کەوتووم وا
دەمیکە،
خوزگەی دلی خۆم
لەچاویان، بزەی لیوو
راویژی دەمیان و تیسکەی
تفەنگیان،
بەدی کردوە.
سێ رۆژە ئاسکیکی بەربووم و
هەربیرەبیرە و گل و ژانمە.
بە هیچ هەردوبەردیکەوە بەن
نەبووم و
ئەزانم کەژانی برینم
لەکام مەنزلی دلنیایی دەمێ
ئەسرەوی.
ئەڵێی سیبەڕۆم گرتوە.
یاو و لەرز و راوەم لە کۆڵ
ناکەوی.
بەپێوە خەوی سەردەمی تفت و
تالی منالێم و لاویم ئەبینم:
– دەمێ وەك پەپوولە
بەناو میرگی نەخشینی ژیندا
ئەهاتم ئەچووم
کام گۆلی جوان بوو
ئەم کردەمەنزل.
– کەمی هەلکشام
جوانوویەك،
جوانوویەکی سلی سرکی
نەسرەوتەنی بووم
بەلام
دەستی راست و چەپی خۆم
نەناسیبوو
گیرام.
گیرام.
بەپشت دارە تەونیکەوە
توند له چوار میخه کیشرام
گیرام
کەمەندم له پرچ و لەپەلکانی
زیرینی خۆم بوو
ئەو پرچ و پەلکەی هەموو
کورگەلی دی
بەم ئاواتەوە بوون
کەجاریك
بەحالیك
سەرئەنگوستی دەستیان بگاتی.
هیشتا
نەمای دل و خۆشەویستیەم،
گولیك ی نەپشکوبتوو
هیشتا
لەژیر خانی تاریکسان و لە
زیندانی بەر دارەتەونا
بەخۆمم نەزانیبوو خوینی
جەوانی گەراوە بەرەگما
هیشتا
لەشەوقی چپەی عاشقانە
سووری لە گونام نەزابوو
کەویستیان رسم کەن وەکوو
گویرەکەو
بم فرۆشن بەشووی نابەدل.
یەکەم جار منی سرکی
نەسرەوتەیان
دا بە ژن بوبراکەم،
بەپیریك!
خروشام
قریشکەم گەیاندە پەری دی وتم
گەرملیشم بە پەتدا بکەن
مل بەزۆرداری نادەم.
هەمیسانەوە جاریکی تر هەم ئەم
بەزمەگیرا دووسالە بەم دەردە
گیرودەم و
رۆژ نەبوو من بەقژ رانەکیشن.
رۆژانە ریگای دەروکانی یان لی
تەنیبووم
شەو کاری رەش
جیم له ژیر خان و نوینم لەسەر
ئاخوری بزن و مەربوو.
وەها بوو
کەخیم دایه قەون و
خەمی خۆم لەگەڵ هیلمه هیلمەی
گری دا
له زۆری پەژارەش هەر ئاگام
نەبوو خیری ئەوقالی یەجوانەی
دەسکردی من بوون
لەگیرفانی کام تاجری شار
ئەماسی؟
له پاداشی سومایی چاویش و
پەنجەی سواویش
– حەرام بی، له دووگوشەوارە و
لەخرخاڵێ زیاتر–
نەچاوم بەپووڵێ ئەکەوت و
نەپەنجەم له پووشی ئەبووگیر
بەشی من ئەسیری بوو
گیرودەیی ناو قەفەس بوو
قەفەس دارەتەونی رەقی بی
نەفەس بوو
بەیانان
دەنووکم له میلی ئەگیراند
هەتا زەردەپەر.
بەبەر تەونەوە مورەمورم ئەکرد
بەشکە ساریژی کەم
ئەم خەمەی وەك گولولەی بەنیکم
له سەر دل گری بوو.
بەلاّم
بۆبەلاّی گیانی خۆم نەم ئەزانی
که هەرچەندە خیم دایە قالی
خراپتر لە چالی سیابەختی کەوتم
ئەم ئەزانی
کەهەر چەندە"کرد"م وەسایانەتر
بۆایە
خۆ نرخی کەولم
لەگەل نرخی قالی ئەرویشتە
سور!
هەر ئەتوت که بەم رۆژگارە
من
بەکەلکیتی ئاسن بەهیزی هەموو
پەنجەکانم
خەریکم
گریی بەندوداوی کولولی و
ئەرامەننەیی خۆم
پتەو تر ئەکەم.
سەرەنجام هەمیسان
خەریك بوون بەشووم دەن
بە تاجر دەلالیکی خۆین تالی
خۆین مژ
که قالی بەکردن ئەدا لەو دیهاتە
ئیتر کارد بە ئیسقان گەیشت و
من ئەم جارە دەر چووم
دەلاقەی تەویلەم شکاندو
– چلون تیر بە لوولەی تفەنگدا –
وەها من بە تاریکە شەودا
گڤەم کرد
لەگەڵ بیربیرەی منالی و
خەم و دەردی عومری بە باچووم
لە پاش چەندە مەینەت گەیشتم
بە ئاواتی مەنزل
گەیشتم بە تاواتی مەنزل،
نهینگای عەزیزانی خۆم دیتەوە
– ئای لە خۆشی دلم ئەو دەقیقە
و سەعاتە!
"رەشی" هات بە پیرمەوە
خۆی بوو. باشم ئەناسی
– "ئەمە توی؟"
دوو ریزەدیانی سپی ژیر سمیلی
رەشی
دوو چاوی زیتی وەکوو گر لەکوا
نووی برویا
بەجا مانەکەی وا تەویلی شەتەك
دابوو
گشت دەم و چاوی سوور
هەلگەرابوو
کەدیم، وام ئەزانی
بەجاری گری چاوی
بەربوەتەگیانم
تەزوویەك و
گەرمایی یەکی مولایم،
بەلەشما گەرا
یەك و دووکچان دەورەیان دام
چما دەستە خوشکیکی چەن
سالەیان بووم
–چ روح سووك و خۆش
ویستەنی و میهرەیان بوون!
لەبەر چاوی پرتاسەما
وەك فریشتەی حەکایەت
پەریزادی شیرینی گۆل –
خەندەران بوون.
بەیەك چاوتررووکان
هەریکیان کوتی جل
لەخۆر جینەکەی یا لەبەر بۆ
دەرینام
ئەوەی وا لەبەر مابوو پاك دام
رنی
بەرگی وشکم لەبەرکرد
وتت بوومە بنیادەمیکی ترو
هەرچی ئازاری چەن سالەمە
لەگەڵ ئەو لیباسانە یەکسەر فرەم
دان
هەر ئەو عانە من راستەکەی
گیانی خۆم،
خۆشی رزگاری و
خۆشەویستی "رەشی"م
پیکەوە نایە ناو دەسرەیەك،
– وەکوو خۆشترین یادگاری –
لە گۆشەی دلمدا هەلم گرت و
هەرگیز فەراموشی ناکەم.
ئەفسووس و داخی بەجەرگم
نەما ئەو نەمامەی
یەکەم جار بەدلخوازی خۆم
باوەشم گرتەوە بۆی،
سەرم نایە سەرسینگی گەرمی و
هەموو ئیشی پیشووم لەبیر
بردەوە.
بەلی وا بوو ئەو
یاری خۆینگەرم و هاو سەنگەری
هاندەرم بوو.
رەفیقی ژیانم
شەریکی و تووێژەکانم بوو
دەستی ئەگرتم بەرەو روشنایی.
بەرەو ژینی تازەم
کەئیتر لەوەدوا بکۆشم
لی جیی نەخشی قالی،
بەسەرپەنجە نەخشی ژیانیکی
نوی دابدەم
بۆ ژن و پیاوی هاوچارەنووسم.
من ئیستا کە ئیتر
ژنیکی کزی دەستە مونیم
زەلیلی بریقەی چەقونیم
ئەسیریکی بن مال و مالی خرید و
فرۆش نیم،
من ئەو پەنجە واسالەها بوو لە
هەیلمەم ئەگیراند
لە پیلکەی تفەنگی ئەگیرینم
ئیستا و
بەرەو رووی هەموو رەنجمژان
ئەیتەقێنم.
دووچاوم کە ماندووی گریی
وردی قالی بوو
ئیستا بەریزی وشەی چاودل
روونکەری ناوکتیب ئاشنایە.
من ئەوکات مشتیك منالێ بووم
چلونم ئەزانی
دوری کەم زیانی
لەناو گەنم و جۆی ئاوەدانی
ئیستاش ئەزانم
کەچون بەرهەمی رەنج و کار
گشتەکەی
له چنگ مفتەخۆران رەهاکەین
من ئیستاکەوەك چون ئەزانم
لەساراتی سەوزی بەهارا
بزن چون ئەزی و کارژەلەی جوان
ئەبینی بەبی دەستی مامان
وەها یشە ئەزانم
کەدونیای لە عینی هەژار خۆری
ئیستا
بەدەستی هەژاران، بەمامانی
شۆڕش
جیهانیکی نۆیی لی دەزی،

لیپی دلشادی و جوانی و
بەهرەمەندی
بۆهەموو ئادەمیزاد
ژن و پیاو بەیەکسان.

ف. پشکو – رەشمەی ١٣٦٧–
بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژن
(٨ی مارس ی ١٩٨٩)

## (پاشماوەی) گوزارشیك لە بەریوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

"ئەورو بۆ جواب دانەوە بەم پیویستی یانە، بۆ گیرانی دەوری رابەری له شۆڕش داو، بۆ گورینی سیمای جامیعە و مسوگەرکردنی دوا رۆژی سەرکەوتوانە لە کوردستان، پیویستی‌مان هەیە زۆرلەوە کەهەین بە هیزوتواناتر بین. دەسکەوت و پیشرەوی‌یەکانی تا ئیستامان هەرچەند زۆربەکەلك و پربایەخن بەلاّم بەبی پیشرەوی زیاتر، بەبی ئامادەیی زۆرتر لە خەباتی چینایەتی دا، تەنانەت هەروەك خۆشیان ناپاریزرین . یەکیەتی و هاوپشتی زیاترمان بۆ سەرکەوتنمان لە خەبات داپیویستە.

جیی خۆیەتی ئەمرۆجاریکی تر فەوری ترین وەزیفەکرێکاری یەکانمان وەبیر بینینەوە و بۆ ئەنجامیان پەیمان تازەکەینەوە.

لە شەرایتی فەقروفەلاکەت و بیکاری ئیستادا، لە حالیکدا که لە کوردستان لانی‌کەمی چەقەدەستیش بوزۆربەی کریکاران تەنیا هەر ئارەزووە، پیویستە بە هەموو هیز و توانای کرێکاری‌یەوە بۆ زیاد کردنی حەقدەست و بوراگرتنی مەزایای کار حەقدەست و بوراگرتنی مەزایای کار تی بکۆشین.

لە حالیکدا بەشیکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان کریکاری فەسلی و ساختمانین و ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران بیکارن، بەبی موبارەزە بۆ وەرگرتنی بیمەی بیکاری و موبارەزە لە دژی بیکاری، ناتوانین کریکارانی بیکارو لەسەر کار بە باشی پیکەوە یەکگرتووبکەین . هەربۆیەوە رگرتنی بیمەی بیکاری و وریکخستنی بیکاران داخوازیکی گرینگ و ئەسلی کریکارانە.

جی گیر کردنی ٨ سەعات کار لە رۆژدا و، موبارەزە لە دژی هەرچەشنە بی قانوونی‌یەك و، قەدەغەکرانی کاری مندالان و کاری کۆنترەاتی، بەشیکی دیکەی خەبات و ئیعتیرازی کریکاری‌یە.

موقاوەمەت و موبارەزە لە دژی زولم و زۆری هەررۆژەی هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی و موبارەزە لە پیناو ئازادی‌یە دیموکراتیکەکانداو وەك هەمیشە دەبی بەبەشداری گەرم و گۆر وریکخراوتری کریکاران دریژەبدری.

موبارەزە بۆ حقووقی بەرابەری ژن و پیاو بەشیکی جیانەکراوەی خەباتی کریکاری‌یە. ئیستا کە ژنانی کوردستان،، لەبی حقووقی و مەحدوودیەتی زۆر لە نا و مال و لە کۆمەڵ دا رەنج دەبەن و کۆنەپەرستی مەزهەبی و سەرمایەداری بە هەموو قودرەتیانەوە دەیانەوی نەقشی دەرەجە دووهەم بە ژنان تەحمیل بکەن، نابی ئەو پەرچەمەی کە بۆ بەرابەری ژن و پیاو بەرزبووەتەوە بە بیانووی پروپووچ دانەوینن. پی داگرتنی هەرچی زیاتر و قایم راگرتنی هەرچی زیاتری ئەو شیعارو پەرچەمە بۆ گەشەی خەباتی کریکاری و ئازاد بوونی ژنان، ئەرکی سەرشانی هەر کریکاریکە.

بەریوە بردنی ئەرکەکانی ئەم قوناغە بەبی ریکخراوی کریکاری و بەبی پەرە ئەستاندنی ریکخستنی کریکاران لە سەراسەری کوردستان دا، ئەنجام نادری یان باشترە بلیین بە ئەنجام گەیاندنی تەواویان کاریکی زەحمەت و پردەردی‌سەرە. لە نەتیجەدا موبارەزە بۆ ریکخستنی کریکاران و پیك هینانی ریکخراوەکریکاری‌یەکان ئەرکی هەرەفەوری و ئەساسی بزووتنەوەی کریکاری یە لە کوردستان بەرپا کردنی شوورا کریکاری‌یەکان و دامەزراندنی مەجمەعی عموومی ئەرکیکی گرینگی پیشرەوانی کریکار و کریکارانی کۆمۆنیستە. ئیمە پشتیوانی لە دروست کردن و پیك هینانی هەموو ریکخراویکی کریکاری وەك اتحادیە و سندیکاو... دەکەین و هاورییانی کۆمەڵە و کرێکارانی پیشرەو، بەشداری گەرم و گۆری تیدا دەکەن. تیپەر بوون لەم قوناغە و گەشەی بزووتنەوەی کریکاری تارادەیەکی زۆر بەریکخستنی کریکارانی کوردستان لە ریکخراوە سەراسەری و جەماوەریە کریکاری‌کاندا بەستەگی هەیە. پیك هینانی ریکخراوە کریکاری‌یەکان چەندین قات توان و وزەی خەباتکارانەمان زیاددەکا. کۆمەڵە ئەوە بە ئەرکیکی گرینگی خۆی دەزانی و هاورییانی کۆمەڵە لە هەر شوینیك بن، چالاکانە بۆ ئەم مەبەستە تیدەکۆشن. بە ئەرکی سەرشانی هەموو کۆمۆنیست و کریکاریکی وشیاری دەزانین کە بە هەموو هیزەوە لەم ئەرکە پیروزەدا بەشداری بکەن." هاوری عمر لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا کۆتی:

"تاریخی تائیستای کۆمەڵە و بزووتنەوەی کریکاری لە کوردستان تارادەیەکی زۆر تیکەلاوبوون کۆمەڵە وەك ریکخراوی سیاسی و پیشەنگی کریکاران هاتوەتە مەسدان پاراستن و تەقویەتی کۆمەڵە، پتەو کردنی ریزەکانی و تەبدیل کردنی بە ریکخراویکی تەواو عەیاری کریکاری ئەرکیکی سیاسی سەرشانی هەموو پیشرەویك و هەلسووراویکی کۆمەڵەیە. کۆمەڵە دەسکەوتی پربایەخی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستانە، گەشەدار راگرتنی لە هەموو هەلس و کەوتیکی سیاسی دا، بۆبەرەوپیش بردنی بزووتنەوەی کریکاری پیویستی یەکی چینایەتی‌یە. تاهەم لەم ریگایەوە کۆمەڵەمان هەموو رۆژیك زیاتر بەرەوباری کریکاری و چینایەتی بگورین و هەم هیز و توانای زیاتری کۆمەڵە بوریکخراوتر کردن و گەشە پیدانی زیاتری بزووتنەوەی کریکاری بە کاربینین بە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندام و پیشمەرگە و هەلسووراویکی کۆمەڵە دەزانین کە لەم ریگایەدا هەروەك رابوردوو،

سەرسەختی و چالاکی و فیداکاری لە خۆی نیشان بدا. بە بی پشتیوانی گەرم و گۆڕی ئیوە کۆمەڵانی کریکار و زەحمەتکیش لە کۆمەڵە، ئەمان دەتوانی زۆرقوناغی دژوار تیپەربکەین ئیستاش کە ئەرکەکانمان قورس ترن چاوەروانی پشتیوانی گەرم و گۆڕتری ئیوە لە کۆمەڵەین.

ناموناسب نیە لەو رۆژەدا رووبکەینە هەموو ئینسانیکی دیموکرات و ئازادیخواز هەموو روونـاکبیریکی شەرافەتمەندوداوایان لی بکەین و پییان بلیین: ئەگەر دەتانەوی دژ بە زولم و زۆر و چەوسانەوەبن، ئەگەر بۆ ئازادی و دیموکراسی تیدەکۆشن، دەبی پشت بە خەباتی کریکاران ببەستن و یارمەتی دەری ئەم خەباتەبن. لە ژیر ئالای کریکاری دا هەموو ئامانجەکانی ئیوەش دیتەدی. وەك کۆمەڵە و وەك کریکارانی کوردستان، دەستی دوستی و برایەتی بۆ هەرکەس کەبەدژی زولم و چەوسانەوە بی دریژ دەین و ، خۆمان بە پال پشت و مودافیعی بی ئەم لاو ئەولای هەموو مافیکی ئازادیخوازانە دەزانین هیوا دارین ئیوەش دەستی هاوخەباتیمان لەو قوناغەدا بی جواب نەهیلنەوە و بەشکاندنی دیواری ترس و وەحشەتیك کە بورژوازی دروستی کردوە. هەنگاوی قایمتر لە جاران هەلیننەوە.

هاوریيان قسەکانم بەکەلامی کریکاریك تەواو دەکەم. "اسپتیش"کریکاریکی ئامریکائی کە لە تەزاهوراتی رۆژی هەوەلی مانگی مەی ١٨٨٦ی شیکاگو دا بە دەستی پولیس گیراو لە دادگای سەرمایەدار حوکمی ئیعدامی درا، لە دیفاعیە کەی خۆیدا کوتی:

"گەرپیتان وابی بەئیعدامی من دەتوانن بزووتنەوەی کارگەری کپ و بی دەنگ کەن، بزووتنەوەیەك کە میلیونها میلیون ئینسانی زەحمەتکیش، ئینسانی هەژار وچەوساوە، چاوی هیوایان بریوەتە ئاسوی سەرکەوتن، زۆر لە ئیشتیباه دان هەموومان بکوژن، بەڵام بزانن بە و کارەتان تەنیا پیتان بە پرشکیکی ئەم ئاگرەدا هیناوە و کوژاندووتانەتەوە، لە حالیك دا لە پشت سەرتانەوەو لە هەموولایەکەوە بڵیسەی گری ئەم ئاگرە بەرز بووەتەوەو هەرگیز ناتوانن بیکوژیننەوە."

خەبات و ئیعتیرازی ئیمەش لە کوردستان بەشیکە لەم گروئاگرەودەبی گەشاوەتر رابگیری، تابەدی هینانی ئامانجی هەزاران هەزار" اسپتیش"، تا لابردنی زولم و زۆر و چەوسانەوە وبەدی هینانی دنیای پر لە خۆشی و سولح و حەسانەوە، دنیای ئازادی و بەرابەری.

بۆپیشەوە لە ریگای ئەم خەباتە بەرزوپیرۆز و پر لە شانازی یەدا!

پیرۆزبی ئەوەلی مانگی مەی جیژنی جیهانی کرێکاران!

"هەربژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری"

ئەم مەراسمەش لە نیو شادمانی و دەربرینی ئیحاساتی گەرمی بەشداربووان و تەقەی پرخوشی چەکی پیشمەرگەکانی کۆمەڵەدا کۆتایی پی هات.

# کورتە هەلسەنگاندنیکی هەلسوورانی چەکدرانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە ساڵی ٦٧دا

نوزدەهەمین جەلەسەی شوورای میللی فەلەستین لە الحزایر، لەبریارنامەی رۆژی ١٥ی نوامبردا، رەسمەن پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی راگەیاند.

ئەم جەرەیاتە پشتیوانی‌یەکی بەرین و هەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شورشگیری خەلکی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەکان و حیزبە ئەمپریالیستی‌یەکانەوە لی‌کرا. دەرك کردنی ئەم عەکس العەمەلەکەلەروالەت دا یەك ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە دەولەتە ئەمپریالیستی‌یەکان بۆیە بە پیشوازی ئەم بریارنامەیە و بەگشتی بە پیشوازی سیاسەتەکانی" ساف"وە چوون، چونکوو ئەم بریارنامەیە" بەرەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل"و"رەت کردنەوەی تروریزم"یتیدا بوو– دوومەسەلەی کەپاشان لەلایەن سکرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشکراتریش باسی کرا سەرەکی بەخۆیەوە دیت کە بەش بە حالیخۆی تەئسیری دیاریکراوی کردە سەر هەلسووران چەکدارانەمان لە دژی هیزەکانی رژیم ئیمەسەرەتا بە کورتی ئیشارە بەهەرکام لەم هۆیانەو تەئسیریان لەسەر هەلسوورانی چەکدارانەی کۆمەڵە دەکەین.

جمهووری ئیسلامی دەمیك بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە چنگ بن بەستی شەر لە جەبهەکانی جنووب، بەناردنی هیزو کیشانی ئەوشەرەمالویرانکەرە بوجەبهەی شیمالی و کوردستان، دەیەویست بە هەر قیمەتیك بووە، تەنانەت بەوەدەس هینانی سەرکەوتنیکی بەرتەسك لیرە و لەوی، وەزعیکی گۆنجاوتر بۆ خۆی لە کوللی شەری ئیران و عیراق دا پیك بینی، ئیمکانی پەرەپیدانی نفووزی نیزامی و سیاسی لە ناوخۆی کوردستانی عیراق و کەلك وەرگرتن لەخەباتی ئەوی بۆ ئامانجی کۆنەپەرستانەی خۆی هەرچی زیاتر فەراهەم بکا و لە هەمان کات دا لە چوارچیوەی سنوورەکانی ئیرانیش دا هیز و لەشکری تازە بخزینیتە کوردستان و بەم جۆرەخەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان هەرچی زیاتر تووشی تەنگەبەری بکا و تەنانەت پیش بەوە بگری هیزەکانی ئیمە لە قوولایی ناوچەکانی کوردستان حوزووری خۆیان نیشان بدەن کەوایە دریژەی شەری ئیران و عیراق یەکیك لەو فاکتورەسەرەکی‌یانە بوو کە سالی ٦٧ لە چوینەتی بەرەپوەچوونی تەرح و بەرنامەی هەلسوورانی چەکدارانەی ئیمەدا تەئسیری هەبوو.

یەکەمین گیروگرفت کەهاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی شەری ئیران و عیراق بۆ کوردستان، پیك هات و بەتایبەت لە سالی ٦٦دا وهەتا هاوینی سالی ٦٧ کە شەی کوتایی پی هات – یانی لە قوناغی یەکەمی هەلسوورانی چەکدارانە و جم و جوولی واحیدەکانمان لە ناوەوەی کوردستانی ئیران لە سالی ٦٧ دا – توندوتیژتر بووەوە چونیەتی پەرینەوەمان لە سنوورەکان بوو. چونکوو دریژەی شەری ئیران و عیراق تەنیا بە مانای هاتنی لەشکرلەشکر هیزی رژیم بۆ کوردستان وخەست بوونەوەی ئاگر باران لە جەبهەکان و مەسەلەی بۆمبارانی شارەکان کوچ پیکردنی گوندەسنووری‌یەکان نەبوو. رژیمی جمهووری ئیسلامی بە چاندنی چەندین مەیدانی مین، پیك هینانی چەندین قەرارگا و پادگانی تازە لەسەر تاسەری سنوورەکانی کوردستانی ئیران، ساز کردنی کانال و دیواری تەلبەند و وەگەرخستنی تاقمی گەروك بە شەو وبە رۆژ، بەکردەوە هات و چووی واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمەی تووشی گیرو گرفت کردبوو. لەو وەزعییتەدا هات و چوی واحیدەکانمان بە سنوورەکاندا ئیتر وەك سالان بەسادەیی نەدەکرا. لەو دەورەیەی هەلسوورانماندا پەرینەوە لە سنوورەکان، دیاریکردنی کاتی رویشتنیان و گەیشتنیان لە کاتی خۆی دا بە مەنزلی بی مەترسی، بەتایبەت لە کاتی پەرینەوە لەسنووردا دەوریکی زۆر گرینگی لەوەدا هەبوو کە تووشی شەری دیفاعی نەبن. سالی ٦٦ هەندیك لە واحیدەکانمان لە بەرئەوەی ریگای پەرینەوەیان دریژ ببووەوەیان قەرارگای تازەی هیزەکانی دوژمن لەسەر ریگایان دانرابوو، ناچار دەبوون لە جەرگەی قەرارگاکانی هیزەکانی رژیم دا هەتاشەوی دواتر بە نهینی و شاراوەیی بمیننەوە و کەتاریك داهات ریگاکەیان دریژەپی بدەن. جگەلەوە بەهیزکردن و تەئمینی پیداویستی یەکانی ئەو واحیدانەی لەقوولایی ناوچەکان لە حالی عەمەلیات دا بوون، چوینەتی تەقەمەنی و دەرمان پی گەیاندنیان لە کاتی پیویست دا ئەویش بەلەبەرچاو گرتنی ئەو کوسپانەی لەسەر سنوورەکان هەبوو،، ئەمانە هەموویان گیروگرفتی واقیعی بوون کە لە سالی تازە دا دەبوو ریگا چارەیان بۆ بدوزریتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو کوسپانەی جمهووری ئیسلامی لە سەرتاسەری سنوورەکان سازی کردبوون، گەف و گۆڕی رابەران و فەرماندەنیزامی یەکانی رژیمیش دەستی پیکرد. لەرفسنجانی و خامنەیی یەوە بگرە هەتا موسوی نوینەری خۆمەینی لە کوردستان و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، هەرکام بە جۆریك وەعدەیان بە هیزەکانی خۆیان دەدا، هەر کەس لیستەی هەنگاوەکانی خۆی ریزدەکرد و هەموویان دلخوشی خۆیان دەداوە کە دەتوانن دەستی خەباتی شۆڕشگیرانەی چەکدارانەی کوردستان لە بەروکی خۆیان بکەنەوە. رژیم هەروەها بە کۆ کردنەوەی فەرماندەکانی هەزارپایگاو بنکەی نیزامی خۆی لە کوردستان، سمیناریکی بەنیوی "سمیناری بەهمەن"(مانگی ریبەندانی ٦٦) پیك هینا هەتا بە کرێگیراوانی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی هیزی پیشمەرگە لە سالی ٦٧دا ئامادەبکا. جگە لەوە بۆ هاواهەنگی نیوان هیزەکانی وچاوەدیری سنوورەکان، ستادیکی بە ناوی "ستادی قائم"پیك هیناو بۆ پیش گرتن بە حوزووری پیشمەرگەکانی ئیمە لە قوولایی ناوچەکانی کوردستان، ژمارەی گەشتی‌یەکانی خۆی زیاد کردکە بەشەو و بەرۆژ بە دریژایی سنوورەکان هات و چوویان دەکرد. جگە لەو هەنگاوانە، جمهووری ئیسلامی لە سالی ٦٧دا بۆ ئەوەی شوین پیی واحیدەکانی شناسایی و تەعقیبی تازەی وەگەر خست و تووشی شەری دیفاعی یان بکا، هیزی تایبەتیشی هینایە مەیدان.

بۆتەکمیلی ئەم هەنگاوانە و بۆهەر چی زیاتر خۆ بە ملهور نیشاندان و هەروەها بۆ پیك هینانی فەزای ترس و وەحشەت لە نیو خەڵك دا و ئەوەی زەحمەتکیشانی کوردستان وهیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە هاوکاری یان لە نیوان دا نەمینی، رژیمی ئیسلامی لە ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ئاوایی‌یەکانی ناوچەی سنە بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکی تیکۆشەر و بە تایبەت لاوانی گرت و زیندانی کردن.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەوهەنگاوانەی جمهووری ئیسلامی کە بۆکۆسپ سازکردن لە سەرریگای حوزوور و هەلسوورانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە هەلیگرتبوون، هیشتا فاکتوری سەرکی تر و قایمتر هەبوون کە بەپشت پی بەستنیان نەك هەردەکرا تا کتیك وپیلانەکانی جمهووری ئیسلامی پووچەل کەینەوە، بەڵکوو دەمانتوانی قەلسوورانی چەکدارانەمان دریژە پی بدەین، حوزووری قودرەتمەندی خۆمان نیشان بدەین و بە پیی تەرح و نەقشەی دیاریکراو مان عەمەلیاتی چەکدرانەمان بەریوە بەرین کە فاکتورانە سەرەرای پاشەکشەی نیزامی سەپیندراوی چەندسالی رابوردوو، سەرەرای میلیتاریزە بوونی کاملی کوردستان تەشەنەکردنی شەری ئیران و عیراق بۆ کوردستان، رژیم بورژوایی جمهووری ئیسلامی و هیزە بەکریگیراوەکانی ئەو رژیمەی تووشی داماوی کردوە. بەردەوام بوونی خەباتی کرێکاری و خەباتی ئیعتیرازی کۆمەلانی خەڵکی شارەکان و دیهاتی کوردستان لە دژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی و لە دژی حوزووری هیزەداگیرکەرەکانی لە کوردستان، بەردەوام بوونی پشتیوانی بی دریغی کۆمەلانی زەحمەتکیش و مەحروومی کوردستان لە هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە کە هویەکی گرینگە بۆ بەردەوام بوونی هەلسوورانی چەکدرانەی هیزەکانمان لە هەموو وەزعییەتیك و هەل و مەرجیك دا و وجوودی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە وەك هیزی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان، کە بە هەموو توانای خۆیەوە هەولی داوە وخۆی لە خەباتی خەلکی کوردستان بەرەنگاری جمهووری ئیسلامی و دەسەلاتی سیاسی و چەکدرانەی بووە، ئەو فاکتورە سەرەکی و پایەدرانەن کە یارمەتی یان داوین سیاسەتە دژی شۆڕشەکانی رژیم لە کوردستان پووچەل کەینەوە و بەردەوام بوونی هەلسوورانی چەکدرانەمان بەپیی نەقشەی خۆمان بپاریزین.

مەسەلەیەکی‌تر، شەری ئیمە و حیزبی دیموکرات بوو. هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە نیوەی دووهەمی سالی سالی ٦٣ بەم لاوە هەتا ماوەیەکی زۆر ناچار بوو بۆ وەلام دانەوە بە شەر خوازی دژی بە شۆڕشی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە، هیزەکانی ئەو حیزبە دانیشینیتەوە سەر جیگای خۆیان و ئەمە لە کردەوەدا بە مانای ئەوە بوو قودرەتی جەنگی ئیمە هەتا سالی ٦٦ دابەش بیتە سەر دووجەبهە، بەڵام لە سەرەتای سالی ٦٧دا پاش لیك جیابوونەوەی ئەو حیزبە کە لەراستی دا نەتیجەی لاوازبوونی بورژوازی کورد لەباری نفووز و ئاسوی سیاسی و دەست رویشتوویی عەمەلی و توانای تەشکیلاتی یەوە بەرانبەر بە ئالترناتیوی کرێکاری لە کوردستان و هەروەها نەتیجەی شکست و ناکامی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە بوو، حیزبی دیموکرات بەکردەوە تووشی وەزعییەتیك بوو کە ئیتر پیویست نەبوو وەك جاران بەشیك لە هیزی چەکداری ئیمە تەرخان بکری بۆ بەرەو رووبوونەوەی دایمی لەگەڵ ئەو حیزبە ئیمە بەرانبەر بە هەرتك بەشەکەی ئەو حیزبە ئاگربەسمان راگەیاند. بەشی جیابووەوە خوازیاری ئەوە نەبوو شەر لە دژی کۆمەڵە دریژە پی بدا. بەڵام لایەنی قاسملوو سەرەرای وەزعییەتی ئالوزی سیاسی و چەکدارانەی خۆی هیشتا ملی بەوە نەدا بوو ئاگربەس قەبوول بکا، بۆیە ئیمە ویرای ئەوەی بە بەریوەبردنی ئاگربەسی راگەیەندراومان پابەند بووین، بەرانبەر بە پیلانگیری و ماجەراجۆیی ئەو لایەنە هەرکات بیهەوی ئاگربەس بشکینی، بە هیزەکانی خۆمان سپارد کە وشیاری و ئامادەیی خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی کاریگەر بپاریزن و بەدەستیکی ئاوا لە ترەوە هیزی چەکداری ئیمە بۆ خەبات لە دژی رژیمی جمهووری ئیسلامی گاردی گرت.

جگە لە مانە هۆیەکی لاوەکی تریش لە کاردا بوو ئەوەیش بریتی بوو لە چونە سەری روحی تەسلیم بوون و بی مەیل بوون بەشەر لە ریزی سەربازان و هیزەکانی بەسیج دا کە بەئاشکرا لە نیو هیزە چەکدارەکانی رژیم دا دەبینرا و هاوکات لەگەڵ بن بەستی ئاشکرای رژیمی ئیسلامی لەشەری ئیران و عیراق دا وپاشان بە شکست و بەزینی پەیتاپەیتایان لە جەبهەکانی شەردا دوو ئەوەندە زیادی کردبوو.

لەجەرگەی ئەو هەل و مەرج و وەزعییەتەدا و بەلەبەرچاو گرتنی تەرازووی هیزەکان و هەروەها ئەو هۆیانەی باسیان کرا، هەلسوورانی چەکدارانەی سالی رابوردوومان بە پیی سیاسەتی نیزامی‌مان لەم قوناغەی بەرەوپیش بردنی ستراتیژی حیزبەکەمان لە بزووتنەوەی کوردستان دا و بەلەبەر چاوگرتنی ئیمکانات و مەقدوورات و توانای جەنگاوەرانەی هیزە چەکدراەکانمان دەست پیکرد.

# تایبەتی یەکانی هەلسوورانی چەکدارانەمان لەم دەورەیەدا

تایبەتی یەکانی هەلسوورانی چەکدارانەمان لەو دەورەیەدا بە کورتی بەم جۆرەیە:

– هەلسوورانی چەکدارانەمان لە ساڵی رابوردوودا لە هەمیشە زیاتر ئامانجدار و بەپیی نەقشەبوو. هەلسەنگاندنیکی واقیع بینانەی هەل و مەرج و وەزعییەتی عەینی (بەو فاکتورانەوە کە پیشترباسمان کرن)، بەراورودکردنی توانایی ئیمکاناتی جەنگاوەرانەی هیزەکانی خۆمان و هەروەها توانایی هیزەکانی خۆمان و هەروەها توانایی و ئیمکاناتی خەباتکارانەی خەلك لە دارشتنی تەرح و نەقشەی هەلسوورانی چەکدرانەمان دا جیگای واقعی خۆیان بۆ دانراوە. بۆ ئیمە مەسەلەی گرینگ و سەرەکی ئەوە بوو کە تیکۆشانی چەکدرانەی ئەم دەورەیەی حیزبەکەمان لە کوردستان بە پیی بەرنامە و نەقشەی ئامانجدار و بەدانستە بەرەوپیش بەرین، بە ئاگادار بوونی کامل لەوەکە لەم دەورەیەدا دەمانەوی چ ئامانجیك وەدی بینین و لەبەرەوپیش بردنی هەلسوورانی چەکدرانەمان دا لەم دەورەیەدا چاومان لە چییەوبەتەمای چین، نەقشەوتەرحی نیزامی ئەم دەورەیەی هەلسوورانی چەکدرانەی خۆمان دیاری کرد.

–یەکجی ترکردنی هەلسوورانی چەکدرانەمان لەم دەورەیەدا بەلەبەر چاوگرتنی وەزعییەتیك کە تیکۆشانی ئیمەی تیدا بەرەوپیش دەچوو یەکیکی‌تر لە تایبەتی‌یەکانی هەلسوورانی چەکدرانەمان بوو لەساڵی رابوردوودا. ئەوە مەسەلەیەکی گرینگ بوو و دەبوو بەوردی لەبەرچاوبگیری، لەساڵی رابوردوودا ئیمە لە هەمیشە زیاتر پیویستیمان بەوە بوو هەموو هیزەکانمان لە ژیر نەقشەیەکی واحیددا کۆبنەوە و رووبکەنە مەبەستیکی واحید، نەك هەر هەل و مەرجی تازە بەلکوو سەرجەمی تەجرەبە و ئەزموونی تا ئیستامان و سیاسەتی چەکدرانەمان وای پی دەویست کە زۆر زیاتر لە جاران هاواهەنگی لە جم و جوولمان دا هەبی.

– بۆگەیشتن بە ئامانجەکان و وەدی هینانی تەرحە نیزامی یەکانمان لەساڵی رابوردوودا، دەبووریکخستن و گارد و شیوی جم و جوولی هیزەکانیشمان بە پیی پیویست بگوردری. بەم دەلیلە لە ساڵی رابوردوودا تیکۆشانی هەموو واحیدەکانی خۆمانمان دەورەبەندی کرد، گۆرینی واحیدەکانمان لەوەختی خۆیدا و حەسانەوەی پیویستیان نرایەدەستوور، ریتمی گونجاو بۆ هەلسوورانی چەکدرانەیان دیاری کرا و بەم جۆرە شەکەت بوونی واحیدەکان کەم کرایەوە و کارایی و لیهاتوویی هەموو واحیدەکان زیادی کرد.

– جگە لەوە پیویست بوو واحیدەکانمان لە جاران بزیوتر بن و جم و جوولیان زیاتر بی، پیویست بوو توانیی و قودرەتی جەنگاوەرانەیان ئەوەندەبی کە بتوانن هەر رووداویك بقەومی گۆرج بەرەنگاری بنەوە، بتوانن شوینەونکە بکەن، مانور بدەن، هیزەکانی دوژمن تووشی سەرلی شیواوی بکەن و بەغافلگیر کردنیان لە وەختی خۆیدا تەرحی عەمەلیاتی خۆیان بەوردی بەریوە بەرن. لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلەیە تەئسیری راستەوخۆی دەکردە سەر بەریوەچوونی تەرحەعەمەلیاتی‌یەکانمان لە ساڵی رابوردوودا گارد و ریکخستنی واحیدەرەزمی‌یەکانی خۆمان لەگەڵ ئەم پیداویستی یانە یەك خست...

– لەو دەورەیەدا دەبوو بە کەمترین تەلەفاتەوە و تەنانەت بەبی تەلەفات تەرحە عەمەلیاتی‌یەکانمان بەریوە بەرین . کەوایە پیویست بوو خۆمان تووشی شەری دیفاعی لەگەڵ دوژمن نەکەین بۆئەم مەبەستە، ئامانجەعەمەلیاتی‌یەکانمان بە جۆریك هەلبژیردرابوون کە بە تەواوی قابیلی وەدی هینان بوون تەجرەبەی شەری چەکدرانەی خۆمان بەدروستی نیشانی دەدا کە بەریوە بردنی هەرچەشنە هەلسوورانیکی چەکدارانە خۆی لە خۆی دا بەپی لەبەرچاوگرتنی توانای واحیدەکانمان ئیمکانی وەدی هاتنیان لەباری نیزامی یەوە، وەکەوتنە شوین شەری هەرچی زیاتر و خۆ بەدەم هەموو شەریکەوەدان دەبیتە هۆی ئالوزی پیك هاتن لەبەروپیش چوونی بەرنامەونەقشە نیزامی یەکاندا، ئالوزی لە حەرەکەت و جم وجوولی واحیدەکان دا، تووشی شەری نەخوازرا و دیفاعی بوون، تەلەفاتی قورس و تیك چوونی هەموو نەقشەی هەلسووانی واحیدیکی هیزی پیشمەرگە کەوایە لە بەرچاو گرتنی ئەو تەجرەبە و ئەزموونانە و بە کارهینانیان لە کردەوەدا ئەویش بەکەیفییەتیکی زۆر باشتر لە جاران و بەکەمترین تەلەفاتەوە لە ساڵی ٦٧دا، نەك تەنیا بووەهۆی ئەوەی تووشی شەری دیفاعی نەبین بەلکوویەکیك لە دەسکەوتەکانی هیزەکانیشمان بوو.

– هەرچەند لەم دەورەیەدا هەلسوورانی چەکدارانەمان لەباری چەندایەتیشەوە جیگای رەزامەندی بوو، بەڵام ئەوشتەی لە پلەی‌یەکەم دا لەو دەورەیەدا مەبەستمان بوو، نەك بەتەنیاژمارەی عەمەلیاتی چەکدرانە بەلکوو نیشاندانی کارایی و لیهاتووی چەکدرانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و بەریوە بردنی عەمەلیاتی ئامانجدار و بە پیی نەقشەو بەرنامە بوو.

# دەسپیکردنی هەلسووران، حوزوور لە قوولایی ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان و دەست پیشکەری لە شەرەکان دا.

بەهاوکاری و فیداکاری واحیدەکانی شناسایی و مین کۆکردنەوە، کۆسپەکانی پەرینەوە لە سنوورەکانمان لەسەر ریگای واحیدەکانمان لابرد. پاش چەند رۆژ واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمە خۆیان گەیاندە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە تایبەت دەوروبەری شارەکان و هەلسوورانی خۆیان بەپیی تەرح و نەقشەی نیزامی دیاریکراو دەست پیکرد.

هیزی پیشمەرگەی ئیمە بۆ ئەوەی دەست پیشکەری بکا و جلەوی شەرەکان بە دەستەوە بگری و نیشان بدا لەم هەل و مەرجەدا دەتوانی هەلسوورانی چەکدرانەی خۆی چونی دەیەوی بەرەوپیش بەری، دەبوو بەکەیفییەتیکی زۆر بالاتر لە جاران بجوولیتەوە و ئامادە بی عەمەلیاتی ئامانجدار و تیك شکینەر و گورج و غافلگیرانە و کەمترین تەلەفاتەوە و لە باشترین حالەت دا ئەنجام بدا. بەم بۆنەوە پیویست بوو توانا و لیهاتوویی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بچیتە سەر بە جۆریك کە نەك هەر لەو هەل و مەرجەدا کەباسی کرا بەڵکوو لەهەر سەنگ و سووکی‌یەکی نیوان هیزەکاندا بتوانی زیاترین لیهاتووی لە خۆی نیشان بدا. ئەمە ئەو شتە بوو کەلە ساڵی ٦٧دا لەچاو جاران زۆر جیددی تر نرابووە دەستووری کاری فەرماندەیی و هەموو واحیدەنزامی‌یەکانمان.

واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمە چ کاتی ئامووزش و پەروەردەکردنی سەرەتایی، چ لەباری لیهاتوویی فەردی و گورووهی و ئامادەیی بۆ بەکارهینانی تاکتیکی گۆنجاوی شەر، بەتایبەت لە شەری پارتیزانی دا لەهەل و مەرجی ئیستای کوردستاندا و چ لەباری تکنیکی و فەننی‌یەوە، تەمرین و راهنیانی سیستماتیك تریان لەچاوجاران بۆ دانرابوو، بۆ ئەوەی نەك هەروەلامدەرەوەی پیویستی‌یەکانی شەر و عەمەلیات بن وبەڵکوو زۆر کارامەتر لە رادەی پیویست بن.

بەم پی‌یەفەرماندەکانی ئیمە لە سال ٦٧دا بەحەرەکەت و مانوری وشیارانە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەخۆ لە دوژمن ئاشکرا نەکردن و فریودان و غافلگیر کردن، بە هەلبژاردنی ئامانجی عەمەلیاتی گونجاو لە کاتی خۆیدا، بە خۆپاراستن لە داوی هات و نەهات و خۆبەدەم رەوتی رووداوەکانەوەنەدان، توانی‌یان بەدوومەبەستی دیاریکراو بگەن:"خوپاراستن لەشەری دیفاعی کە دوژمن کات و جیگای بۆدیاری کردبی" و "دەست پیشکەری لە مەیدانی شەردا" بەگشتی کەیفییەتی رەزمی هەلسوورانی واحیدەکانمان لە ساڵی ٦٧دا زۆر لەجاران بالاتر بوو.

بەراگەیاندنی ئاگربەس و کوتای پی هاتنی شەری ئیران و عیراق، کوسپ و گیروگرفتەکانی پەرینەوە لە سنوورەکان تارادەیەکی زۆر، کەم بوونەوە لە نەتیجەدا واحیدەکانی ئیمەبەبی گیروگرفتیکی ئەوتو لەسنوورەکان دەپەرینەوە و بەخیرایی لە دەوروبەری شارەپرجەمعییەتەکانی کوردستان جیگای یەکتریان دەگرتەوە بەم بۆنەوە ئیمە لە ناوەراستی پاییزەوە هەتا سەرەتای زستان دەوریکی ترمان بۆ هەلسوورانی چەکدرانەی هیزی پیشمەرگەدیاری کرد کە تییدا واحیدەکانمان چەند عەمەلیاتی دیاریکراویان لە دژی هیزەکانی رژیم بەرویوە برد.

تائەو جیگایەی پەیوەندی بەوەزعییەتی هیزەکانی رژیمەوە هەیە، بە هۆی شکستی پەیتاپەیتایان لە جەبهەکانی شەری ئیران و عیراق دا و چوونەسەری روحی خورانەگرتن و خۆبەدەست وەدان لە نیو یان دا و بی مەیل بوونیان بەشەرکردن لەکوردستان هەتا ماوەیەکی زۆر حالەتی دیفاعی یان بوو و خۆیان لەوەدەپاراست راستەوخۆ بەرەنگاری پیشمەرگەکانی ئیمە بن و زیاتر خەریکی پاراستنی خۆیان و پایگاکانیان بوون هەندیك جاریش هەولیان دەدا کەبکەونە شوین واحیدەکانی ئیمە وزەربەیان لی بدەن بەڵام ئەغلەب هەول و تەقالایان بە هوی هوشیاری واحیدەکانی ئیمە پووچەل دەبووەوە. جگە لەچەندین عەمەلیاتی چەکدرانەی سەرکەوتوانی کەهیزی پیشمەرگەی ئیمە لە ساڵی ٦٧دا بەریوەی بردن، هەلسوورانی چەکدارانەی تریش وەك جەولەی سیاسی، نیزامی، تەبلیغی لە دەستووری کاری واحیدەکانی ئیمە دا بوو کە جاری وابوو هەتا مانگیکی دەخایاند پیشمەگەکانی کۆمەڵە بەدریژایی چەند مانگ هەلسوورانی نیزامی خۆیان لە ساڵی ٦٧دا لە کۆروکۆبوونەوەی خەلگی زەحمەتکیش دا و جاری وابوو لە شوینی کارۆژیانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان حازر دەبوون و سەبارەت بە مەسەلەکان و گیروگرفتی جۆراوجۆر قسەوباسیان لەگەڵ دەکردن.

کۆمەلانی خەلکیان لەگەڵ ئاسوی ئال و گۆرەسیاسی یەکانی ناوچەکە پاش کۆتایی پی هاتنی شەری ئیران و عیراق و هەلویست و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەم بابەتەوە ئاشنادەکرد و قسەیان لەگەڵ دەکردن هەروەها هەولیان دەدا ئەو نارۆشنی و نیگەرانی یانە کە پاش کوتاییی هاتنی شەری ئیران و عیراق لەبابەت دا هاتووی بزووتنەوەی کوردستانەوە سەریان هەلدابوو، بدەنەبەرباس و وەلامیان بدەنەوە. جگە لەمەپیشمەرگەکانی ئیمە لە باقی مەسەلەکان وگیروگرفتەکانی زەحمەتکیشانیان دەکولیەوە و هەولیان دەدا پەیوەندی قوولی خۆیان لەگەڵ خەلکی زەحمەتکیشی کوردستان هەروا بەردەوام راگرن.

لەساڵی رابووردووش دا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە پشتیوانی بی دریغ و بەرینی خەلکی کوردستان بەرخورداربوون و کۆمەلانی خەلك دەنگ و باسی پیویستیان لەبابەت وەزعییەتی هیزەکانی رژیم و جم وجوول و شوینی کۆبوونەوەیان و هاوکاران و جاسووسانی رژیمەوە دەگەیاندە پیشمەرگەکانی ئیمە و بۆپووچەل کردنەوەی پیلانەکان و جم وجوولی هیزەکانی رژیمی ئیسلامی ئەوپەری هاوکاری و دلسوزی یان لە حاست پیشمەرگەکانی ئیمە نیشان دەدا.

# بەراوردکردنیك و نەتیجەگیری لەساڵی ٦٦دا، هیزەکانی ئیمە ٦٢جار

کەوتنەبەر هیرشی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی کە ٢٨جاریان هیرشی قورس بوون لە حالیکدا ساڵی ٦٧، هیرشی هیزەکانی رژیم بۆسەرهاوری یانی ئیمە گەیشتە ١٥ جار کەتەنیا ٤ جاریان هیرشەکان لە چاوئەوانی تر قورس و بەرین بوون، ئەمە لەچاوشەرە دیفاعی‌یەکانی ساڵی رابوردوو بەئاشکرا کەمترە.

جگە لەوە کەمین نانەوەی بەرینی واحیدەکانی هیزی پیشمەگەی ئیمە لەشوینی زۆر گوینگ لە نزیك شاری سنە، لە ٤کیلومیتری پادگانی لەشکری ٢٨و بەدیل گرتنی ١٩کەس لە هیزەکانی دوژمن، نموونەیەك بوو لەشەری گورج و بەدەست وبرد و غافلگیرانە دەدژی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی هەروەها رۆژیك دوای ئەو عەمەلیاتە، عەمەلیاتی گرتنی پایگای هیزەکانی رژیمە لە ئاوایی "مەلەکشان" لە لای خوارووی رۆژاوای شاری سنە، ئەویش بەتەواوی و بەغافلگیر کردن و فریودانی هیزەکانی رژیم، نموونەیەك بوو لەو عەمەلیاتە بە دەست و بردانە کە دوژمن غافلگیردەکەن و سەری لیدەشیونن. هەروەها عەمەلیاتی بەرین و چەند سەعاتەی نیو شاری مەریوان و عەمەلیات لە نیو شارەکانی سەقز و بۆکان چەند عەمەلیاتی پەلاماردەرانە و نموونەی پیشمەرگەکانی ئیمە بوون لە ساڵی ٦٧دا لە نیو شارەکان. بەگشتی حوورزوری پیشمەرگەکانی ئیمە لە چەند ناوچەیەکی بەرینی کوردستان، گرتنی چوارپایگای هیزەکانی رژیم، بەریوەبردنی چەند عەمەلیاتی پەلامار دەرانە لە نیو شارەکان و کۆنترول کردنی جاە ئەسلی یەکانی نیوان شارەکانی کوردستان و، جگە لەوانەش چەندین عەمەلیاتی گەورە و چکولەی ترکەتییاندا سەدان کەس لە هیزەکانی رژیم کوژران و بریندداربوون، ٥٨کەسیان لی بەدیل گیرا، کۆمەلیك تەقەمەنی و چەکی قورس و نیوەقورس و سووکیان لی بەدەسکەوت گیرا و ژمارەیەك لەواحیدەتایبەتەکان و گورووهە زەربەتەکانی رژیم تەفروتووناکران، سەرکەوتنی بەرچاوی هەلسوورانی چەکدرانەمان لە ساڵی ٦٧دا نیشان دەدەن.

لەم دەورەیەی هەلسوورانی چەکدرانەمان دا ٨کەس لەهاوری یانمان گیانیان بەخت کرد.

بەگشتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەل و مەرج و مەوقعییەتە کە لەساڵی ٦٧دا هیزەکانمان تییدا لە دژی بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی هەلسوورانی چەکدرارانەی خۆیان بە ریوە برد، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوە کەهیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە توانی بە بەشی هەرەزوری ئەو ئامانجانە بگا کە لە نەقشەو بەرنامەی نیزامی و عەمەلیاتی‌دا بۆخۆی دیاری کردبوو، دەکری هەلسوورانی چەکدرانەی ساڵی رابوردوومان بەشیوەی قەتعی وەك سەرکەوتنیك حیساب بکری.

حسین مرادبیگی
خاکەلیوەی ١٣٦٨
وەرگیردراو لە "پیشرو"ی فارسی،
ژمارە ١٧، دەورەی سیهەم

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٩ may: ١٩٩٨

## وەلامی پرسیاریك لە سەر خۆكۆتانی حیزبی دیموكراتی جەماعەتی قاسملوو بۆ سات و سەودا لەگەڵ جمهووری ئیسلامی

خوینەری بەریز!

لەمەودوا هەول دەدەین هەندیك پرسیارو وەلامی بەرنامەی" ئیمە و گۆیگرەكان"ی رادیو دەنگی شۆڕشی ئیران كە بۆخۆینەرانی "پیشرەو"یش بەكەلك بن، چاپ بكەین لەم ژمارەیەی پشرەودا پرسیاری گویگریك و وەلامەكەی دەنگی شۆڕشی ئێران چاپ دەكەین، ئەم وەلام و پرسیارە لە بەرنامەی رۆژی ٦ خاكەلیوەی ئەمسال لە رادیوی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاّوكراوەتەوە.

وەلامی نامە

گویگریك لە شاری سەردەشتەوە لە نامەیەك دا كەبەنیوی م.د ئیمزای كردوە نووسیویەتی :

"ئەوەماویەیەكە لەم لاولەولا شایعەیك بلاّو بووەتەوە كە خۆی لە خۆی دا نەتازەیە و نەسەیرە: ئەویش شایعەی پەیوەند و چاوپی كەوتنی نیوان جمهووری ئیسلامی و جەماعەتی قاسملووی حیزبی دیموكراتە ئەم شایعەیە راست بی یان درو، وادیارە رژیم یان كەسانیكی دیكە بە ئەنقەست پەرەی پی دەدەن و گەورەی دەكەنەوە جانازانم مەنزووریان چیە؟ زۆر كەس لە خەلك بە دەلیلی تەجرەبەیان لە جمهووری ئیسلامی و بە دەلیلی ئەوە كەوت وویژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بیهوودەوبی حاسلە تەنانەت هەست بە نیگەرانی یەك نیگەرانی لە پیلانیك، شتیك – دەكەن و بە دردونگی چاو لەم مەسەلەیەدەكەن. پیم باش بوو بزانم نەزەرتان لەم بابەتەوە چیە؟"

ل٦

# گوزارشیك لە بەریوەچوونی مەراسمی رۆژی كرێكار لە مەقەرەكانی كۆمەڵە

رۆژی ١١ی گولان ریكەوتی هەوەلی مانگی مەی بە بۆنەی رۆژی جیهانی كریكار، چەندین مەراسمی گەرم و گوڕ لە مەقەرەكانی كۆمەڵە بەریوەچوو.

لەم مەراسمانەدا ویرای پیشمەرگەكانی كۆمەڵە ژمارەیەكی بەرچاو لە میوانانیش بەشداریان كردو ریزیان لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی كریكارانی جیهان گرت. ئەم مەراسمانە لە مەقەرەكانی ناوچەكانی مەهاباد، سەردەشت، سەقز، مەریوان، سنە و لە مەقەریكی مەركەزی كۆمەڵەوهەروەها لە یەكیك لە مەقەرەكانی ئاسوس بەریوە چوو.

هەموو ئەم مەراسمانە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستیان پی كردو پاش راگرتنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت گروانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم، بە سوخەنرانی و شیعر وسروود دریژەیان پیدرا. ئەم مەراسمانە بە شادمانی وشایی و هەلپەركیی بەشداربووان و لە چەند شوین لە نیو تەقەودەنگی تەقینەوەیەك دا كە بە بۆنەی ئەم رۆژەوە تەدارەكی بودیترابوو، كۆتاییيان پی هات.

چەندبەش لە قسەوباسی هاوری عمرایلخانی زادە لەمەراسمی رۆژی كرێكاردا .

لە یەكیك لەم مەراسمانەداكە لە مەقەریكی مەركەزی كۆمەڵە بەریوە چوو هاوری عمرایلخانی زادە، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی كۆمەڵە سوخەنرانی كرد. هاوری عمردوای پیروز بایی لە كرێكاران و هاورییانی حیزبی كۆتی:

" ... ئەورو ١٠٣ سال دوای تەزاهوراتی كرێكاری لە خۆین دا شەلال كراوی شیكاگو، ئەم جارنەك بە هەزاران و دەیان هەزار، بەڵكوو بە دەیان و سەدان میلیون كرێكار، نەك هەربۆ زیادكردنی حەقدەست و كەم كردنەوەی سەعاتی كار، بەلكوو بۆ وەبیر هینانەوەی حوكمی بە تال بوونی دنیای سەرمایەو بودواڕۆژی كرێكاری ئەم جیهانەوە، بۆبەئەنجام گەیاندنی ئەم حوكمە چینایەتی و میژوویی یە پی دادەگرن.

بەم جۆرە بەهەموو دنیاو بە دوژمنان نیشان دەدەین كە ئەو كرێكارەی كە لە خیابانەكانی شیكاگو كوژرایان لە بیدادگای سەرمایەدا حوكمی ئیعدامی درا، هەرئەم كرێكارە، هەرئەم ریبازە، لە ئوكتوبری ١٩١٧دا تەخت و تاجی یەكیك لە گەورەترین نیزامە دیكتاتورییەكانی ئەم جیهانەی نایەگۆر و حكوومەتی كرێكاری دامەزراندو بۆ ماوەیەكی دوورودریژ لە رزی خستە گیانی زۆرداران و چەوسینەرانی هەموو دنیا.

هەرئەو كریكارە، ئیستاش هەموو رۆژی، هەرجارە لە گوشەیەكی ئەم جیهانەدا بە ئیعتساب و ئیعتیرازی دەیان و سەدان هەزاركەسی، ئیرادەی لەشكان نەهاتووی خۆی بۆ ئەستاندنی هەق و بۆهەس دانەوەی سەرمایە نیشان دەداو هەخەرجارە لە گوشەیەك كوت و زنجیری سەرمایەدەداتە بەرپەلامارو نەزم و نیزامی تیك دەشیوینی."

هاوری عمر لە بەشیكی دیكەی قسەكانی دا كوتی:

"خەبات و تیكۆشانی كرێكارانی ئیران و كوردستان، لە گۆشەیەكی ئەم عەرزە، بەشیكی جیانەكراوەی ئەم خەباتە جیهانی یەیە. جیگای خۆیەتی كە لەم رۆژەدا هاودەنگ لەگەڵ هەموو هاوچینەكانمان، بەهەلسەنگاندنی هەل و مەرجی ئیستا ئەرك و وەزیفەكانی خۆمان وەبیر بینینەوەو خەبات لەدژی جمهووری ئیسلامی و موبارەزە لە پیناو داخوازەكانی چینی كرێكار، گەرم و گوڕتر لە هەمیشە بەرەوپیش بەرین.

ئەوروژیمی جمهووری ئیسلامی لە بوحرانیكی قوولی سیاسی، ئابووری و كۆمەلآیەتی دایەو دوای شكستی لە شەری كۆنەپەرستانەی ئیران و عیراق دا، ناكوكی ناوخۆیی حكوومەت بەرادەیەكی یەكجار زۆر توندوتیژ بووەتەوە دوا رۆژی جمهووری ئیسلامی تەنانەت لە لایەن كاربەدەستان و بەریوەبەرانی ئەم رژیمەشەوە لیل و تاریكە بۆحرانی ئابووری چارەهەلنەگر رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرە دەستینی بی پایەبوونی وەعدە و وەعیدی بازسازی و رفورمی ئابووری، زۆر لەوە زووتر كە چاوەروان دەكرا بۆ كۆمەلآنی خەلك ئاشكرا بوو. شكستی پان ئیسلامیزم و شعارەكانی، ویرانی ئابووری، كوشت و بروزیندان و خەفەقانی بەوینە، ریسوایی هەرچی زیاتری بوورژیم، لە دەرەوەی ولات و ناوخۆی ولات دا، بەدواوە بووە. روالەتی دژبە دیموكراسی و دژایەتی فەلاكەت، بی حقووقی، خەفەقان و چەوسانەوە لەم جامیعەیەدا تاكەی دریژەی دەبی؟ لە حالیكدا بوحرانی سەرمایەداری و بی دوورنمایی بورژوایی سەرتاپای ئەم رژیمەی داگرتوە، كەی وچون دەبی بەم وەزعە خاتیمە بدری؟ ئەوانە و زۆر پرسیاری تر لە میشكی هەموو كەسیك دا دین و دەچن هەركرێكاریكیش ئەم پرسیارانە لە خۆی بكا، رۆشن تر لە هەر كاتیك بۆی دەردەكەوی كە ئەم بۆحرانە چارە هەلنەگرە جگە لە انقلابیگری هیچ ریگا چارەیەكی تری نیە. ئەم واقعییەتە ئەمر و لە جامیعەی ئێران دا لە هەمیشە زیاتر خۆی نیشان دەداو لەگەڵ خۆی ئەركیكی تاریخی خستوەتە سەرشانی كرێكاران. پیویستی شۆڕشیكی سوسیالیستی ئیتر نەك هەر واقعییەتیكی میژوویی، بەلكوو بووەتە واقعییەتیكی ئەورویی ش.

ئەم رسالەتە جارلەگەڵ جارزیاتر لە ناو میشك و زەینی كرێكاران و زەحمەتكیشاندا رەنگ دەداتەوە. ئیتر حكوومەتی كارگەری واقعییەتیكی مەربووت بە داهاتوویەكی دوورونادیارنیە، بەڵكوو بووەتە ئارەزووی زۆربەی كۆمەلآنی زۆرلیكراو و زەحمەتكیش و بەرادەیەكی زیاتر لە جاران بە عەزم و ئیرادەی چینی كریكار و پیشرەوان و رابەرانی كریكارییەوە گری دراوە.

ئەم مەسەلەیە لە كوردستان و بۆ كرێكاران ئەرك و وزیفەی تایبەت دیاری دەكا، لیرە ١٠ سالە شۆڕشیكی چەكدرانەی زیندووی جەماوەری بەردەوامە. هاوكات لەگەڵ راوەستاوی و خەبات لە دژی جمهووری ئیسلامی كرێكارانی كوردهیرش و پیلانی بورژوازی كورد و حیزبی بورژوایی شیان تیك شكاندوەو پووچەلیان كردوەتەوە. كۆمەڵە وەك سازمانیكی كۆمۆنیستی،رۆژلەگەڵ رۆژ زیاتر تیكۆشاوە ببیتەریكخراویكی گۆنجاوبۆ كرێكارانی وشیاری كوردستان و ئەورو بە خۆشییەوە بووەتە جیگای متمانەی جەماوەری كرێكارو زەحمەتكیش.

رابەران و پیشرەوانی كرێكاری بە تایبەت لەم سالانەی دوایی دا، ئەساسەن بە بیرو بوچوونی كۆمەڵەوە پەروەردەبوون و خۆیان بە كۆمەڵە دەزانن. كرێكارانی كوردستان بە شعارو داخوازو ستراتیژی خۆیانەوە لە بەریوەبەرایەتی ئەم شۆڕشە دابەشدار بوون و بەشدارن . هەربۆیە ئیتر ئەورو لە كوردستان بە بی ئیرادەی كرێكاران ، ئال و گۆڕیك پیك نایەت شۆڕش لە كوردستان، هەم لە باری تاریخی یەوەو هەم لە باری عەمەلی یەوە، بەشیوەیەكی یەكجار زۆر بە بزووتنەوەی كرێكاری و سیاسەتی كارگەرییەوە گری دراوە.

هەموو ئەم راستی یانە لە شەرایتیك دا كە بن بەستی ناسیونالیزمی بورژوایی هەموو رۆژی زیاتر خۆی دەنوینی، گرینگی و حەساسییەتی بزووتنەوەی كارگەری لە سیمای سیاسی ئەورووداهاتوی كۆمەڵی كوردستان دا بە باشی نیشان دەدەن."

هاوری عمر لە دریژەی قسەكانی داكوتی:

ل٩




## كورتە هەلسەنگاندنیكی هەلسوورانی چەكدرانەی هیزی پیشمەرگەی كۆمەڵە لە سالّی ٦٧دا

نوزدەهەمین جەلسەی شوورای میللی فەلەستین لە الحزایر، لەبریارنامەی رۆژی ١٥ی نوامبردا، رەسمەن پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی راگەیاند.

ئەم جەرەیاتە پشتیوانییەكی بەرین و هەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شورشگیری خەلكی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەكان و حیزبە ئەمپریالیستییەكانەوە لیكرا. دەرك كردنی ئەم عەكس العەمەلەكەلەروالەت دا یەك ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە دەولەتە ئەمپریالیستییەكان بۆیە بە پیشوازی ئەم بریارنامەیە و بەگشتی بە پیشوازی سیاسەتەكانی" ساف"ەوە چوون، چونكوو ئەم بریارنامەیە" بەرەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل"و"رەت كردنەوەی تروریزم"یتیدا بوو– دوومەسەلەی كەپاشان لەلایەن سكرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشكراتریش باسی كرا سەرەكی بەخۆیەوە دیت كە بەش بە حالیخۆی تەئسیری دیاریكراوی كردە سەر هەلسووران چەكدارانەمان لە دژی هیزەكانی رژیم ئیمەسەرەتا بە كورتی ئیشارە بەهەركام لەم هۆیانەو تەئسیریان لەسەر هەلسوورانی چەكدارانەی كۆمەڵە دەكەین.

جمهووری ئیسلامی دەمیك بوو بۆ خۆ دەربازكردن لە چنگ بن بەستی شەر لە جەبهەكانی جنووب، بەناردنی هیزو كیشانی ئەوشەرەمالویرانكەرە بوجەبەهەی شیمالی و كوردستان، دەیەویست بە هەر قیمەتیك بووە، تەنانەت بەوەدەس هینانی سەركەوتنیكی بەرتەسك لیرە و لەوی، وەزعیكی گۆنجاوتر بۆ خۆی لە كوللی شەری ئێران و عیراق دا پیك بینی، ئیمكانی پەرەپیدانی نفووزی نیزامی و سیاسی لە ناوخۆی كوردستانی عیراق و كەلك وەرگرتن لەخەباتی ئەوی بۆ ئامانجی كۆنەپەرستانەی خۆی هەرچی زیاتر فەراهەم بكا و لە هەمان كات دا لە چوارچیوەی سنوورەكانی ئێرانیش دا هیز و لەشكری تازە بخزینیتە كوردستان و بەم جۆرەخەباتی چەكدارانەی خەلكی كوردستان هەرچی دانرابوو،

ل١٠